# پرۆسەی
# هاوسەرگیرییە هاوچەرخەکان

## خوێندنەوەیەکی شەرعیی و یاساییانە





نووسینی:
پرۆفیسۆر د. خالید موحەممەد ساڵح

# پرۆسەی
# هاوسەرگیرییە هاوچەرخەکان
## خوێندنەوەیەکی شەرعیی و یاساییانە

نووسینی
پڕۆفیسۆر. د. خالید موحەممەد صاڵح

٢٠٢٠_١٤٤٢

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾.

{سورة الروم: الآية: ٢١}

## پێشەکی:

بەڕێزان لای هەمووان ئاشکرایە کە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان بەردەوام لە گەشە کردن و گۆڕانکاریدایە، ئەم گەشەکردن و گۆڕانکاریەیش حاڵەتێکی سروشتییە و بەشێوەیەکی ڕەمەکی و لەدەرەنجامی گەشەپێدانی هەر نەوەیەك بەو ئامڕاز و بەهایانەی کە لەنەوەکانی پێش خۆیانەوە بۆیان جێ ماوە ڕودەدات؛ تا لەگەڵ ئەو قۆناغەی کەپێیدا گوزەر دەکەن گونجاو بێت و حەز و ئاوات و پێداویستییەکانیان بهێنێتە دی؛ هەر بۆیە گۆڕانکارییەکان تەنها یەك ڕووی ژیان ناگرێتەوە، بەڵکو سەرلەبەری لایەن و بوارەکانی دەگرێتەوە و هەر ئەمەیشە وا دەکات کە هەموو پەیامە ئاسمانییەکانیش بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵگەکان و نوێبوونەوەی نەوەکان نوێبوونەوەیان بەسەردا بێت، تا لەگەڵ خواست و پێداویستییەکانی ئەوان گونجاو بێت.

ئەوەی گرنگە لەم بوارەدا ڕەچاو بکرێت ئەوەیە کە نابێت بە پاساوی ئەم گەشە کردن و گۆڕانکارییانە سنوورەکانی شەرع و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤبوون و بەها باڵاکانی کۆمەڵگەکان ببەزێنرێت؛ بەڵکو هەرچی گەشەکردنێك کە ڕوودەدات دەبێت لەو بازنانەدا بێت.

بابەتی ئەم پەڕتووکە خوێندنەوەیەکە بۆ هەندێك لەو گۆڕانکاری و گەشەسەندنانەی کە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بەسەر پرۆسەی هاوسەرگیریدا هاتووە؛ کە بەداخەوە هەندێك لەو گۆڕانکارییانە تەواو مەترسیدارن و لەگەڵ دەقەکانی شەریعەت و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا یەك ناکاتەوە؛ بۆیە بە پێویستمان زانی لێرەدا هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەیە بۆ کۆی ئەو پرۆسە هاوسەرگیرییە هاوچەرخانە بکەین کە لەم سەردەمەدا و لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا سەریان هەڵداوە و تێیدا شێوازی ئەنجامدانی گرێبەستەکە و ئامانجەکانی و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بخەینە ڕو و لەژێر ڕۆشنایی هەموو ئەوانەدا حوکمە شەرعییەکانیان باس بکەین.

کۆی ئەو هاوسەرگیریانەیش کە لەم پەڕتووکەدا هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە بریتین لە: هاوسەرگیری مسیار (زواج المسيار)، هاوسەرگیری سیغە (زواج المتعة)، هاوسەرگیری بە

نیازی جیابوونەوە (الزواج بنية الطلاق)، هاوسەرگیری نەریتی (الزواج العرفي)، هاوسەرگیری تێکەڵ (الزواج المختلط).

هەرچەندە هیچ کام لەم جۆرە هاوسەرگیرییانە مەبەستەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری شەرعی ناپێکن و لەگەڵ بەها باڵاکان یەك ناکەنەوە و مافی هاوسەرەکانی وەکو پێویست تێدا ڕەچاو ناکرێت؛ کەچی بەداخەوە ئێستا زۆرێکیان بەپاساوی جیاواز لە وڵات و کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لە گەشەکردندان و هێدی هێدی دزەیان کردۆتە ناو کۆمەڵگەی کوردی خۆیشمانەوە و ئەگەر بەری پێنەگیرێت لەوانەیە لە داهاتوودا جێگە بە هاوسەرگیرییە شەرعییە فەرمییەکە لێژ بکات و ببێتە جێگرەوەی، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەگەر سەرهەڵدانی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانە لە شوێنەکانی خۆیدا پاساوی بوونی کۆمەڵایەتی یان دارایی یان مەزهەبی یان یاسایی هەبێت؛ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تا ئێستا پاساوێکی ئەوتۆی نییە و دەرەنجامی زۆر خراپیشی لێدەکەوێتەوە.

بەمەبستی ئاشناکردنی ئێوەی بەڕێز بەکۆی لایەنەکانی پرۆسەکان بەمیتۆدێکی شیکاری بەراوردکاری قسەیان لەسەر دەکەین و هەوڵ دەدەین سەرەڕای خستنەڕووی ئەو دەقانەی کە لەبارەیانەوە هاتوون لە قورئان و سوننەتدا و ڕاڤەکردنیان بۆچوونی زانایانیش لەبارەیانەوە بخەینە ڕو و بەخاتری پەرتنەکردنی بیری خوێنەر تەنها ئەو بۆچونانە باس دەکەین کە سەنگێکیان هەیە و جێگەی مشتومڕی زانایانن بۆچونە لاوازەکانیش تەنها پێیدا گوزەر دەکەین. پاشان بەراوردی کۆی ئەوانە دەکەین بە وەی کە یاسای باری کەسێتی عێراقی پەسەندی کردوە و کاری پێدەکات.

لەم ڕووەوە هیچ ئاماژەیەکم بە یاسای هەموارکراوی ژمارە (١٥) ی ساڵی (٢٠٠٨) نەداوە کە لەهەرێمی کوردستان کراوە؛ چونکە کۆی هەموارکردنەوەکانی ئەو یاسایە بە نەفەسێکی مێگەرایەتی توندڕەوانە کراوە و سەرەڕای ئەوەی دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ بەڵگە شەرعییەکان و بۆچوونی زانایاندا لەهەمان کاتدا دژیشە لەگەڵ ڕۆحی یاساکە و بنەما گشتییەکانیدا و لە هەندێك کاتدا دژە لەگەڵ هەندێك مادە و بڕگەکانی خودی یاساکە خۆیدا؛ هەر بۆیە یاساکە هیچ سەنگێکی شەرعی و زانستی و یاسایی نییە و لە ئێستادا

کێشەیەکی گەورەی بۆ دادوەر و دادگاکان دروست کردووە؛ بۆیە بە پێویستم نەزانی خۆم و خوێنەری بەڕێزیشی پێوە سەرقاڵ و ماندوو بکەم.

پەیکەری پەڕتووکەکەیش لە پێنج باس پێك دێت و هەر باسە و بۆ لێکۆڵینەوە لە هاوسەرگیرییەکی دیاریکراوتەرخان کراوە و تێیدا پێناسە و پاساو و پاڵنەر و خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی باس دەکەین و پاشان بۆچونی زانایانی لەبارەوە دەخەینە ڕو و لە کۆتایشدا باسێك لە هەڵوێستی یاسای باری کەسێتی دەربارەی کۆی ئەو بابەتانە دەکەین.

لەکۆتاییشدا پوختەی دەرەنجام و ڕاسپاردەکان دەخەینە ڕو و بەپێڕستی سەرچاوە و بابەتەکان کۆتایی بە پەڕەکانی پەڕتووکەکە دەهێنین.

پێم خۆشە لەم دەرفەتەدا سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە بکەم کە لەگەڵ ئەم بەرهەمە ماندوو بوون بەتایبەتی بەڕێزان کاك سەفین دەلۆیی و هێمن شاسواری و خوشکی بەڕێزمان مامۆستا هاجەر، سوپاس بۆ هەوڵ و ماندووبونیان، خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوە.

# باسی یەکەم
# گرێبەستی هاوسەرگیری

بەر لەوەی برۆینە سەر باسی پرۆسە هاوسەرگیرییە هاوچەرخەکان، سەرەتا بە پێناسەی گرێبەستی هاوسەرگیری شەرعی دەست پێدەکەین و گرنگترین بنەما و مەرجەکانی دەخەینە ڕوو، تا دواتر بە ئاسانی بتوانین خاڵە جیاواز و لەیەکچووەکانی نێوان ئەو پرۆسانەو پرۆسەی هاوسەرگیری شەرعی بخەینە ڕوو و حوکمە شەرعییەکانیان گەڵاڵە بکەین.

سەرەتا لە پێناسەوە دەست پێ دەکەین.

## یەکەم: پێناسە:

هاوسەرگیری (الزواج) لە زمانەوانیدا: لە وشەی (زوج) ە وە وەرگیراوە کە بە واتای جووت دێت و بە پێچەوانەی تاکەوەیە، هەر دوو شتێکی هاوتاو هاوتەریبی یەکتریش وەك یەك بن یان دژی یەك هەر پێی دەگوترێت جووت (زوج)، خوای گەورە دەربارەی پاداشتی بڕواداران لە قیامەتدا دەفەرموێت: ﴿وَزَوَّجْنَاهُمْ بِحُورٍ عِينٍ﴾[1]. واتە: هاوجووت و هاوسەرمان کردوون لەگەڵ ژنانێکی سپی، چاوگەورە.

بۆیە لە زمانی عەرەبیدا بەم گرێبەستە گوتراوە (عقد الزواج) چونکە نێر و مێیەکی تاك پێکەوە کۆ دەکاتەوە و دەیانکاتە جووت.

لەڕووی زاراوەیشەوە: زانایان دەربارەی پێناسەی گرێبەستی هاوسەرگیری گوتویانە: (عقد يفيد..حل استمتاع الرجل من امرأة لم يمنع من نكاحها مانع شرعي)[2]. واتە: گرێبەستێکە ڕێگە بە چێژوەرگرتنی پیاو لە ئافرەتێك دەدات کە هیچ بەربەستێکی شەرعی لە ڕێی هاوسەرگیریکردن لەگەڵیدا نییە. یان گوتویانە: (عقد بين الزوجين يحل به

---

١ - سورة الدخان: الآية (٥٤).

٢ - الحصفكي، الدر المختار، ج٣، دار الفكر، بيروت، ط٢، ١٣٨٦، ص٣.

الوطء)[١]. واتە: گرێبەستێکە لە نێوان ژن و پیاوێکدا بە هۆیەوە کاری سەرجێی لەنێوانیاندا ڕێگەپێدراو دەبێت.

ئەمانە و چەندین پێناسەی تری زانایان کە بەداخەوە مەبەست و ئامانجی گرێبەستی هاوسەرگیری تەنها لە لایەنی جەستەیی و چێژ و کاری سەرجێییدا کورت دەکەنەوە، بەبێ تێڕوانین و ئاوڕدانەوە لە ڕەهەند و ئامانجە ئایینی و ئەخلاقی و دەروونی و سۆزداری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی تری پرۆسەکە؛ هەر بۆیە یاسای باری کەسێتی عێراقی کاتێك پێناسەی پرۆسەی هاوسەرگیری دەکات ئاوڕێك لەو ئامانجانەی تری پرۆسەکە دەداتەوە و لە برگەی (١) ی مادەی (٣) دا دەڵێت: (الزواج عقد بين رجل وإمرأة تحل له شرعا، غايته إنشاء رابطة للحياة المشتركة والنسل)[٢]. واتە: هاوسەرگیری گرێبەستێکە لە نێوان ژن و پیاوێکدا ئەنجام دەدرێت کە هیچ بەربەستێکی شەرعی لەڕێی حەڵاڵبوونی ژنەکە بۆ پیاوەکە نەبێت، بەمەبەستی دروستکرتنی پەیوەندی ژیانیکی هاوبەش و خستنەوەی وەچە لە نێوانیاندا.

## دووەم: بنەما و مەرجەکان:

گرێبەستی هاوسەرگیری وەك سەرجەم گرێبەستەکانی تر بنەما و مەرجی خۆی هەیە و بەبێ بوونی ئەو بنەما و مەرجانە گرێبەستەکە دانامەزرێت و ناڕواتە بواری جێبەجێ کردنەوە؛ هەرچەندە زانایان لەسەر پۆلێنکردنی ئەو بنەما و مەرجانە کۆك نین و جیاوازی زۆریان هەیە و ئەوەی لای هەندێکیان مەرجە لای هەندێکی تریان بنەمایە و بە پێچەوانەیشەوە هەر وایە؛ بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتەکەی ئێمە تایبەت نییە بەو باسەوە خۆمان لەو وردەکارییە ئاڵۆزانە دەپارێزین و هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر ئەو بنەما و مەرجانە بکەین کەدەقی شەرعییان لەسەرە، تا لەو ڕێیەیشەوە بتوانین حوکمی هاوسەرگیرییە هاوچەرخەکان ڕوون بکەینەوە و بزانین تا چەند بنەما و

---

١ - محمد شمس الحق العظيم آبادي، عون المعبود، ج٦، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ١٤١٥، ص٢٨. هەروەها بڕوانە: محمد الشربيني ا، الإقناع في حل ألفاظ أبي شجاع، ج٢، دار الفكر، بيروت، ط، ١٤١٥، تحقيق: مكتب البحوث والدراسات، ص٣٩٩.

٢ - صباح صادق الأنباري، قانون الأحوال الشخصية العراقي رقم (١٨٨) لسنة (١٩٥٩)، ط٧، ١٩٩٩، ص٤.

مەرجەکانی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانە لە گەڵ بنەما و مەرجەکانی هاوسەرگیری شەرعییدا یەك دەکاتەوە.

گرنگترینی بنەما و مەرجەکانی هاوسەرگیری شەرعی بریتین لە:

**١- دەربڕین (الصيغة):** کە بریتییە لە دەربڕینی ڕەزامەندی زارەکی هەردوو هاوسەرەکە یان سەرپەرشتیار و بریکارەکانیان بە ئەنجامدانی گرێبەستەکە بەهەر زمان یان زاراوەیەك کە لە توانایاندا هەیە.

ئەم خاڵە بە کۆڵەکەی سەرەکی پرۆسەی هاوسەرگیری دادەنرێت و زانایان بەکۆی دەنگ وەك بنەمای سەرەکی گرێبستەکە وێنای دەکەن و لای حەنەفییەکان بە تاکە بنەمای گرێبەستی هاوسەرگیری پۆلێن دەکرێت و لەو بارەیەوە دەڵێن: (أما ركنه فهو الإيجاب والقبول من الزوجين)[1]. واتە: بنەمای دامەزراندنی گرێبەستەکە دەربڕینی ڕەزامەندی هەردوو لایە بە ئەنجامدانی گرێبەستەکە.

دەربڕینیش لە دوو تەوەر پێك دێت:

تەوەری یەکەم پێی دەگوترێت: (الإيجاب) و مەبەست لێی دەستپێشخەری و گوزارشتی لایەنی یەکەمە لەو خواستەی کەهەیەتی بە ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ لایەنی دووەم، ئیتر ئەم لایەنە ژنەکە بێت یان پیاوەکە یان بریکار یان سەرپەرشتیار جیاوازی نییە.

تەوەری دوومیش پێی دەگوترێت: (القبول) و مەبەست لێی وەڵامدانەوەی لایەنی دووەمە بۆ داخوازییەکەی لایەنی یەکەم و گوزارشتکردنێتی لە ڕەزامەندی و لارینەبوونی بە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ لایەنی یەکەم.

یاسای باری کەسێتی عێراقیش هاوڕا لەگەڵ کۆدەنگی زانایان ئەم خاڵەی بە بنەمای سەرەکی گرێبەستی هاوسەرگیری داناوە و لە مادەی (٤)ی یاساکە دا هاتووە: (ينعقد الزواج بإيجاب- يفيده لغة أو عرفا- من أحد العاقدين، وقبول من الآخر، ويقوم الوكيل مقامه)[2]. واتە: گرێبەستی هاوسەرگیری بەدەربڕینی ڕەزامەندی یەکێك لەهاوسەرەکان لەسەر

---

١ - السمرقندي (محمد بن أحمد)، تحفة الفقهاء، ج٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤٠٥، ص١١٨.

٢ - صباح صادق الأنباري، مصدر سابق، ص٦.

ئەنجامدانی گرێبەستەکە – شێوازی دەربڕینەکە لەڕووی زمانەوانییەوە یان داب و نەریتی کۆمەڵایەتییەوە بێت جیاوازی نییە- و ڕازی بوونی کەسی بەرامبەر بەو کارە دادەمەزرێت، و دەربڕینی بریکاریش لەو کارەدا هەمان حوکمی دەربڕینی کەسی خاوەن کاری هەیە.

**٢- لایەنەکانی گرێبەستەکە:** مەبەستمان لەو ژن و پیاوەیە کە گرێبەستەکە ئەنجام دەدەن و دەبێت دوو کەسی دیاریکراوی عاقڵ بن و بەیەکتر بشێن و هیچ بەربەستێکی شەرعی لەنێوانیاندا نەبێت. زانایان دەربارەی ئەم مەرجە دەڵێن: (ویشترط تعيين كل من الزوجين)[1]. واتە: پێویستە هەردوو لایەنی گرێبەستەکە دیاریکراو بن. وە دەڵێن: (شرط صحة عقد النكاح: أن يكون المعقود عليه معلوما متميزا.. وأن يكون ممن يحل نكاحه)[2]. واتە: مەرجی دروستی گرێبەستی هاوسەرگیری ئەوەیە کە دەبێت ئەو کەسەی گرێبەستەکەی لەگەڵ دەکرێت دیار و ئاشکرا بێت.. شیاو بێت بەو کەسەی کە دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجام بدات.

سەبارەت بەهەڵوێستی یاسای باری کەسێتی دەربارەی ئەم مەرجە هەرچەندە یاساکە بەڕوونی باسی لێوە ناکات بەڵام لەناواخندا بەمەرجی داناوە؛ چونکە وەك لە خاڵی پێشوودا باسمان کرد یاساکە دەربڕینی هەڵوێست و ڕەزامەندی هاوەڵەکانی بەمەرج داناوە، دیارە دەربڕینی ڕەزامەندیش بۆ ئەنجامدانی گرێبەست پێویستی بە دوو کەس هەیە کە ئەوانیش لایەنەکانی گرێبەستەکەن.

**٣- ڕەزامەندی پیاو و ئافرەتەکە بە ئەنجامدانی گرێبەستەکە (الرضى):** هەرچەندە بەڕوکەش وادەردەکەوێت کە ئەم خاڵە لەگەڵ خاڵی یەکدا دووبارە بێت بەڵام وانییە؛ خاڵی یەك باس لە دەربڕینی ڕەزامەندی ڕوکەش دەکات، ئەم خاڵەیش باس لە ڕەزامەندی دڵ و ناخ دەکات؛ چونکە مەرج نییە ئەو ڕەزامەندییەی بەڕوکەش دەگوترێت هەڵقوڵاوی ناخی کەسەکان بێت و لەوانەیە بەزۆر پێیان گوترابێت یاخود لەوانەیە بریکارەکەیان یان سەرپەرشتیارەکەیان ئەو کارەی کردبێت و ئەمان لەدڵەوە پێی ڕازی نەبن، ئەو کات ئەو دەربڕینە سەرزارەکییە هیچ بەهایەکی نابێت و گرێبەستەکەی پێ دانامەزرێت؛ بۆیە

---

١ - الخطيب الشربيني، مغني المحتاج، ج٣، دار الفكر، بيروت، ص١٤٣.

٢ - إبن زهرة الحلبي، غنية النزوع إلى علمي الأصول والفروع، مؤسسة الإمام الصادق، قم، ط١، ١٤٠٧، تحقيق: إبراهيم البهادري، ص٣٤١.

پێویستە لایەنەکانی گرێبەستەکە بەتەواوی وجودیان ڕازی بن بەو گرێبەستەی ئەنجامی دەدەن، ئەگەر نا پووچەڵ دەبێتەوە و هیچ حوکمێکی لێ وەرناگیرێت.

ئەمەیش خاڵێکی گرنگە و پێویستە هەموو لایەك باش لێی حاڵی بین کە هەر گرێبەستێکی هاوسەرگیری بە زۆر بە یەکێك لەلایەنەکانی گرێبەستەکە ئەنجام بدرێت ئەو گرێبەستە دانامەزرێت و بوون و نەبوونی چون یەکە و هیچ شوێنەوارێکی گرێبەستی هاوسەرگیری شەرعی لەسەر دروست نابێت، ئەگەر هەزار جاریش لای مامۆستایەکی ئایینی یان دادگا بەڕوکەش ئەنجام درابێت، ئەگەریش کرا و ئافرەتەکیش گوازرابوەوە ئەوە هەموو چوونە لایەکەی ئەو پیاوە بۆ لای ئافرەتەکە حوکمی زینای هەیە و هەر منداڵێکیش لێکەوتەی ئەو پرۆسەیە بێت بە ناشەرعی لەقەڵەم دەدرێت و ئەگەر پاش چەندین ساڵیش بێت هەر دەبێت هەڵبوەشێتەوە.

ئەگەریش لایەنی زۆرلێکراو پاش ماوەیەك دوای گواستنەوە ناچار بوو مل بدات و ڕازی بێت بەپرۆسەکە ئەو کات هەر دەبێت لەکاتی ڕازیبوونییەوە گرێبەستی هاوسەرگیریکەیان نوێ بکەنەوە و نابێت لەسەر گرێبەستی هاوسەرگیری یەکەم بەردەوام بن؛ چونکە ئەو گرێبەستەی یەکەم هیچ حوکمی شەرعی لێ وەرناگیرێت و وەك نەبوو ئەژمار دەکرێت و هەر بەریەك کەوتنێکیش لەو ماوەیەدا ڕوویدا بێت تاوانەکەی دەچێتە ئەستۆی لایەنی زۆرکار و لایەنی زۆرلێکراو تاوانبار نابێت.

بەڵگەی زۆریشمان لەو بارەیەوە لەبەردەستدایە لەوانە:

- عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: {أَنَّ جَارِيَةً بِكْرًا أَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَذَكَرَتْ أَنَّ أَبَاهَا زَوَّجَهَا وَهِيَ كَارِهَةٌ فَخَيَّرَهَا النَّبِيُّ ﷺ}[1]. کچێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا ﷺ و سکاڵای کرد کە باوکی بەزۆر بە شوی داوە و خۆی ڕازی نییە، پێغەمبەر ﷺ بڕیارەکەی باوکی هەڵوەشاندەوە و کچەکەی سەرپشك کرد لە بڕیاردان.

---

١ - البيهقي (أحمد بن الحسين)، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٤٦) النكاح، باب (٩٩) ما جاء في إنكاح الآباء الأبكار، مكتبة دار الباز، مكة المكرمة، تحقيق: محمد عبد القادر عطا، الحديث (١٣٤٤٧)، ص١١٧. أبو داود (سليمان بن الأشعث)، سنن أبي داود، ج٢، كتاب (٦) النكاح، باب (٢٥) في البكر يزوجها أبوها ولا يستأمرها، دار الفكر، بيروت، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد، الحديث (٢٠٩٦)، ص٢٣٢. إبن ماجة (محمد بن يزيد القزويني)، سنن إبن ماجة، ج١، كتاب (٩) النكاح، باب (١٢) من زوج إبنته وهي كارهة، دار الفكر، بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، الحديث (١٨٧٥)، ص٦٠٣.

- خەنسائی کچی خوزامیش دەگێڕێتەوە و دەڵێت: {أَنَّ أَبَاهَا زَوَّجَهَا وَهِيَ ثَيِّبٌ، فَكَرِهَتْ ذَلِكَ، فَأَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَرَدَّ نِكَاحَهَا}[١]. واتە: بێوەژن بووم و باوکم بەزۆر مارەی کردم لەپیاوێك کە نەمدەویست و پێم ناخۆشبوو؛ بۆیە چوومە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و ئەویش گرێبەستەکەی هەڵوەشاندەوە.

دواتر عەبدوڵلای کوڕی عەبباس دەڵێت: {أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ رَدَّ نِكَاحَ ثَيِّبٍ وَبِكْرٍ أَنْكَحَهُمَا أَبُوهُمَا كارهتين}[٢]. واتە: پێغەمبەری خودا ﷺ هاوسەرگیری کچێك و بێوەژنێکی هەڵوەشاندۆتەوە کەباوکیان بەزۆر بەشووی داون.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم فەرموودانەدا پێشەوا بوخاری لە صەحیحەکەیدا دەروازەیەکی تەرخان کردوە بەو بابەتە بەناونیشانی (إذا زوج إبنته وهي كارهة فنكاحه مردود)[٣]. واتە: ئەگەر کەسێك کچەکەی بەزۆر بەشوودا هاوسەرگیرییەکەی بەتاڵە.

زانایانیش هاوڕان لەسەر ئەو بابەتە:

حەنەفییەکان لەو بارەیەوە دەڵێن (وينعقد نكاح الحرة العاقلة البالغة برضاها)[٤]. واتە: گرێبەستی هاوسەرگیری ئافرەتێکی ئازادی پێگەیشتوو بەڕەزامەندی خۆی دادەمەزرێت. حەنبەلییەکانیش دەڵێن: (الشرط الرابع من شروط النكاح: التراضي من الزوجين أو من يقوم مقامهما؛ لأن العقد لهما)[٥].واتە: مەرجی چوارەم لە مەرجەکانی دروستی گرێبەستی هاوسەرگیری: ڕەزامەندی هەردوو هاوسەرەکە یان بریکارەکانیانە یە بەپڕۆسەکە؛ چونکە گرێبەستەکە بۆ ئەوانە. وەگوتویانە: (...(فإن لم يرضيا) أي الزوجان

---

١ - إبن الجارود (عبد الله بن علي بن الجارود)، المنتقى، مؤسسة الكتاب الثقافية، بيروت، ط١، ١٩٨٨، تحقيق: عبد الله عمر البارودي، الحديث (٧١٠)، ص١٧٨. البخاري (محمد بن إسماعيل)، صحيح البخاري، ج٥، كتاب (٧٠) النكاح، باب (٤٣) إذا زوج إبنته وهي كارهة فنكاحه مردود، دار إبن كثير، بيروت، ط٣، ١٩٨٧، تحقيق: مصطفى ديب البغا، الحديث (٤٨٤٥)، ص١٩٧٤. البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٤٦) النكاح، باب (١٠٠) ما جاء في إنكاح الثيب، الحديث (١٣٤٦١)، ص١١٩.

٢ - الهيثمي (علي بن أبي بكر)، مجمع الزوائد، ج٤، كتاب النكاح، باب الإستئمار، دار الكتاب العربي، بيروت، ط، ١٤٠٧، ص٢٧٩.

٣ - البخاري، صحيح البخاري، ج٥، كتاب (٧٠) النكاح، باب (٤٣) إذا زوج إبنته وهي كارهة فنكاحه مردود، ص١٩٧٤.

٤ - المرغيناني (علي بن أبي بكر)، الهداية شرح بداية المبتدى، ج١، المكتبة الإسلامية، بيروت، ص١٩٦.

٥ - إبن قدامة (عبد الله بن أحمد بن قدامة المقدسي)، الكافي في فقه إبن حنبل، ج٣، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٥، ١٩٨٨، تحقيق: زهير الشاويش، ص٢٤.

(أو) لم يرض (أحدهما لم يصح) النكاح)[١]. واتە: ئەگەر هاوسەرەکان ڕازی نەبوون، یان یەکێکیان ڕازی نەبوون گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەیان دانامەزرێت. زەیدییەکانیش دەڵێن: (شروط النكاح أربعة.. الثالث: رضى المكلفة نافذا الثيب بالنطق بماض أو ما في حكمه، والبكر بتركها حال العلم بالعقد ما يعرف به الكراهة)[٢]. واتە: مەرجەکانی دروستی گرێبەستی هاوسەرگیری چوارن.. سێیەم: ڕەزامەندی ئافرەتەکەیە؛ جا ئەگەر بێوەژن بوو دەبێت ڕاشکاوانە گوزارشت لەو ڕەزامەندییەی بکات، ئەگەریش کچ بوو دەبێت کاتێك پێی دەڵێین بۆ گرێبەستەکە شتێکی پێوە دیار نەبێت کە بەگرێبەستەکە ڕازی نییە و پێی ناخۆشە.

جا هەرچەندە حەنەفییەکان هاوڕای زانایانن لەوەی کەزۆرکردن لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا گرێبەستەکە پوچەڵ دەکاتەوە بەڵام دەڵێن ئەگەر چوونەلا و سەرجێی ڕوویدا لەنێوانیاندا ئەوکات گرێبەستەکە بەدروست ئەژمار دەکرێت.

سەبارەت بە هەڵوێستی یاسای باری کەسێتی لەو بارەیەوە، هەرچەندە یاساکە ڕەزامەندی هاوسەرەکانی بەمەرج داناوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری؛ بەڵام لەهیچ مادە و برگەیەکیدا ڕاشکاوانە باسی لەو مەرجە نەکردووە و ئەوەی لەکۆی یاساکە دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە دەقاودەق کاری بە بۆچونی حەنەفییەکان کردووە لەو ڕووەوە ڕەزامەندیی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لە دیدی یاسادا تا ئەو کاتە گرنگە کە چوونە لا ڕووی نەدابێت، خۆ ئەگەر چوونەلا ڕوویدا ئەو کات گرێبەستەکە بەدروست ئەژمار دەکرێت؛ بەڵام لایەنی زۆرلێکراو مافی ئەوەی پێ دەدرێت کە پەنا بباتە بەر دادگا و داوای هەڵوەشانەوەی گرێبەستەکەی بکات. یاساکە لە مادەی (٩) دا دەڵێت: (لا يحق لأي من الأقارب أو الأغيار إكراه أي شخص ذكرا كان أم أنثى على الزواج دون رضاه، ويعتبر عقد الزواج بالإكراه باطلا إذا لم يتم الدخول)[٣]. واتە: هیچ کەسێکی نزیك یان بێگانە نێر یان مێ بۆی نییە بەزۆر هاوسەرگیری بۆ کەسێکی تر ئەنجام بدات بەبێ ڕەزامەندی خۆی، وە هەر گرێبەستێکی هاوسەرگیری زۆری تێدا بەکار هات دانامەزرێت و بەپووچەڵ ئەژمار

---

١ - البهوتي، كشاف القناع، ج٥، ص٤٢.

٢ - الشوكاني، السيل الجرار، ج٢، ص٢٦٣-٢٦٤.

٣ - صباح صادق الأنباري، مصدر سابق، ص٩.

دەکرێت، بەمەرجێك چوونەلا و کاری سەرجێی لەنێوان هاوسەرەکاندا ڕووینەدابێت. کەواتە و بەپێی پێچەوانەی دەقەکە ئەگەر چوونەلا ڕوویدابوو ئەوکات بەدروست ئەژمار دەکرێت. دواتر یاساکە لە مادەی (٤٠) دا و کاتێك دێتە سەر باسی ئەو حاڵەتانەی کە هاوسەرەکان بۆیان هەیە داوای جیابوونەوەی لە دادگا پێ بکەین لە بڕگەی (٤) مادەکەدا دەڵێت: (إذا كان الزواج قد جرى خارج المحكمة عن طريق الإكراه، وتم الدخول)[1]. واتە: ئەگەر گرێبەستەکە لەدەرەوەی دادگا بەزۆر ئەنجامدرابوو وە چوونەلا ڕوویدابوو.

ئەم بۆچوونە یاسایش وەری گرتووە و کاری پێ دەکات زۆر هەڵەیە و لەبری چارەسەر، لە کۆمەڵێك ڕووەوە کێشەی گەورە بۆ خەڵك و بۆ خودی دادگاکان دروست دەکات؛ چونکە یاساکە پێچەوانەی کۆی ئەو دەقە شەرعییانەیە کە باسمان کرد. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە یاساکە جۆرێك لەهاندانی تێدایە لەسەر ئەنجامدانی تاوانی ئەتککردن؛ چونکە کەسی زۆرکار لەپێناو ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەی دروست بێت لەڕووی یاساییەوە پەنا دەباتە بەر ئەوەی بەزۆر بچێتە لای هاوسەرەکەی هەر وەك چۆن بەزۆر گرێبەستەکەی پێ ئەنجامداوە؛ چونکە تا ئەوە نەکات گرێبەستەکەی بە پووچەڵ ئەژمار دەکرێت و هەر کات ئەوەی کرد ئەو کات گرێبەستەکەی بەدروست ئەژمار دەکرێت، ئەمەیش زۆر دوورە لەهەموو لۆجیکێکی یاسایی و بنەمایەکی دادوەری و نەریتێکی کۆمەڵایەتی تەندروست و ڕەسەن. لەکۆتاییدا ئێمە دەزانین کە ئەنجامدانی هاوسەرگیری بەزۆر تاوانە و بەزۆر چوونەلای هەر ئافرەتێکیش بەبێ بنەما و بەڵگەیەکی شەرعی تاوانێکی لەو قورسترە، ئێستا تێ ناگەین چۆن بەپێی یاسا تاوانی دووەم تاوانی یەکەم نەك هەر دەسڕێتەوە بەڵکو خەڵاتی تاوانبارەکە دەکات و گرێبەستەکەی بە دروست بۆ لەقەڵەم دەدات؟!!؛ بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بۆ یاساکە بکرێت و لەبری ئەوە دەبێت یاساکە هاوشێوەی دەقە شەرعییەکان گرێبەستەکە بەهەموو شێوەیەك بەپووچەڵ لەقەڵەم بدات و سزای سەختی لەسەر دابنێت تا کەس جورئەت نەکات کاری لەو جۆرە ئەنجام بدات.

٤- ڕەزامەندی کەسی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە (الولی): زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە پیاوی پێگەشتوی ژیر دەتوانێت گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ خۆی و بۆ کەسانی

---

١ - صباح صادق الأنباري، مصدر سابق، ص٢٣.

دیکەیش ئەنجام بدات؛ بەڵام سەبارەت بە ئافرەت زۆربەی هەرە زۆری زانایان[١] لە مالیکییەکان و شافعییەکان و حەنبەلییەکان و زەیدییەکان و هەندێك لە شیعەی ئیمامییەکان و ئەبو یوسف لە حەنەفییەکان لەسەر ئەوەن کە ئافرەت ناتوانێت بەبێ پرس و ڕەزامەندی باوکی یان سەرپەرشتیارە شەرعییەکەی گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ خۆی یان هیچ کەسێکی تر ئەنجام بدات، تەنانەت ئیبن لمونزیر لەو بارەیەوە دەڵێت: (لا يعرف عن احد من الصحابة خلاف في اعتبار الولي)[٢]. واتە: لەهیچ هاوەڵێکی پێغەمبەرەوە ﷺ نەزانراوە کە سەرپەشتیاری بەمەرج دانەنابێت بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری.

هۆکاری جیاوازی نێوان ژن و پیاویش لەدانانی ئەم مەرجەدا ئەوەیە کە زۆربەی کات لایەنی سۆزداری بەسەر بڕیارەکانی ئافرەتدا زاڵە و ئافرەت خۆشباوەڕە و دەکرێت لەو ڕووەوە پیاوانی فێڵباز فێڵیان لێ بکەن و لەخشتەیان ببەن؛ ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە ئافرەتان ئەو چینەن کە زۆربەی کات لە کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا ستەم و نادادپەروەریان بەرامبەر دەکرێت؛ بۆیە دەبینین بەردەوام دەقە شەرعی و یاساییەکان ڕووبەڕووی پیاوان دەکرێنەوە و سەرزەنشتی ئەوان دەکات تا ستەم لە ئافرەتان نەکەن و مافەکانیان پێشێل نەکەن، هەر بۆیە بەمەرج گرتنی ئامادەبوونی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە وەك بەشێك لە پرۆسەکە و دانانی لەبەرامبەر هاوسەری ئافرەتەکەدا بۆ زیاتر بەهێزکردنی لایەنی ئافرەتەکە و پاراستن و زامنکردنی مافەکانییەتی.

دانانی ئەم مەرجەیش هیچ کات ئەوە ناگەیەنێت کە بڕیاری ئەنجامدانی پرۆسەکە یان ڕەتکردنەوەی لەدەستی کەسی سەرپەرشتیاردا بێت؛ بەڵکو بڕیاری سەرەتا و کۆتایی لەدەستی ئافرەتەکە خۆیدایە و کەسی سەرپەرشتیار ئەگەر بە بژاردەی ئافرەتەکە ڕازی بوو

---

١ - لەهاوەڵانیش پێشەوا: عمر و علي و ابن مسعود و ابن عباس و أبي هريرة، ڕەزای خوایان لێبێت بۆچوونیان وایە و لە تابیعینیش: سعيد بن المسيب و الحسن البصري و عمر بن عبد العزيز و جابر بن زيد و أهل الرأي من الكوفيين و الإمام مالك و الإمام الشافعي و الإمام أحمد، و سفيان و الثوري و ابن أبي ليلى و ابن شبرمة و ابن المبارك و عبيد الله ابن الحسن وإسحاق أبو ثور و أبو عبيد، و الطبري.

لەبەرامبەر ئەواندا ئەبو حەنیفە و زوفەر و زۆرینەی شیعەی ئیمامییەکان پێیان وایە کە کچێکی پێگەیشتوو دەتوانێت خۆی بدات بە شوو بە بێ مۆڵەتی باوکی یان سەرپەرشتیارەکەی؛ بەڵام بۆچوونەکەیان لاوازە و هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆی نییە.

٢ - الشوكاني، السيل الجرار، ج٢، ص٢٦٤.

وە هاوڕابوو لەگەڵی ئەو کات پرۆسەکە بەڕەزامەندی هەردوولا ئەنجام دەدرێت، ئەگەریش ڕازی نەبوو ئەو کات دەبێت پاساوی شەرعی و یاسایی هەبێت بۆ ڕێگرییەکەی ئەگەر هەیبوو ئەوا بەگوێی دەکەین و ئەو کات ئافرەتەکە بۆی نییە سەرپێچی بکات نەك لەبەر قسەی کەسی سەرپەرشتیار بەڵکو لەبەر ڕەچاوکردنی مەرجە شەرعی و یاساییەکان، خۆ ئەگەریش پاساوێکی ئەوتۆی نەبوو ئەو کات نابێت ڕێگری بکات ئەگەر هەر کردی ئەوکات لە شەرعدا بەسەرپەرشتیاری ڕێگر (ولي معضل) پۆلێن دەکرێت و لە سەپەرشتیاری دەکەوێت و کەسی پاش ئەو لە خزمەکانی دەبێتە سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە، خۆ ئەگەر نەبوون یان ئەوانیش ڕێگر بوون ئەو کات مافی سەرپەرشتیارییان نامێنێت و دادوەر دەبێتە سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە و مۆڵەتی پرۆسەکە دەدات.

حەنەفییەکان لەو بارەیەوە دەڵێن: (وأما إذا زوجت نفسها من كفء وبلغ الولي فامتنع من الإجازة فرفعت أمرها إلى الحاكم فإنه يجيزه)[1]. واتە: ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی هاوشانی خۆی کرد و سەرپەرشتیارەکەی کە زانی ڕەزامەند نەبوو و ڕێگری لێکرد ئەو کات ئافرەتە کێشەکەی بەرز دەکاتەوە بۆ دادگا و دادوەر بۆی ئەنجام دەدات. مالیکییەکانیش دەڵێن: (واتفقوا على أنه ليس للولي أن يعضل موليته إذا دعت إلى كفء وبصداق مثلها وأنها ترفع أمرها إلى السلطان فيزوجها)[2]. واتە: زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کەسی سەرپەرشتیار بۆی نییە ڕێگری لەو ئافرەتە بکات کە سەرپەرشتی دەکات ئەگەر ئافرەتەکە ویستی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی هاوشانی خۆی و بەمارەیی کەسانی هاوشێوەی خۆی بکات - خۆ ئەگەر ڕێگری کرد- ئەوکات ئافرەتەکە کێشەکەی بەرز دەکاتەوە بۆ لای دادوەر و ئەو بەشوی دەدات. شافعییەکانیش دەڵێن: (وإنما يحصل العضل من الولي إذا دعت بالغة عاقلة... إلى كفء وامتنع الولي من تزويجه)[3]. واتە: کەسی سەرپەرشتیار بەوە دەبێتە ڕێگر کە ئافرەتێکی ژیری پێگەیشتو بییەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی هاوشانی خۆی بکات و سەپەرشتیارەکەی ڕێگری لێ بکات. حەنبەلییەکانیش دەڵێن: (إذا اختارت كفؤا واختار الولي غيره يقدم الذي اختارته فإن امتنع من تزويجه كان

---

١ - الكاساني، بدائع الصنائع، ج٢، ص٢٤٨.

٢ - إبن رشد القرطبي (محمد بن أحمد)، بداية المجتهد ونهاية المقتصد، ج٢، دار الفكر، بيروت، ص١٢.

٣ - محمد الشربيني، مغني المحتاج، ج٣، ص١٥٣.

عاضلا)[١]. واتە: ئەگەر ئافرەتەکە کەسێکی هاوشانی خۆی هەڵبژارد بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ بکات و سەرپەرشتیارەکەی دەیویست بیدات بەکەسێکی تر، ئەوەیان لەپێشترە کە ئافرەتەکە خۆی پەسەندی دەکات خۆ ئەگەر سەرپەرشتیارەکەی ڕازی نەبوو بەشووی بدات بەڕێگر ئەژمار دەکرێت. ئیمامییەکانیش دەڵێن: (لو عضلها الولي أي منعها من التزويج بالكفء... تسقط ولايته ويجوز لها أن تزوج نفسها بلا خلاف)[٢]. واتە: ئەگەر سەرپەرشتیارەکەی ڕێگر بوو لەوەی ئافرەتەکە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی هاوشانی خۆی بکات ئەو کات لە سەرپەرشتیاری دەکەوێت و خۆی بۆ خۆی دەتوانێت هاوسەرگیری بکات[٣].

کەواتە و بەپێی ئەم دەقانە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆڵی سەرپەرشتیار زیاتر ڕاوێژکارییە و ڕەزامەندی ئافرەتەکە خۆی سەنگی مەحەکە و ناکرێت لەژێر هیچ پاساوێکدا زۆری لێبکرێت.

بەڵام مەرجە سەرەتا کەسی سەرپەرشتیار پرسی پێبکرێت و لە پرۆسەکە ئاگادار بکرێتەوە و پشتگوێ و پەراوێز نەخرێت، خۆ ئەگەر ئەوە نەکرا ئەو کات گرێبەستەکە دروست نییە و دانامەزرێت:

مالیکییەکان لەو بارەیەوە دەڵێن: (لا يجوز للمرأة أن تباشر عقد نكاحها بنفسها دون وليها، ولا أن تعقد نكاح غيرها)[٤]. واتە: دروست نییە ئافرەت بە بێ سەرپەرشتیار گرێبەستی هاوسەریری بۆ خۆی یان کەسێکی تر ئەنجام بدات. شافیعییەکانیش دەڵێن: (لا تزوج إمرأة نفسها بإذن، ولا غيرها بوكالة)[٥]. واتە: ئافرەت ناتوانێت خۆی یان هیچ ئافرەتێکی تر لەکەس مارە بکەت ئەگەر چی ڕێگەپێدراو یان بریکاریش بێت. حەنبەلییەکانیش دەڵێن: (لو زوجت المرأة نفسها أو غيرها لم يصح)[٦]. واتە: ئەگەر

---

١ - المرداوي (علي بن سليمان)، الإنصاف، ج٨، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: محمد حامد الفقي، ص٧٥.

٢ - محمد صادق الروحاني، فقه الصادق، ج٢١، مؤسسة دار الكتاب، قم، ط٣، ١٤١٤، ص ١٦٢.

٣ - دیارە ئەم برگەیەی کۆتایی کە ئافرەتەکە خۆی خۆی بەشوو بدات بۆچوونی تایبەتی شیعەکانە و هیچ بەڵگەیەکی شەرعی دروستی لەسەر نییە.

٤ - إبن عبد البر (أبو عمر يوسف بن عبد الله)، التمهيد، ج١٩، طبعة وزارة الأوقاف، المغرب، ط، ١٣٨٧، تحقيق: مصطفى بن أحمد العلوي، محمد عبد الكبير البكري، ص٨٤.

٥ - النووي (يحيى بن شرف النووي)، منهاج الطالبين، دارالمعرفة، بيروت، ص٩٦.

٦ - المرداوي (علي بن سليمان المرداوي)، الإنصاف، ج٨، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: محمد حامد الفقي، ص٦٦.

ئافرەتێك خۆی یان کەسێکی تری بەشوودا گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەی دانامەزرێت. زەیدییەکانیش دەڵێن: (يكون النكاح بغير ولي باطلا)[1]. واتە: هاوسەرگیری کردن بەبێ بوونی سەرپەرشتیار پوچ و نادروستە.. ئیمامییەکانیش دەڵێن: (وفي أصحابنا من قال إذا كانت بكرا لا يجوز لها العقد على نفسها إلا بإذن أبيها)[2]. واتە: هەندێك لە هاوەڵانی ئێمە دەڵێن ئەگەر ئافرەتێك کچ بوو بەمۆڵەتی باوکی نەبێت ناتوانێت گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ خۆی ئەنجام بدات.

زانایان لەو بۆچونەیاندا پشتیان بەکۆمەڵێك بەڵگە بەستوە لەوانە:

- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِي أَزْوَاجِهِمْ﴾[3]. قەتادە لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (كان مما فرض الله عليهم أن لا تزوج امرأة إلا بولي، وصداق، ثم شاهدي عدل)[4]. واتە: ئەوەی کەخوای گەورە فەرزی کردوە لەسەریان ئەوەیە کە نابێت ئافرەت بەبێ ڕەزامەندی سەرپەرشتیار و مارەیی و بوونی دوو شاهیدی متمانە پێکراو هاوسەرگیری بکات.

- پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: {لا نِكَاحَ إلا بِوَلِيٍّ}[5]. واتە: هیچ هاوسەرگیرییەك بەبێ ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە بوونی نییە و دانامەزرێت. ئیبن عەبدولبیڕ لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: (ولا يجوز للمرأة أن تباشر عقد نكاحها بنفسها دون وليها ولا أن تعقد نكاح غيرها)[6]. واتە: ئافرەت بۆی نییە بەبێ ڕەزامەندی سەرپەرشتیارەکەی گرێبەستی هاوسەرگیری بۆخۆی یان هیچ کەسێکی تر

---

١ - الشوكاني، نيل الأوطار، ج٦، دار الجيل، بيروت، ط، ١٩٧٣، ص٢٥١.

٢ - الطوسي، المبسوط في فقه الإمامية، ج٤، المكتبة المرتضوية، طهران، تحقيق: محمد تقي الكشفي، ص١٥٦.

٣ - سورة الأحزاب: الآية ٥٠.

٤ - الطبري (محمد بن جرير)، تفسير الطبري، ج٢٢، دار الفكر، بيروت، ط، ١٤٠٥، ص٢٤.

٥ - إبن الجارود، المنتقى، الحديث (٧٠١-٧٠٦)، ص١٧٦. إبن حبان (محمد بن حبان بن أحمد)، صحيح إبن حبان، ج٩، كتاب (١٤) النكاح، باب (١) الولي، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط٢، ١٤١٤، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، الحديث (٤٠٧٥)، ص٣٨٦. الترمذي (محمد بن عيسى)، سنن الترمذي، ج٣، كتاب (٩) النكاح، باب (١٤) ما جاء لا نكاح إلا بولي، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، ص٤٠٧.

٦ - إبن عبد البر، التمهيد، ج١٩، ص٨٤.

ئەنجام بدات. صەنعانیش دەڵێت: (والحديث دل على أنه لا يصح النكاح إلا بولي)[١]. فەرمودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هیچ هاوسەرگیرییەك بەبێ بوونی کەسی سەپەرشتیار بوونی نییە و دروست نییە.

- وە لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمویێت: {أَيُّمَا امْرَأَةٍ نُكِحَتْ بِغَيْرِ إِذْنِ وَلِيِّهَا فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ}[٢]. واتە: هەر ئافرەتێك بەبێ مۆڵەتی سەرپەرشتیارەکەی هاوسەرگیری کرد، هاوسەرگیرییەکەی دروست نییە، دروست نییە، دروست نییە. مەنناوی لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: (أي فعقدها باطل.. كرره لتأكد إفادة فسخ النكاح من أصله...فيفسخ بعد العقد، ويفسخ بعد الدخول، ويفسخ بعد الطول والولادة)[٣]. واتە: گرێبەستەکەیان دروست نییە و هەڵدەوشێتەوە.. بۆیە - پێغەمبەری خودا ﷺ- دووبارەی کردۆتەوە تا جەخت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بکاتەوە لە بنەڕەتەوە.... بۆیە پێویستە لە دوای ئەنجامدانی گرێبەستەکە هەڵبوەشێتەوە، ئەگەر نا دەبێت دوای گواستنەوە و چوونەلا هەر هەڵبوەشێتەوە، ئەگەر نا دەبێت دوای پێکەوە بوون و منداڵبوونیش هەر هەڵبوەشێتەوە.

- وە دەفەرمویێت: {لاَ تُزَوِّجُ الْمَرْأَةُ الْمَرْأَةَ وَلاَ تُزَوِّجُ الْمَرْأَةُ نَفْسَهَا فَإِنَّ الزَّانِيَةَ هِيَ الَّتِي تُزَوِّجُ نَفْسَهَا}[٤]. واتە: ئافرەت ئافرەت بەشوو نادات، وە ئافرەت خۆیشی بەشوو نادات، وە ئەوەی خۆی خۆی بە شوو دەدات بە داوێن پیس و زیناکار ئەژمار دەکرێت.

ئەم بەڵگانە هەموویان ڕاست و ڕاشکاون لەسەر ئەوەی کە ئافرەت ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی سەرپەرشتیارەکەی خۆی بەشوو بدات و ئەگەریش کاری وای کرد ئەو کات

---

١ - الصنعاني (محمد بن إسماعيل)، سبل السلام، ج٣، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط٤، ١٣٧٩، تحقيق: محمد عبد العزيز الخولي، ص١١٧.

٢ - إبن حبان، صحيح إبن حبان، ج٩، كتاب (١٤) النكاح، باب (١) الولي، الحديث (٤٠٧٤)، ص٣٨٤. البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٤٦) النكاح، باب (٩٧) لا نكاح إلا بولي، الحديث (١٣٣٧٦)، ص١٠٥. الدار قطني (علي بن عمر)، سنن الدارقطني، ج٣، كتاب (١٥) النكاح، الحديث (٢٠) دار المعرفة، بيروت، ط، ١٩٦٦، تحقيق: عبد الله هاشم اليماني، ص٢٢٦.

٣ - عبد الرؤوف المناوي، فيض القدير شرح الجامع الصغير، ج٣، المكتبة التجارية الكبرى، مصر، ط١، ١٣٥٦، ص١٤٣.

٤ - البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٤٦) النكاح، باب (٩٧) لا نكاح إلا بولي، الحديث (١٣٤١٠-١٣٤١٤)، ص ١١٠. إبن ماجة (محمد بن يزيد)، سنن إبن ماجة، ج١، كتاب (٩) النكاح، باب (١٥) لا نكاح إلا بولي، دار الفكر، بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، الحديث (١٨٨٢)، ص٦٠٦.

گرێبەستەکەی هەڵدەوەشێتەوە و دانامەزرێت و ئەگەریش بەردەوام بوو لەسەری ئەوکات بە داوێن پیس و زیناکار ئەژمار دەکرێت.

سەبارەت بە هەڵوێستی یاسای باری کەسێتی عێراقی: یاساکە لەهیچ ماددەیەك یان برِگەیەکدا ئاماژەی بەڕۆڵ و گرنگی و بەهای بوونی سەرپەرشتیار نەکردوە و تەنها گرنگی بە بڕیاری لایەنەکانی گرێبەستەکە خۆیان داوە؛ هەر بۆیە نە وەك بنەمای پرۆسەکە سەیری کردووە و نە بەمەرجیشی داناوە مەگەر لەهەندێك حاڵەتی تایبەت و لەمەودایەکی زۆر سنورداردا نەبێت، وەك ئەوەی کەسەکە باری دەروونی تەواو نەبێت یاخود تەمەنی یاسایی کە (١٨) ساڵە تەواو نەکردبێت، ئەوکات دادگا ڕاوێژ بە سەرپەرشتیارەکەی دەکات بەڵام لەم حاڵەتانەیشدا بڕیاری سەرەتا و کۆتایی لای دادوەر خۆیەتی و بۆی هەیە پابەند نەبێت بە بۆچوونی سەرپەرشتیارەکەیەوە، ئەمەیش بەپێی برِگەی (١)ی مادەی (٨) لە یاسای باری کەسێتی عێراقی کەدەڵێت: (إذا طلب من أكمل الخامسة عشرة من العمر الزواج فللقاضي أن يأذن به إذا ثبت له أهليته وقابليته البدنية بعد موافقة وليه الشرعي، فإذا إمتنع الولي طلب القاضي منه موافقته خلال مدة يحددها له، فإن لم يعترض، أو كان إعتراضه غير جدير بالإعتبار أذن القاضي بالزواج)[١]. واتە: ئەگەر کەسێك تەمەنی پازدە ساڵی تەواو کردبوو داوای هاوسەرگیری کرد، پاش وەرگرتنی مۆڵەتی سەرپەرشتیارەکەی دادوەر بۆی هەیە ڕێگەی پێبدات، خۆ ئەگەر سەرپەرشتیارەکەی ڕەزامەندی دەرنەبڕی دادوەر ماوەیەکی بۆ دیاری دەکات تا ڕەزامەندی دەرببڕێت، ئەگەر لەو ماوەیەدا هیچ ڕەخنەیەك یان ڕێگرییەکی دەرنەبڕی، یان ڕێگرییەکەی جێی بایەخ نەبوو دادوەر ڕێگە بەهاوسەرگیرییەکە دەدات.

ئەم هەڵوێستەی یاسایش سەرەڕای ئەوەی تەواو پێچەوانەی ئەو دەقە شەرعییانەیە کە پێشتر باسمان کردون، پێچەوانەی کۆدەنگی زانایان و ئەو بنەما گشتیانەیشە کە یاساکە لەسەری دامەزراوە، کە یاساکە لەبنەڕەتدا هەڵقوڵاوی شەریعەی ئیسلامییە و نابێت هیچ دەقێکی پێچەوانەی حوکمەکانی ئیسلام بێت.

---

١ - صباح صادق الأنباري، مصدر سابق، ص٩.

تەنانەت ئەو کەمینە زۆر کەمە لە زانایانی حەنەفی و شیعەکان کە ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری ئافرەتیان بەمەرج دانەناوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە؛ بەو شێوەیەی یاساکە بەڕەهایی مۆڵەتیان بەئافرەتەکە نەداوە کە گرێبەستەکە ئەنجام بدات بەبێ ئەوەی سەرپەرشتیارەکەی هیچ مافێکی ڕادەربڕینی هەبێت؛ بەڵکو ئەو مافەیان بەکەسی سەرپەرشتیار داوە کە هەر کات ڕەخنەی لە هاوشانی بوونی کوڕەکە و بنەماڵەکەی بۆ کچەکەی ئەم و بنەماڵەکایان هەبوو، یاخود ڕەخنەی لە ڕێژەی مارەیی کچەکەی هەبوو کە لە مارەیی کەسانی هاوشێوەی کچەکەی کەمتر بوو، ئەو کات ڕەخنەکەی بە هەند وەردەگیرێت و گوێی بۆ دەگیرێت و گرێبەستەکە لەسەر داوای کەسی سەرپەرشتیاری کچەکە هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام یاساکە ئاماژەی بە هیچ کام لەو حاڵەتانە نەداوە.

حەنەفییەکان خۆیان لەو بارەیەوە دەڵێن: (و إن تزوجت من غير كفء ففي النفاذ ضرر بالأولياء، و في عدم النفاذ ضرر بها...، و الأصل في الضررين إذا اجتمعا أن يدفعا ما أمكن، و ههنا أمكن دفعهما بأن نقول بنفاذ النكاح دفعا للضرر عنها، و بعدم اللزوم و ثبوت ولاية الاعتراض للأولياء دفعا للضرر عنهم)[١]. واتە: ئەگەر ئافرەتەکە شووی بەکەسێك کرد کە هاوشانی نەبوو، ئەگەر ڕێگەی پێ بدەین سەرپەرشتیارەکانی زیانییان پێ دەگات، ئەگەریش ڕێگەی پێ نەدەین زیان بەئافرەتەکە دەگات، هەرکاتێکیش دوو زیان پێکەوە کۆبوونەوە پێویستە تا دەتوانین خۆمان لەهەردووکیان بپارێزین، لێرەشدا دەتوانین ئەوە بکەین بەوەی بڵێین هاوسەرگیرییەکە دروستە بۆ ئەوەی ئافرەتەکە زیانی بەرنەکەوێت، لەهەمان کاتدا بڵێین کەسی سەرپەرشتیار مافی ڕەخنەگرتنی هەیە و بۆی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکات تا ئەوانیش زیانیان بەر نەکەوێت. شیعەکانیش دەڵێن: (ولا تعقد البكر على نفسها بغير إذنهما، فإن عقدت وأبيا العقد انفسخ)[٢]. واتە: هیچ کچێك بەبێ پرسی باوك و باپیری بۆی نییە خۆی بەشوو بدات، خۆ ئەگەر کردی و ئەوان ڕازی نەبوون ئەو کات گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

---

١ - الكاساني (علاء الدين الكاساني)، بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، ج٢، دار الكتاب العربي، بيروت، ط٢، ١٩٨٢، ص٢٤٩.

٢ - إبن زهرة الحلبي، غنية النزوع، ص٣٤٤.

ئەمە جگە لەوەی کە ئەو جۆرە فەتوایانە بۆ سەردەمی خۆیان دراوە کە تێیدا یاساکانی شەرع تێیدا سەروەر بووە و خەڵکی تێیدا پابەندبوون بە ڕەوشت و بەها باڵاکانەوە و ئێستا ژیانی خەڵك و کۆمەڵگەکان تەواو پێچەوانە بۆتەوە و هەموویشمان دەزانین کە فەتوا بەپێی کات و شوێن گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

هەر بۆیە هەر گرێبەستێکی هاوسەرگیری بەپێی ئەو یاسایە و بەبێ مۆڵەتی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە ئەنجام بدرێت بەتاڵە و نادروستە و هیچ لێکەوتەیەکی شەرعی لێ ناکەوێتەوە و ئەو دوو کەسە بەو گرێبەستە لێك حەڵاڵ نابن، ئەگەر هەزار دادوەر و لەهەزار دادگایش مۆڵەت درابێت.

کەواتە یاساکە لەم ڕووەوە پێویستی بە چاکسازی و هەموارکردنەوە هەیە و پێویستە دەقێکی بۆ زیاد بکرێت کە بەڕوونی بوونی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە و ڕەامەندی بۆ دروستی گرێبەستەکە بەمەرج دابنێت؛ ئەمەیش لە پێناو ئەوەی کە یاساکە لەگەڵ دەقە شەرعییەکان و بنەماکانی خۆی یەك بکاتەوە ورێگە بەو دیاردانە بگرێت کە خەریکە دزە دەکاتە ناو کۆمەڵگەکانمانەوە بەتایبەتی ئەو بەناو هاوسەرگیرییانەی کە بەشێوەی نهێنی و دوور لە ئاگای کەسوکاری هاوسەرەکان ئەنجام دەدرێن و مەبەستی سەرەکی تێیاندا زیاتر تێرکردنی ئارەزووەکانە نەك شتێکی تر و هەمیشەیش بە زیانی ئافرەتەکان کۆتایی دێت.

**٥- بوونی دوو شاهید لەسەر ئەنجامدانی گرێبەستەکە:** ئەمەیش لای زۆرینەی زانایان بە بنەمای پێنجەمی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەژمار دەکرێت[١]. بەو پێیەیش پێویستە لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکەدا دوو شاهیدی پیاوی ژیری پێگەیشتوو یاخود پیاوێك و دوو ئافرەت ئامادەی ئەنجامدانی گرێبەستە و ئاگاداری وردەکاری ڕێژەی مارەیی و کۆی مەرجەکانی بن، هیچ کاتێکیش شاهیدی ئافرەتێك هاوتای شاهیدی پیاوێك نابێت لەهاوسەرگیریدا و دەبێت شاهیدەکان دوو پیاو بن، یان پیاوێك و دوو ئافرەت، یان چوار ئافرەت بن و هەر هاوسەرگیرییەك بەشاهیدی دوو ئافرەت یان سێ ئافرەت ئەنجام بدرێت دروست نییە و پووچەڵ دەبێتەوە.

---

١ - تەنها ظاهیری و شیعەکان بوونی شایەتیان بەمەرج دانەناوە و گوتویانە سوننەتە و بۆچوونەکەیشیان سەرەڕای ئەوەی بەڵگەیەکی ئەوتۆی لەسەر نییە دژە بەکۆی ئەو بەڵگانەی کە لەوە بارەیەوە هاتوون.

بەڵگەی زانایانیش بۆ دانانی ئەم مەرجە زۆرە لەوانە:

پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمویەتی: {لَا نِكَاحَ إِلَّا بِوَلِيٍّ وَشَاهِدَيْ عَدْلٍ، وَمَا كَانَ مِنْ نِكَاحٍ عَلَى غَيْرِ ذَلِكَ فَهُوَ بَاطِلٌ}[1]. واتە: هیچ هاوسەرگیرییەك بەبێ ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە و بوونی دوو شاهیدی دادپەروەر دروست نییە و دانامەزرێت، هەر هاوسەرگیرییەکیش ئەو مەرجانەی تێدا نەبوو بە پوچەڵ ئەژمار دەکرێت و دانامەزرێت.

پێشەوا ترمذی لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: (العمل عليه عند أهل العلم من أصحاب النبي ﷺ ومن بعدهم من التابعين وغيرهم، قالوا: لا نكاح إلا بشهود)[2]. واتە: ئەم فەرموودەیە لای زانایان لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و شوێنکەوتوانی دوای ئەوان و زانایانی تریش کارپێکراوە و هەموویان لەسەر ئەوە بوون کە هیچ هاوسەرگیرییەك بەبێ بوونی شایەت دروست نییە و دانامەزرێت.

حەنەفییەکان لەو بارەیەوە دەڵێن: (ولا ينعقد نكاح المسلمين إلا بحضور شاهدين حرين عاقلين بالغين مسلمين رجلين أو رجل وامرأتين)[3]. واتە: گرێبەستی هاوسەرگیری خەڵکانی موسوڵمان بەبێ ئامادەبوونی دوو شاهیدی پیاوی ئازادی ژیری پێگەیشتووی موسوڵمان یان پیاوێك و دوو ژن نەبێت دانامەزرێت. مالیکییەکانیش دەڵێن: ((..و) لا نكاح إلا بشهادة (شاهدي عدل) ويستحب إشهادهما عند العقد (فإن لم يشهدا في) حضرة (العقد فلا يبن) أي يحرم عليه أن يختلي (بها حتى يشهد)...)[4]. واتە:.. (و) هیچ هاوسەرگیریەك دانامەزرێت بەبێ بوونی ( دوو شاهیدی دادپەروەر) و واباشترە شاهیدکان کاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکە ئامادەبن (خۆ ئەگەر لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکەدا ئامادە نەبوون) ئەو کات پیاوەکە بۆی نییە هیچی لەگەڵ بکات تا (تا شاهید پەیدا نەکات)... شافیعییەکانیش

---

١ - إبن الجارود، المنتقى، الحديث (٧٠١- ٧٠٦)، ص١٧٦. إبن حبان (محمد بن حبان بن أحمد)، صحيح إبن حبان، ج٩، كتاب (١٤) النكاح، باب (١) الولي، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط٢، ١٤١٤، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، الحديث (٤٠٧٥)، ص٣٨٦. الترمذي (محمد بن عيسى)، سنن الترمذي، ج٣، كتاب (٩) النكاح، باب (١٤) ما جاء لا نكاح إلا بولي، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، ص٤٠٧.

٢ - الترمذي، سنن الترمذي، ج٣، كتاب (٩) النكاح، باب (١٥) ما جاء لا نكاح إلا ببينة، الحديث (١١٠٤)، ص٤١١.

٣ - المرغيناني، بداية المبتدي، ص٥٨.

٤ - النفراوي (أحمد بن غنيم بن سالم)، الفواكه الدواني، ج٢، دار الفكر، بيروت، ط، ١٤١٥، ص٤.

دەڵێن: (ولا يصح النكاح إلا بشاهدين)[١]. واتە: هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیری بەبێ ئامادەبوونی دوو شاهید دانامەزرێت. حەنبەلییەکانیش دەڵێن: (و لا ينعقد إلا بشهادة ذكرين...عدلين)[٢]. واتە: گرێبەستی هاوسەرگیری بەبێ ئامادەبوونی دوو شاهیدی پیاوی.. دادپەروەر نەبێت دانامەزرێت. زەیدییەکانیش دەڵێن: (وشروط النكاح أربعة..الثاني إشهاد عدلين..أو رجل وامرأتين)[٣]. واتە: مەرجەکانی بەستنی گرێبەستی هاوسەرگیری چوارن...دووەم: بونی دوو شاهیدی پیاوی دادپەروەر.. یان پیاوێك و دوو ئافرەت) .

سەبارەت بەهەڵوێستی یاسای باری کەسێتی دەربارەی بوونی شایەت، یاساکە لەسەر بەڵگە شەرعییەکان ڕۆیشتوە و لە برگەی (١) لقی (د) ی مادەی شەشدا کە باس لەمەرجە یاسایی و شەرعییەکانی پرۆسەکە دەکات دەڵێت: (شهادة شاهدين متمتعين بالأهلية القانونية على عقد الزواج)[٤]. واتە: بوونی دوو شاهید لەسەر ئەنجامدانی گرێبەستەکە بە مەرجێك شیاوی و لێهاتوویی یاساییان هەبێت.

٦- هاوشانیبوون (الكفاءة): مەبەست لەم مەرجە ئەوەیە کە پێویستە هاوسەرەکان هاوشانی یەك بن لە سیفات و ئاکارە جوان و بەرزەکاندا بە تایبەتی لە ڕووی ئایین و ڕەوشتەوە، کاتێکیش دەڵێین ئاین تەنها نازناو یان ناسنامە بۆ دینداری قبوڵ نییە؛ بەڵکو پێویستە کەسەکە باوەڕی تەواوی هەبێت بە هەموو ئەو شتانەی کە دەیخەنە بازنەی باوەڕەوە و پابەند بێت بە ئاکار و ڕەوشتە ئیسلامییەکانەوە و دوور بێت لەهەر گوناهێك کە لە بازنەی باوەڕ بیباتە دەرەوە، یا خود لە گەڵ ڕەوشتی بەرزی موسوڵمانبوون یەك نەکاتەوە؛ هەر بۆیە پیاوێکی بێ دین یان بەد ڕەوشت بە هاوشانی ئافرەتێکی دینداری ڕەوشت بەرز ئەژمار ناکرێت و بۆی نییە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، بەپێچەوانەیشەوە هەر وایە[٥].

---

١ - الشيرازي (إبراهيم بن علي بن يوسف)، المهذب، ج٢، دار الفكر، بيروت، ص٤٠.

٢ - إبن ضويان (إبراهيم بن محمد)، منار السبيل، ج٢، مكتبة المعارف، الرياض، ط٢، ١٤٠٥، تحقيق: رياض القلعجي، ص١٤٥.

٣ - الشوكاني، السيل الجرار، ج٢، ص٢٦٣.

٤ - صباح صادق الأنباري، مصدر سابق، ص٦-٧.

٥ - بەپێی ئەم مەرجەیش پیاوێکی موسوڵمان بۆی هەیە ئافرەتێکی موسوڵمان یان مەسیحی یان جولەکە بهێنێت؛ بەڵام ئافرەتێکی موسوڵمان بۆی نییە شوو بە هیچ پیاوێك بکات جگە لە موسوڵمان نەبێت.

بەڵگەکانی دانانی ئەم دوو مەرجەیش زۆرن لەوانە:

- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَنْكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ وَلَأَمَةٌ مُؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلَا تُنْكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُوا وَلَعَبْدٌ مُؤْمِنٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُولَئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ﴾[1]. واتە: هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانی بێباوەڕ مەکەن تا باوەڕ نەهێنن و ئافرەتێکی کەنیزەکی بڕوادار باشترە لە ئافرەتێکی بێباوەڕی هەڵکەوتو کە جوانی و دەوڵەمەندی و سیفاتە دونیاییەکانی سەرسامتان بکات، وە ژنیش بە پیاوانی بێباوەڕ مەدەن تا باوەڕ نەهێنن، وە پیاوێکی کۆیلەی بڕوادار باشترە لە پیاوێکی بێباوەڕی هەڵکەوتو کە جوانی و دەوڵەمەندی و سیفاتە دونیاییەکانی سەرسامتان بکات؛ چونکە بێباوەڕان ژن و پیاویان خەڵکی بەرەو دۆزەخ دەبەن و بانگ دەکەن.

- لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿الْخَبِيثَاتُ لِلْخَبِيثِينَ وَالْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَاتِ وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ وَالطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ﴾[2]. واتە: ئافرەتانی داوێن پیس و بەد ڕەوشت بۆ پیاوانی داوێن پیس و بەد ڕەوشت، وە پیاوانی داوێن پیس و بەد ڕەوشتیش بۆ ئافرەتانی داوێن پیس و بەد ڕەوشت، ئافرەتانی داوێن پاك و ڕەوشت بەرزیش بۆ پیاوانی داوێن پاك و ڕەوشت بەرز و پیاوانی داوێن پاك و ڕەوشت بەرزیش بۆ ئافرەتانی داوێن پاك و ڕەوشت بەرز.

- پێغەمبەری خودایش ﷺ لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت: {إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ، إِلاَّ تَفْعَلُوا تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَفَسَادٌ عَرِيضٌ}[3]. واتە: ئەگەر کەسێك لە ئایین و ڕەوشتی ڕازیبوون داوای ژنی لێکردن ژنی پێ بدەن، ئەگە وانەکەن ئەوە خراپە و ناپاکیی زۆر بەزەویدا بڵاو دەبێتەوە.

سەبارەت بە قسەی زانایانیش لەو بارەیەوە: مالکییەکان دەڵێن: (الكفاءة أمران (الدين) أي التدين أي كونه ذا دين.. (والحال) أي السلامة من العيوب التي توجب لها الخيار في

---

١ - سورة البقرة: الآية (٢٢١).

٢ - سورة النور: الآية (٢٦).

٣ - الترمذي (محمد بن عيسى)، سنن الترمذي، ج٣، كتاب (٩) النكاح، باب (٣) إذا جاءكم من ترضون دينه فزوجوه، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، الحديث (١٨٠٣)، ص٣٩٤. البيهقي (أحمد بن الحسين بن علي)، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٤٦) النكاح، باب (٦٤) الترغيب في التزويج من ذي الدين والخلق المرضي، مكتبة دار الباز/ مكة المكرمة- تحقيق: محمد عبد القادر عطا، الحديث (١٣٢٥٩)، ص٨٢.

الزوج)[١]. واتە: مەرجی هاوشانیبوون تەنها دووشت دەگرێتەوە: (ئایین) واتە کەسێکی دیندار دیندار بێت (وە باری تەندروستی) واتە: نەنگی و نەخۆشییەکی ئەوتۆی نەبێت کە ئافرەتەکە بەهۆیەوە بتوانێت داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکات. شافیعییەکانیش دەڵێن: (واعتبار الکفاءة في الدین متفق علیه)[٢]. واتە: مەرجی هاوشانیبوون لە ئایینداکۆدەنگی زانایانی لەسەرە. زەیدییەکانیش دەڵێن: (المعتبر هو الکفاءة في الدین والخلق)[٣]. واتە: مەرجی هاوشانیبوون تەنها ئایین و ڕەوشت دەگرێتەوە.

یاسای باری کەسێتی عێراقیش هەرچەندە بە دەقێکی سەربەخۆ باسی لەم مەرجە نەکردووە بەڵام لەناوەڕۆکی یاساکەدا ڕەچاوی کردوە هەر وەك ئەوەی کە لە مادەی (١٧)ی دەڵێت: (یصح للمسلم أن یتزوج کتابیة، ولا یصح زواج المسلمة من غیر المسلم)[٤]. واتە: دروستە پیاوی موسوڵمان هەوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی مەسیحی یان جولەکە ئەنجام بدات وە دروست نییە ئافرەتی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێك بکات کە موسوڵمان نەبێت.

ئەم دەقەیش ئەوە دەگەیەنێت کە یاساکە ڕەچاوی هاوشانیبوونی کردوە لە ئایندا؛ بەڵام خۆی لە بابەتی ڕەوشت نەداوە کە دەبوو بەدەق باسی بکردایە هەروەك لەدەقە شەرعییەکاندا باس کراوە.

جگە لە ئایین و ڕەوشتیش کە دوو مەرجی سەرەکین بۆ هاوشانیبوون زانایان کۆمەڵێك خاڵی تریان باس کردووە و پێیان باشبووە هاوسەرەکان تێیدا هاوشانی یەکتر بن لەوانە: جوانی، پیشە، ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری، بنەماڵە و کەسایەتی کۆمەڵایەتی، دەوڵەمەندی و باری دارایی، ڕەچەڵەك و بنەچە. هەرچەندە ئەمانە لەبنەڕەتدا مەرج نین بەڵام گرنگە ڕەچاو بکرێن و پشتگوێ نەخرێن؛ چونکە تا هاوسەرەکان لەو ڕوانەوە لەیەکتر نزیك بن ئەو کات زمانی لێك تێگەیشتنیان ئاسانتر دەبێت و زەمانەتی سەرکەوتنی پرۆسەکەیش زیاتر دەبێت.

---

١ - الدردیر (سیدي أحمد الدردیر)، الشرح الکبیر، ج٢، دار الفکر، بیروت، ص٢٤٩. العدوي (علي الصعیدي العدوي المالکي)، حاشیة العدوي، ج٢، دار الفکر، بیروت، ط، ١٤١٢، تحقیق: یوسف محمد البقاعي، ص٥٥.

٢ - إبن حجر (أحمد بن علي)، فتح الباري شرح صحیح البخاري، ج٩، دار المعرفة، بیروت، تحقیق: محمد فؤاد عبد الباقي، محب الدین الخطیب، ص١٣٢.

٣ - الشوکاني، السیل الجرار، ج٢، دار الکتب العلمیة، بیروت، ط١، ١٤٠٥، تحقیق: محمود إبراهیم زاید، ص٢٩٥.

٤ - صباح صادق الأنباري، مصدر سابق، ص١٣.

**٧- پێویستە هاوسەرگیرییەکە بۆ ئێستا و هەمیشەیی بێت:** سروشتی گرێبەستی هاوسەرگیری وایە کە لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکەوە دادەمەزرێت و بەشێوەیەکی هەمیشەییش دەبێت، واتە ناکرێت گرێبەستەکە بۆ داهاتوو بێت وەك ئەوەی کەسەکە بڵێت: بۆ ساڵی داهاتوو یان هەفتەی داهاتوو یان سبەی قبوڵم کردیت بەهاوسەری خۆم؛ چونکە هەموو ئەوانە دەبنە بەڵێن نەك گرێبەست و هیچ شوێنەوارێکی هاوسەرگیریشی لەسەر دروست نابێت و هاوسەرەکان بەهۆی ئەو بەڵێنەوە لەیەکتر حەڵاڵ نابن. لەهەمان کاتیشدا نابێت گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەنجام بدرێت؛ بەڵکو دەبێت بۆهەمیشەیی بێت و هەر گرێبەستێك کاتی بۆ دیاریکرا بە پوچ و نا دروست ئەژمار دەکرێت، وەك ئەوەی پیاوەکە بە ئافرەتەك بڵێت قبوڵم کردیت بە هاوسەری خۆم بۆ ماوەی هەفتەیەك یان ساڵێك یان هەر ماوەیەکی تر کورت بێت یان درێژ گرێبەستەکە پوچەڵ دەکاتەوە.

سەبارەت بەقسەی زانایان لەو بارەیەوە: حەنەفییەکان دەڵێن: (و أما النكاح المضاف إلى وقت، أو المعلق بشرط فلا يصح بالإجماع)[١]. واتە: گرێبەستی هاوسەرگیری ئەگەر پاڵ درا بۆ کاتێکی داهاتوو یان هەڵپەسێردرا لەسەر مەرجێك[٢] ئەوە بە کۆی دەنگی زانایان دروست نییە. شافیعییەکانیش دەڵێن: (النكاح لا يقبل التعليق)[٣]. واتە: گرێبەستی هاوسەرگیری ناکرێت هەڵپەسێردراو بێت. هەروەها دەڵێن: (النكاح المؤقت باطل سواء قيده بمدة مجهولة أو معلومة)[٤]. هاوسەرگیری کاتی دروست نییە جا کاتەکەی زانراو یان نەزانراو بێت. حەنبەلییەکانیش دەڵێن: (ولا يصح تعليق النكاح على شرط مستقبل)[٥]. واتە: ناکرێت گرێبەستی هاوسەرگیری هەڵپەسێردراو بێت لەسەر مەرجێکی داهاتوو.

---

١ - محمد بن أحمد، تحفة الفقهاء، ج٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤٠٥، /ص١١٩.

٢ - وەك ئەوەی کەسەکە بڵێت: قبوڵم کردیت بە هاوسەری خۆم ئەگەر ئەمساڵ لە خوێندن دەرچووم.

٣ - النووي (يحيى بن شرف النووي)، روضة الطالبين وعمدة المفتين، ج٧، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٢، ١٤٠٥، ص٤٠.

٤ - النووي، روضة الطالبين، ج٧، ص٤٢.

٥ - البهوتي (منصور بن إدريس)، كشاف القناع، ج٥، دار الفكر، بيروت، ط، ١٤٠٢، تحقيق: هلال مصيلحي مصطفى، ص٤٠.

یاسای باری کەسێتی عێراقیش هاوڕا لەگەڵ زانایانی شەریعەت کاری بەم مەرجانە کردوە و لە بڕگەی (هـ) لقی (١) ی مادەی (٦) دا کاتێك باسی مەرجەکانی پڕۆسەی هاوسەرگیری دەکات دەڵێت: (أن یکون العقد غیر معلق علی شرط أو حادثة غیر محققة)[١]. واتە: پێویستە گرێبەستەکە هەڵپەسێردراو نەبێت لەسەر مەرجێك یان ڕووداوێك کە ئەگەری ڕوونەدانی هەبێت.

ئەمانە گرنگترینی ئەو بنەما و مەرجانەن کە زانایان باسیان لێوە کردووە[٢] و پێویستە لە کاتی ئەنجامدانی گرێبستی هاوسەرگیریدا بوونیان هەبێت.

ئێستایش لە ژێر ڕۆشنایی ئەو مەرجانەدا هەڵسەنگاندن بۆ گرێبەستە هاوچەرخەکان دەکەین و حوکمی شەرعییان باس دەکەین.

١ - صباح صادق الأنباري، مصدر سابق، ص٦.

٢ - هەرچەندە هەندێك لەزانایان باسی هەندێك بابەتی تریان کردووە وەك مەرج و بنەما بۆ نموونە (مارەیی) بەڵام ئەو بۆچوونانە لاوازن و مارەیی شوێنەوارێکی گرێبەستەکەیە و دەکرێت هەر باسیش نەکرێت؛ بۆیە ئەوەی باسمان کرد گرنگترینی بنەماکانن.

## باسی دووەم
## هاوسەرگیری مسیار

ئەمە یەکێکە لەو هاوسەرگیرییە هاوچەرخانەی کەماوەیەکی زۆرە نێوەندە شەرعی و زانستی و کۆمەڵایەتییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و هەرچەندە لەوڵاتانی کەنداو مێژوویەکی کۆنی هەیە؛ بەڵام لەهەرێمی کوردستان کەمێك تازەیە و بەردەوام خەڵکی لەحوکمی شەرعی و لێکەوتەکانی دەپرسن و زۆر کات لەگەڵ هاوسەرگیرییەکانی تر لێیان تێکەڵ دەبێت و وەکو یەك لێی دەڕوانن و وێنای دەکەن بەتایبەت لەگەڵ هاوسەرگیری کاتی (سیغە). جا بۆ بەرچاو ڕوونی هەموو لایەك لە پێناو ناساندنی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە و تایبەتمەندییەکانی و خستنە ڕووی لایەنە شەرعییەکەی و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم باسەی بۆ تەرخان دەکەین و سەرەتا لە پێناسەکەیەوە دەست پێ دەکەین.

### یەکەم: پێناسە:

مسیار: لە زمانی عەرەبیدا لە وشەی (سار) ە وە وەرگیراوە کە بەواتەی گەڕان و گوزەرکردن و ڕۆیشتن دێت، (مسیار) یش لەسەر وەزنی (مفعال) ە و بۆ زۆر بەکارهێنان (صيغة المبالغة) بەکار دێت، واتە کەسێك زۆر بگەڕێت و هاتووچۆ بکات پێی دەگوترێت (مسیار).

لەڕووی زاراوەیشەوە وشەی (مسیار) دەستەواژەیەکی ڕەشۆکییە و خەڵکی کەنداو و ناوچەی حیجاز و نەجد بۆ سەردانی ڕۆژانە یان سەردانی خێراو کورت بەکاری دەهێنن؛ هەر بۆیە ئەم دەستەواژەیە (مسیار) بەسەر ئەم جۆرە هاوسەرگیەرییەدا دابڕاوە؛ چونکە خاڵی لەیەکچوونیان زۆرە لەوانە:

- پیاو زۆربەی کات تەنها بەڕۆژ سەردانی خێزانەکەی دەکات.
- سەردانەکان لە چەند کاتێکی جیاوازدا دەبن و زۆر دووبارە دەبنەوە.
- سەردانەکان چەند خولەك یان کاژێرێکی کەم دەخایەنن و هاوسەرەکان زۆر لەگەڵ یەك نامێننەوە.

سەبارەت بە پێناسەی (مسیار) یش وەك نازناوێك بۆ گرێبەستێکی هاوسەرگیری دیاریکراو: هاوسەرگیری مسیار بەو هاوسەرگیرییە دەگوترێت کە هەموو ئەو بنەما و مەرجە شەرعی و یاساییانەی تێدایە کە پێشتر باسمان کرد؛ بەڵام لەبەر هەندێك هەل و مەرجی تایبەت بە هاوسەرەکان خۆیانەوە هەر یەکەیان دەست لەکۆمەڵێك مافی شەرعی خۆیان هەڵدەگرن، بۆ نموونە: ژنەکە دەست لە مارەیی یان دابینکردنی بژێوی ژیانی یان مانەوەی شەوانە و یەکسانی لەنێوان ئەم و ژنەکانی تریدا هەڵدەگرێت، لەبەرامبەریشدا پیاو دەست لە مافی (قوامة) و بەڕێوەبردنی ماڵ هەڵدەگرێت یان هەر مافێکی تر کە بە ڕێگری بزانن لەبەردەم ئەنجامدانی پرۆسەکەدا.

## دووەم: هۆکار و پاڵنەرەکان:

ئاشکرایە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کەسەر هەڵدەدات پاڵنەر و هۆکاری خۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە بۆ بڵاوبوونەوە و بەردەوامی هەمان هۆکار هەبێت یان بەردەوام بێت، دیاردەی ئەم هاوسەرگیرییەیش سەرەتا لە کۆمەڵگەکانی کەنداو و نیمچە دورگەی عەرەبییەوە و بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە سەری هەڵدا و دەرکەوت، پاشان هێدی هێدی بەوڵاتانی دراوسێدا بڵاو بویەوە و ئێستا زۆربەی وڵاتانی دونیای گرتۆتەوە.

دیارترینی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەو کۆمەڵگەیانەدا بریتی بوو لە:

١- بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابونەوە و تەڵاق و بێوەژن کەوتن بەهۆی زۆربوونی کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان و کەمبوونەوەی هەلی هاوسەرگیری کردن لەبەرامبەردا.

٢- زۆربوونی دیاردەی قەیرەیی لە نێوان ئافرەتان، ئەمیش بەهۆی زاڵبوونی ئەو نەریتە خێڵەکییانەی کە پرۆسەی هاوسەرگیری زۆر ئاڵۆز و گران دەکەن لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە، ئەمەیش وای کردوە گەنجان بە مەبەستی هاوسەرگیری کردن ڕوو لە وڵاتانی تر بکەن کە ئافرەتانیان لەڕووی جوانییەوە زۆر لە ئافرەتانی وڵاتانی خۆیان جوانتر و هەڵکەوتوترن و لەڕوی داواکاری و تێچووی پرۆسەکەیشەوە زۆر لەتێچووی پرۆسەی وڵاتەکانی خۆیان کەمترە.

٣- دابەزینی ئاستی پابەندبوون بەسنوورەکانی شەرع و بنەما و بەها ڕەوشتییەکان لەگەڵ زۆربونی هۆکارەکانی خراپە و بەئاسان بەردەستبوونیان، هەموو ئەمانە پێکەوە وایان کردوە کە گەنجانی ئەو وڵآتانە حەز و ئارەزووەکانی خۆیان بە حەرام تێر بکەن و بیر لەهاوسەرگیری شەرعی و ئەرك و لێکەوتەکانی نەکەنەوە و ئەمەیش هۆکارێکی ترە بۆ زیاد بوونی ڕێژەی قەیرەبوون لە نێو ئافرەتاندا.

٤- دەوڵەمەندی و هەبووی دارایی و خۆشگوزەرانی وای لە پیاوانی ئەو وڵآتانە کردوە کە بەردەوام حەزیان بە فرەژنی بێت و یەك ژن بەری دڵیان نەگرێت، دیارە هەمان ئەو هۆکارانە وایان لە ئافرەتانیش کردوە کە لەپیاوان بێ منەت بن و ڕێگەی فرەژنییان پێ نەدەن هەر بۆیە پیاوان پەنایان بردە بەر ئەم جۆرە چارەسەرە نهێنی و بێ کێشانە کە خێزان و منداڵەکانیان لەمەترسی کێشە و پەرتەوازەبوون دەپارێزێت و حەزەکانی خۆیشیان بەدی دێنێت.

٥- کەمی تێچووی ئەم جۆرە پرۆسانە لەڕووی دارایی و کۆمەڵایەتیشەوە وای کردوە کە پیاوان زیاتر حەز لەم هاوسەرگیرییە بکەن و بەدویا وێڵ بن.

٦- هەل و مەرجی ژیانی تایبەتی هەندێك لە ئافرەتانی قەیرە یان بێوەژن کە لەبەر قسەی خەڵکی یان ترسی کەسوکاریان یان منداڵەکانیان ناوێرن بە ئاشکرا هاوسەرگیری بکەن و دەشترسن لەوەی کە ئەگەر هەروا بمێننەوە لەوانەیە توشی حەرام ببن؛ بۆیە ئەوانیش چارەسەری کێشەکانیان لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا دەبیننەوە.

٧- خۆ قوتارکردن لەو یاسایانەی کە ڕێگە بە فرەژنی نادات کە ئەمە دەلاقەیەکی باش بۆ دەربازبوون لەو جۆرە حاڵەتانە و زۆر بەزەحمەت کەسێك بتوانێت ئەوە بسەلمێنێت کە ئەو کەسە فرەژنی کردوە.

ئەمانەو چەندین هۆکاری تر کە لەسەرەتا و ئێستایشدا لە پشت بڵاوبوونەوە و بەردەوامی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەوەن.

### سێیەم: خاڵە ئەرێنییەکان:

هەر دیاردەیەك سەرهەڵدەدات چەند خراپیش بێت، بێگومان خاڵی نییە لە خاڵی باش و ئەرێنی، هاوسەرگیری مسیاریش لەو هاوکێشەیە بەدەر نییە و چەندین خاڵی ئەرێنی تێدایە لەوانە:

١- هەلێکی زۆر باش دەڕەخسێنێت بۆ ئەو پیاو و ئافرەتانەی کە پێویستیان بە هاوسەرگیرییە و لەبەر هەندێك هۆکاری خێزانی یان کۆمەڵایەتی یان دارایی ناتوانن بە ئاشکرا ئەو کارە بکەن و لەوانەیە ئەگەر ئەم جۆرە ڕێکارانە نەبێت توشی زینا و لادان ببن.

٢- ئەرك و تێچووەکانی پڕۆسەی هاوسەرگیری لەسەر شانی پیاوان زۆر کەم دەکاتەوە.

٣- زۆرێك لە بەربەست و لەمپەرەکانی بەردەم فرەژنی لا دەبات؛ چونکە ژنی دووەم لەم پڕۆسەیەدا دەست لە زۆریك لە مافەکانی خۆی هەڵدەگرێتو ئەمەیش بەدڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی ژنی یەکەمە و هۆکارێکە بۆ ڕازیبوونی یان هەر نەبێت بێدەنگبوونی.

٤- چارەسەرێکی باش و گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی کە زۆ سەفەر دەکەن و ناچارن بەهۆی کارەکەیان لەو شوێنانە بمێننەوە و دەشترسن لەوەی کە تووشی هەڵە یان زینا بن؛ ئێستا دەتوانن بەم جۆرە پڕۆسانە چارەسەری کێشەکەیان بکەن و کەسیش نەزانێت کە فرەژنییان کردوە.

### چوارەم: خاڵە نەرێنییەکان:

لەبەرامبەر ئەو خاڵە ئەرێنییانەی کە باسمان کرد هاوسەرگیری مسیار کۆمەڵێك خاڵی نەرێنی و دیاردەی خراپ بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە سەرەکیترینیان ئەمانەن:

١-ئەم هاوسەرگیرییە ئەچێتە خانەی هاوسەرگیری نهێنی (سری)[1] کە لە لای زانایانی مالیکی و هەندێك لە زانایانی حەنبەلی بە ناشەرعی و یاساغ لەقەڵەم دەدرێت و

---

١ - لای مالیکییەکان بەو هاوسەرگیرییە دەگوترێت کە هەموو بنەما و مەرجە شەرعییەکانی تێدایە و بە ئامادەبوونی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە و دوو شایەتیش ئەنجام دەدرێت؛ بەڵام پیاوەکە داوا لە شایەتەکان دەکات کە هاوسەرگیرییەکە بە نهێنی بمێنێتەوە و لای کەس باسی نەکەن تا کەس پێی نەزانێت، خۆ ئەگەر کەسێکی تر ئەو داوایە بکات جگە لە پیاوەکە ئەوە هیچ کێشەی نییە. مالیکییەکان لەو بارەیەوە دەڵێن: (لأن نكاح السر هو ما أوصى فيه الزوج الشهود بكتمه عن زوجته أو عن جماعة...و أما إيصاء الولي فقط، أو الزوجة فقط، أو هما الشهود دون

بە پێچەوانەی ئەو دەقانە دادەنرێت کە فەرمان بە ئاشکراکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری دەکات، لەوانە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێت: {أَعْلِنُوا هَذَا النِّكَاحَ، وَاجْعَلُوهُ فِي الْمَسَاجِدِ، وَاضْرِبُوا عَلَيْهِ بِالدُّفُوفِ، وَلْيُولِمْ أَحَدُكُمْ وَلَوْ بِشَاةٍ}[1]. واتە: ئەم پرۆسەی هاوسەرگیرییە بە ئاشکرا و لە ناو مزگەوتەکاندا ئەنجامی بدەن و دەفی بۆ لێبدەن و هەر یەکێك لە ئێوە هاوسەرگیری کرد با خوانێکی بۆ ساز بکات و مەڕێکی بۆ سەربڕێت. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم فەرموودەیەدا مالکییەکان دەڵێن: (نكاح السر باطل)[2]. واتە: هاوسەرگیری نهێنی دروست نییە. و حەنبەلییەکانیش دەڵێن: (النكاح باطل: لأن أحمد قال: إذا تزوج بولي وشاهدين لا حتى يعلنه)[3]. واتە: ئەم هاوسەرگیریە دروست نییە؛ چونکە پێشەوا ئەحمەد دەڵێت: ئەگەر هاوسەرگیری بە ئامادەبوونی سەرپەرشتیار و شاهیدەکان ئەنجامدرا دروست نییە تا ئاشکرای نەکات.

٢- زۆرێك لەمەبەست و ئامانجەکانی هاوسەرگیری شەرعی تێدا نییە کە بریتییە لە دروستکردنی ژیانی هاوبەش و پتەو کردنی شیرازەی خێزان و خزمایەتی و دابەشکردنی ئەرکەکانی پرۆسەکە بەشێوەیەکی گونجاو و دادوەرانە بەسەر هاوسەرەکاندا و تێرکردنی لایەنی سۆزداری و دەروونی و هەستی هاوسەربوون و غەریزەی دایکایەتی و باوکایەتی و خستنەوەی وەچە و پەروەردەی منداڵ لە باوەشی خێزانێکی سەقامگیر و ئارامدا کە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و میهرەبانی و تەبایی بونیاد نرابێت، ئەوەی لەم هاوسەرگیرییەدا زیاتر دەکرێتە ئامانج تەنها لایەنی جەستەیی وتێرکردنی ئارەزوی سێکسیە و هیچی تر.

٣- ستەمێکی زۆری لە ئافرەتان تێدا دەکرێت و مافەکانیان پێشێل دەکرێت و سوکایەتی بەرۆڵ و پێگەیان دەکرێت و کۆمەڵێك مەرجی سەخت و ستەمکارانەیان لەسەر دادەنرێت کە ئەگەر ناچار نەبونایە هەرگیز قبووڵیان نەدەکرد، وەك مەرجی نەخستنەوەی

---

الزوج، أو اتفق الزوجان والولي على الكتم دون إيصاء الشهود لم يضر، وكذا إذا حصل الإيصاء بكتم الشهود بعد العقد). الدردير، الشرح الكبير، ج٢، ص٢٣٦. الدسوقي، حاشية الدسوقي، ج٢، ص٢٣٧.

١ - المواق، التاج والإكليل، ج٣، ص٤٤٤.

٢ - الترمذي، سنن الترمذي، ج٣، كتاب (٩) النكاح، باب (٦) ما جاء في إعلان النكاح، الحديث (١٠٨٩)، ص٣٩٨. البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٥١) جماع أبواب الوليمة، باب (٤٩) ما يستحب من إظهار النكاح، وإباحة الضرب بالدف عليه، وما لا يستنكر من القول، الحديث (١٤٤٧٦)، ص٢٩٠.

٣ - إبن قدامة (عبد الله بن أحمد بن قدامة)، المغني، ج٧، دار الفكر، بيروت، ط١، ١٤٠٥، ص٦٣.

منداڵ و قەتیس مانەوەی پرۆسەکە لە چوار دیواردا و نادادپەروەری لەنێوان خێزانەکان، بەشێوەیەك کە ئەو ئافرەتە هیچ هەستێکی خێزانداری و هاوسەربوونی بەرامبەر بەو پیاوە بۆ دروست نابێت و تەنها وەك ئامێرێکی بەتاڵکردنەوەی حەزەکانی ئەو خۆی دێتە پێش چاو.

٤- ئەگەر لەیەك ڕووەوە دەرگای خراپە دادەخات ئەوە لەدەیەها ڕووی ترەوە دەرگای خراپە دەخاتە سەر پشت، بۆ نموونە هەر ژنێك یان پیاوێك سەرقاڵی کاری خراپە بێت زۆر ئاسانە بانگەشەی ئەوە بکات کە مسیاری کردوە لەگەڵ ئەو خەڵکانە، یان هەر ژن یان پیاوێك ئەگەر بیانەوێت دەتوانن لەیەك کاتدا دەیەها پرۆسەی لەو جۆرە ئەنجام بدەن بە بێ ئەوەی هیچ کام لە هاوسەرەکانیان بەوی تر بزانێت؛ چونکە سروشتی هاوسەرگیرییەکە وایە کە هاوسەرەکان لەهەفتەکەدا کاتی دیاریکراویان هەیە بۆ بەیەك گەیشتن و دەکرێت کاتەکان وا دابەش بکرێت کە کەسیان بەیکتر نەزانن.

ئەمانە و دەیەها دیاردەی خراپی تر کە دەکرێت لە ژێر ناوی مسیاردا جێگەی بکرێتەوە و زۆر بەزەحمەتیش دەتوانیت بەدواداچوونی شەرعی یان یاسایی بۆ بکەیت یاخود ڕاست و درۆی تێدا لێك جیا بکەیتەوە.

٥- شەریعەتی ئیسلامی زۆر  هاوسەرگیری یاساغ کردوە کە کێشە لە بنەما یان مەرج یان مەبەستێکیدا هەیە، یاخود لەخودی خۆیدا کێشەی نییە بەڵام لەوانەیە خەڵکی خراپ بەکاری بهێنن، هەر وەك هاوسەرگیری سیغە (متعة)، یان مارە بەجاش، یان هاوسەرگیری عورفی، ئەم جۆرە هاوسەرگیریەیش لە زۆرێك لەو ڕوانەوە کێشە و کەلێنی تێدایە و زۆرێك لە ئامانجەکانی هاوسەرگیری شەرعی تێدا نییە و دەکرێت بەهەر یەك لەو هۆکارانە یاساغ و حەرام بێت.

٦- ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە کێشەی شەرعی و یاسایی و کۆمەڵایەتی زۆر بەداوای خۆیاندا دەهێنن، بۆ نموونە: لە کاتی مردنی یەکێك لە هاوسەرەکاندا چۆن بتوانین مافی میراتی یان نەسەبی منداڵ بسەلمێنین لەکاتێکدا هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نییە پشتڕاستی ئەو هاوسەرگیرییە بکاتەوە. یان کێ دەڵێت ئەم هاوسەرانە لە داهاتوودا لەگەڵ مەحرەمی هاوسەرەکانیان هاوسەرگیری ناکەن بەبێ ئەوەی هەست بەخۆیان بکەن، وەك

ئەوەی ژنێك هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێك بکات و لەداهاتویش لەگەڵ کوڕەکەی هاوسەرگیری بکات یان بەپێچەوانەوە پیاوێك ئەوە بکات و بەبێ ئەوەی هیچ کام لەمانە بزانرێت، یا خود کاتێك ئافرەتێك سازش لەسەر مافی خۆی دەکات و ڕازییە بەوەی پیاوەکەی لە حەفتەیەکدا یەك جار یان دووجار سەردانی بکات، باشە دواتر ئەگەر منداڵ کەوتە نێوانیانەوە مافی منداڵەکان لەسەر باوکیان چی لێ دێت، ڕاستە ژنەکە وازی لەمافی خۆی هێناوە بەس خۆ منداڵەکان وازیان لەمافی باوکایەتی باوکیان نەهێناوە و دایکیشیان بۆی نییە لەبری ئەوان ئەو بڕیارە بدات، ئێستا ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەبێت و حەق لای کامیانە.

ئەمانە و دەیەها کێشەی شەرعی و یاسایی تر کە دەکرێت لەم جۆرە پرۆسانە بکەونەوە و چارەسەریشیان ئاسان نییە.

## پێنجەم: بۆچونی زانایان:

وەك پێشتر باسمان کرد هاوسەرگیری مسیار خاڵی ئەرێنی و نەرێنیشی هەیە، هەر ئەوەیش وای کردوە زانایان دەربارەی ئەم هاوسەرگیرییە بۆچوونیان جیاوازیان بێت.

بەشێوەیەکی گشتی زانایان دەربارەی هاوسەرگیری مسیار چوار بۆچونیان هەیە:

١- زۆرینەی زانایان پێیان وایە هاوسەرگیری مسیار دروستە و هیچ کێشەی نییە لەوانە:

- شێخ (عبدالعزیز بن باز) موفتی گشتی پێشووی شانشینی عەرەبی سعودی کاتێك پرسیاری لێ دەکەن دەربارەی هاوسەرگیری مسیار لەوەڵامدا دەڵێت: (لا حرج في ذلك إذا استوفى العقد الشروط المعتبرة شرعا، وهي وجود الولي ورضا الزوجين، وحضور شاهدين عدلين على إجراء العقد، وسلامة الزوجين من الموانع... فلا بأس بذلك بشرط إعلان النكاح وعدم إخفائه). واتە: هیچ کێشەی نییە، ئەگەر مەرجە شەرعییەکانی تێدا بێت، وەك ئەوەی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە ئامادە بێت و و هاوسەرەکان خۆیان ڕازی بن و دوو شاهیدی دادپەروەر لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکەدا ئامادەبن و هیچ ڕێگری شەرعی لە نێوان هاوسەرەکاندا نەبێت... ئەو کات هیچ کێشەی نییە بەمەرجێك هاوسەرگیرییەکە ئاشکرا بکرێت و نەشاردرێتەوە.

- شێخ (عبد العزيز آل الشيخ) ی موفتی گشتی ئێستای شانشینی عەرەبی سعودی لەوەڵامی حوکمی هاوسەرگیری مسیاردا دەڵێت: (شروط النكاح هي تعيين الزوجين ورضاهما والولي والشاهدان، فإذا كملت الشروط وأعلن النكاح ولم يتواصوا على كتمانه لا الزوج ولا الزوجة ولا أولياؤهما، وأولم على عرسه مع هذا كله، فإن هذا نكاح صحيح سمه بعد ذلك ما شئت). واتە: مەرجەکانی هاوسەرگیری ئەوەیە کە هەردوو هاوسەرەکە دیاریکراوبن و ڕازی بن بە ئەنجامدانی هاوسەرگیرییەکە و کەسی سەرپەشتیار و دوو شاهید ئامادەبن، هەر کات ئەم مەرجانە هاتنە دی و هاوسەرگیرییەکە ئاشکرا کرا و هاوسەرەکان یان سەرپەرشتیارەکانیان داوای شاردنەوەیان نەکرد و خەڵکیان بۆ بانگهێشت کرد، ئەو هاوسەرگیرییە دروستە هەرچی ناو دەنێیت بینێ.

- شێخ (عبد الله بن جبرين) ی ئەندامی لیژنەی فەتواو بانگەواز لە شانشینی عەرەبی سعودی دەربارەی هاوسەرگیری مسیار دەڵێت: (وهو جائز إذا رضيت الزوجة بذلك، ولكن لابد من إعلان النكاح مع الإعتراف بها كزوجة لها حقوق الزوجات، ولأولاده منها حقوق الأبوة عليه). واتە: ئەم گرێبەستە دروستە بەمەرجێك ئافرەتەکە خۆی پێی ڕازی بێت؛ بەڵام هەر دەبێت ئاشکرا بکرێت و پیاوەکە دان بە هاوسەری خێزانەکایدا بنێت و وەك هەر هاوسەرێکی تر مافی هاوسەرێتی بدات و دان بەمافی منداڵەکانیشیدا بنێت کەمافی باوکایەتییان بەسەرییەوە هەیە.

- شێخ (نصر فريد واصل) موفتی پێشوی وڵاتی میسری دەربارەی مسیار دەڵێت: (زواج المسيار زواج تام تتوافر فيه أركان العقد الشرعي، من إيجاب وقبول، وشهود، وولي، وهو زواج موثق). واتە: هاوسەرگیری مسیار هاوسەرگیرییەکی تەواوە و هەموو بنەماکانی گرێبەستی شەرعیی تێدایە، لە داواکردن و لاری نەبوون و شاهید و سەپەرشتیار، وە هاوسەرگیرییەکی تۆمارکراوە .

- شێخ (محمد سيد طنطاوي) شێخی ئەزهەر کاتێك دەربارەی هاوسەرگیری مسیار لێی دەپرسن کە بە گرێبەست و بەئامادەبوونی شاهیدو سەرپەرشتیار دەکرێت، بەڵام بەو مەرجەی پیاوەکە پابەند نابێت بە جێبەجێکردنی مافەکانی هاوسەرەکەیەوە دەڵێت: (ما دام

الأمر كذلك العقد صحيح شرعا)[١]. ئەگەر کارەکە بەو شێوەیە بێت ئەوە گرێبەستەکە لەڕووی شەرعەوە دروستە.

٢- هەندێك پێیان وایە هەرچەند هاوسەرگیریی مسیار بەپێی پێودانگە شەرعییەکان دروستە بەڵام بەهۆی لێکەوتە خراپەکانی کارێکی باش نییە و باشتر وایە خەڵکانی موسوڵمان خۆیانی لێ بەدوور بگرن لەوانە:

- کۆمکاری فیقهی ئیسلامی سەربە (رابطة العالم الإسلامي) لە خولی هەژدەیەمیدا کە لە شاری مەککەی پیرۆز بەسترا پاش گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە دەربارەی گرێبەستە هاوسەرگیرییە نوێیەکان ئەم بڕیارەیان دەرکرد: (إبرام عقد زواج تتنازل فيه المرأة عن السكن والنفقة والقسم أو بعض منها وترضى بأن يأتي الرجل إلى دارها في أي وقت شاء من ليل أو نهار. و يتناول ذلك أيضا إبرام عقد زواج على أن تظل الفتاة في بيت أهلها ثم يلتقيان متى رغبا في بيت أهلها أو في أي مكان آخر حيث لا يتوفر سكن لهما ولا نفقة. هذان العقدان وأمثالهما صحيحان إذا توافرت فيهما أركان الزواج وشروطه وخلوه من الموانع ، ولكن ذلك خلاف الأولى)[٢]. واتە: گرێبەستی هاوسەرگیرییەك کە تێیدا ئافرەتەکە دەست لە هەندێك مافی خۆی هەڵبگرێت وەك دابینکردنی شوێنی مانەوە و بژێوی ژیان و دابەشکردنی کاتەکانی لەگەڵ خێزانەکانی تردا یان هەندێك لەو مافانە، وە ڕازی بێت بەوەی پیاوەکەی هەرکات ویستی سەردانی بکات شەو بێت یان ڕۆژ و ئەوەیش دەگرێتەوە کە ڕێك دەکەون لەسەر ئەوەی کە ئافرەتەکە هەر لە ماڵی کەسوکاری بمێنێتەوە و شوێنی نیشتەجێبوون و بژێوی لەسەر پیاوەکە نەبێت و هەرکات و یستیان لەماڵی خۆیان بێت یان هەر شوێنێکی تر یەکتر ببینن. ئەم دوو گرێبەستە و هاوشێوەکانیان دروستن ئەگەر گشت بنەما و مەرجەکانی هاوسەرگیرییان تێدا بوو وەهیچ ڕێگرێکیش نەبوو لەئەنجامدانی گرێبەستەکە؛ بەڵام نەکردنیان باشترە.

---

١ - سەبارەت بە فەتوای ئەو زانایانە بگەڕێرەوە بۆ: شبكة المعلومات الدولية: موقع: . http://arb٣.maktoob.com ، العنوان: حكم زواج المسيار. مجلة الفرقان، ع ٤٥٩، تأريخ: ٢٠٠٧/٩/١٠. فتاوى علماء البلد الحرام، ص ٤٥٠.

٢ - مجلة العالمية، ع١٩٣، السنة الثامنة، مايو ٢٠٠٦.

- شێخ (يوسف القرضاوي) کاتێك تۆمەتباری دەکەن بەوەی ڕێگەی بە هاوسەرگیری مسیار داوە لەوەڵامدا دەڵێت: (أنا أحب أن أقول أنا لست من محبذي زواج المسيار، فأنا لم أخطب خطبة أدعو الناس فيها لزواج المسيار، ولم أكتب مقالا أدعوهم فيه لهذا الزواج، وإنما سألني صحفي عن رأيي في زواج المسيار؟. وهنا لا يسعني إلا أن أجيب بما يفرضه علي ديني، لا أستطيع أن أحرم شيئا أحله الله، فإن سألني أحد ما رأيك في زواج المسيار؟ سأقول له أنا لا أعرف ما هو زواج المسيار، بل قل لي ما هو نوع هذا الزواج! فيقول لي هذا زواج فيه العقد والإيجاب والقبول والشهود فيه المهر....وفيه الولى أيضا؛ فهو زواج مستكمل لشروطه وأركانه، فكيف يسع فقيه أن يقول عن هذا الزواج أنه حرام؟!!). واتە: من پێم خۆشە ئەوە بڵێم من هاوسەرگیری مسیارم پێ باش نییە، وەمن هیچ گوتارێکم نەداوە و هیچ بابەتێکیشم نەنوسیوە خەڵکی بانگ بکەم بۆ ئەوەی هاوسەرگیری مسیار بکەن، تەنها ئەوەنەبێت کە ڕۆژێك ڕۆژنامەنوسێك پرسیاری ئەوەی لێکردم کە بۆچوونم دەربارەی هاوسەرگیری مسیار چییە؟. منیش لێرەدا ناتوانم شتێك بڵێم جگە لەوەی کە ئایینەکەم پێمی دەڵێت، ناتوانم شتێك حەرام بکەم کە خوای گەورە حەڵاڵی کردووە، بۆیە ئەگەر کەسێك لێم بپرسێت بۆچونم چۆنە لەسەر هاوسەرگیری مسیار؟ پێی دەڵێم من نازانم هاوسەرگیری مسیار چییە، بەلاّم پێم بڵێ شێوەی ئەم هاوسەرگیرییە چۆنە؟. پێم دەڵێت: هاوسەرگیرییەکە لە ڕێی گرێبەستەوە ئەنجام دەدرێت و داخوازی و لارینەبوون و شاهید و مارەیی تێدایە و سەرپەرشتیاریشی تێدایە، کەواتە هاوسەرگیرییەکە هەموو مەرج و بنەما شەرعییەکانی تێدایە ئیتر چۆن زانایەك لەخۆیەوە دەتوانێت بڵێت ئەو هاوسەرگیرییە حەرامە؟!!.

- شێخ (عبدالله بن منيع)، ئەندامی لیژنەی باڵای زانایانی شانشینی عەرەبی سعودی و دادوەر لە دادگای تێهەڵچونەوەی مەکەی موکەڕەمە، دەڵێت: (هذا الزواج بهذا التصور لا يظهر لي القول بمنعه، وإن كنت أكرهه، وأعتبره مهينة للمرأة وكرامتها، ولكن الحق لها، وقد رضيت بذلك، وتنازلت عن حقها فيه)[1]. واتە: ئەم هاوسەرگیریە بەم شێوەیە ناکرێت

---

١ - بۆ فەتوای ئەو زانایانە بگەڕێرەوە بۆ: شبكة المعلومات الدولية: موقع: http://arb٣.maktoob.com. و موقع: http://www.islamonline.net.

ڕێگری لێ بکرێت، هەرچەند پێم باش نییە و بە سوکایەتی و بێ ڕێزیکردنی بەرامبەر بە ئافرەت تێدەگەم، بەڵام ئەو مافی خۆیەتی و پێی ڕازی بووە و دەستی لەمافەکانی خۆی هەڵگرتووە تێیدا[1].

٣- هەندێکی تر پێیان وایە گرێبەستەکە خۆی لە خۆیدا دروستە؛ بەڵام پێویستە هەموو ئەو مەرجانە هەڵبوەشێتەوە کە تێیدا ئافرەتەکە دەست لە هەندێك لە مافەکانی خۆی هەڵدەگرێت لەوانە:

- دکتۆر (أحمد حجی الکوردی) ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوا لە وڵاتی کوەیت، کاتێك دەربارەی هاوسەرگیری مسیار پرسیاری لێ دەکرێت لەوەڵامدا دەڵێت: (زواج المسيار-كما هو شائع اليوم- هو زواج مستكمل لشروطه الشرعية.. إلا أن فيه شرط أن لا يعدل بينها وبين زوجته الأولى في المبيت عندها إذا كان له زوجة أخرى، وأن لا ينفق عليها، وهو زواج صحيح، والشروط هذه باطلة، فللزوجة بالمسيار بعد العقد أن تطالب الزوج بالعدل بينها وبين ضرتها، وتطالب بالنفقة). واتە: هاوسەرگیری مسیار– وەك ئەوەی ئەمڕۆ بەربڵاوە- هاوسەرگیرییەکە هەموو مەرجە شەرعییەکانی تێدایە. تەنها ئەو مەرجە نەبێت کە ئەگەر پیاوەکە ژنێکی تری هەبێت دادوەرانە شەوەکانی دابەش نەکات لەگەڵ ژنی یەکەمی وە خەرجیشی نەکێشێت؛ بۆیە ئەم زەواجە دروستە بەڵام ئەو مەرجانە بەتاڵن؛ بۆیە ئەو ئافرەتەی بە مسیار هاوسەرگیری دەکات بۆی هەیە دوای ئەنجامدانی گرێبەستەکە داوای ئەوە بکات کە هاوسەرەکەی دادوەرانە شەوەکانی لەگەڵ هەوێکەی دابەش بکات وە داوای خەرجی و بژێویش بکات.

- شێخ (یوسف محمد المطلق) ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوا لە شانشینی عەرەبی سعودی لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: (الزواج الشرعي هو ما تم فيه أركانه وشروطه، وأما الاشتراط بتنازل المرأة عن حقها في النفقة والقسم فهو شرط باطل، والزواج صحيح)[2]. واتە: هاوسەرگیری شەرعی ئەوەیە کە بنەما و مەرجەکانی تەواو بێت؛ بەڵام دانانی ئەو

---

١ - دکتۆر (وهبة الزحيلي) و (خالد بن عبد الله المصلح) یش هەمان بۆچونیان هەیە. موقع: http://www.almosleh.com.

٢ - بۆ فەتوای ئەو زانایانە بگەڕێرەوە بۆ: شبكة المعلومات الدولية موقع: http://www.mor٣ben.com.

مەرجەی کە دەبێت ئافرەتەکە دەست لە خەرجی و بەشکردنی شەوەکانی لەگەڵ هەویەکەی هەڵگرێت مەرجێکی نادروستە و هاوسەرگیرییەکە دروستە.

٤- هەندێکیش پێیان وایە کە ئەم گرێبەستە هەر لە بنەڕەتدا دروست نییە و حەرامە، لەوانە:

- شێخ (عبد العزيز المسند) ڕاوێژکار لە وەزارەتی خوێندنی باڵای شانشینی عەرەبی سعودی لەبارەی مسیارەوە دەڵێت: (زواج المسيار ضحكة ولعبة.. لا حقيقة له، و.. هو إهانة للمرأة، ولعب بها..، فلو أبيح أو وجد زواج المسيار لكان للفاسق أن يلعب على اثنتين، وثلاث، وأربع، وخمس). واتە: هاوسەرگیری مسیار یاری و گاڵتەیە.. و لەڕاستییدا بوونی نییە، و سوکایەتی کردن و گاڵتە کردنە بە ئافرەت.. خۆ ئەگەر هاوسەرگیری مسیار ڕێگە پێ بدرێت ئەوە خەڵکانی خراپەکار دەتوانن یاری بە دوان، بە سیان، بە چوار، بە پێنج ئافرەتیش بکەن.

- دکتۆر (عەلی قەرەداغی) دەربارەی مسیار دەڵێت: (إن زواج المسيار ليس من زواج الإسلام، وهذا ما قاله جماعة من الفقهاء السابقين في زواج النهاريات أو الليليات أي اشتراط أن يأتيها في النهار أو في الليل فقط). واتە: هاوسەرگیری مسیار پەیوەندی بە هاوسەرگیری ئیسلامەوە نییە، ئەمە بۆچونی کۆمەڵێك لە زانایانی پێشینە دەربارەی هاوسەرگیری شەوانە یان ڕۆژانە کە مەرجی ئەوەی تێدا بێت پیاوەکە تەنها شەوانە یان ڕۆژانە سەردانی ئافرەتەکە بکات.

- دکتۆر (محمد عبدالغفار) ڕاگری کۆلێژی شەریعە لە وڵاتی کوەیت دەڵێت: (زواج المسيار بدعة جديدة، ابتدعها بعض ضعاف النفوس، الذين يريدون أن يتحللوا من كل مسئوليات الأسرة، ومقتضيات الحياة الزوجية، فالزواج عندهم ليس إلا قضاء الحاجة الجنسية، ولكن تحت مظلة شرعية ظاهريا، فهذا لا يجوز عندي- والله أعلم- وإن عقد على صورة مشروعة). واتە: هاوسەرگیری مسیار داهێنراوێکی نوێیە، خەڵکانێکی سووك دایانهێناوە، ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان لە هەر بەرپرسیارێتییەکی خێزانی و پێداویستییەکانی بدزنەوە، هاوسەرگیری لای ئەوان تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزووە

سێکسییەکانیانە، بەڵام لە ژێر پەردەی شەریعەتدا وێنای دەکەن، ئەمە لای من دروست نییە با بەڕووکەشیش لەشەرعی بچێت.

- دکتۆر (محمد راوی) ئەندامی کۆمکاری توێژینەوەی ئیسلامی لە ئەزهەر دەڵێت: (المسيار هذا.. ليس من الزواج في شيء!!! لأن الزواج: السكن، والمودة، والرحمة، تقوم به الأسرة، ويحفظ به العرض، وتصان به الحقوق والواجبات)[١]. واتە: ئەم هاوسەرگیری مسیارە.. هیچ واتایەکی هاوسەرگیری تێدا نییە!!! چونکە هاوسەرگیری: ئارامییە، خۆشەویستییە، بەزەیی و میهرەبانییە، خێزانی پێ پێکدێت و ئابڕو و ئەرك و مافەکانی پێ دەپارێزرێت.

بۆچونی پەسەند:

سەبارەت بە بۆچونی پەسەند لەو بارەیەوە و بە لە بەرچاوگرتنی کۆی دەقەکانی شەریعەت و ئامانجەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری و بنەما و مەرجەکانی و لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنییەکان و تایبەتمەندی بارودۆخی کوردوستان و سیستەمە یاسایی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری و ئەخلاقییەکەی دەڵێین:

هاوسەرگیری مسیار بەو پێیەی هەموو بنەما و مەرجە شەرعییەکانی تێدایە لە ڕەزامەندی تەواوی لایەنەکانی گرێبەستەکە و ئامادەبوونی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە و دوو شایەت و سەرجەم مەرجە شەرعییەکانی تر، وە مەرجی بەنهێنی مانەوەی گرێبەستەکە هیچ گرفتێکی شەرعی بۆ دروست ناکات؛ چونکە دوو شایەتی تێدایە و شەرعیش لە دوو شایەت زیاتری بەمەرج نەگرتووە؛ هەر بۆیە زۆرینەی زۆری زانایان لە حەنەفییەکان و شافیعییەکان و حەنبەلییەکان و ظاهیرییەکان ئەو هاوسەرگیرییە نهێنییەیان پێ دروستە کە مالیکییەکان ڕەتی دەکەنەوە و لەو بارەیەوە دەڵێن: (نكاح السر ما لم يحضره شاهدان فأما ما حضره شاهدان فهو نكاح علانية لا نكاح سر)[٢]. واتە: هاوسەرگیری نهێنی بەوە

---

١ - بۆ فەتوای ئەو زانایانە بگەڕێرەوە بۆ: شبكة المعلومات الدولية: موقع: http://www.aefaf.com، منتديات إعفاف للزواج والإصلاح الأسري، منتدى زواج المسيار.

٢ - الكاساني، بدائع الصنائع، ج٢، ص٢٥٣. الزركشي (محمد بن بهادر)، المنثور، ج٢، وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية، الكويت، ط٢، ١٤٠٥، تحقيق: تيسير فائق، ص٣٨١. السيواسي (محمد بن عبد الواحد السيواسي)، شرح فتح القدير، ج٣، دار الفكر، بيروت، ط٢، ص٢٠٠.

دەگوترێت کە دوو شاهیدی تێدا نەبێت، خۆ ئەگەر دوو شایەت تێیدا ئامادەبوون ئەوە هاسەرگیری ئاشکرایە نەك نهێنی. وە دەڵێن: (وقال قوم إذا استكتم الشاهدان فهو نكاح سر وهو باطل....وهذا خطأ لوجهين: أحدهما أنه لم يصح قط نهى عن نكاح السر إذا شهد عليه عدلان، والثاني: أنه ليس سرا ما علمه خمسة الناكح، والمنكح، والمنكحة، والشاهدان)[١]. واتە: خەڵکانێك گوتویانە ئەگەر داوا لە شاهیدەکان بکرێت بیشارنەوە ئەوە دەبێتە هاوسەرگیری نهێنی و دروست نییە... ئەمەیش لە دوو ڕووەوە هەڵەیە: یەکەمیان لە هیچ دەقێکدا نەهاتووە ڕێگری لە هاوسەرگیری نهێنی بکات ئەگەر دوو شایەت تێیدا ئامادەبن. دووەمیان: ئەو هاوسەرگیرییە بە نهێنی ئەژمار ناکرێت کە پێنج کەس بیزانن و ئامادەی بن کە ئەوانیش: پیاوەکە و ژنەکە و کەسی سەرپەرشتیار و دوو شایەتە. وە دەڵێن: (نكاح السر جائز إذا شهد عليه العدول، وان استكتموا ذلك)[٢]. واتە: هاوسەرگیری نهێنی دروستە ئەگەر دوو کەسی دادپەروەر شاهیدی لەسەر بدەن، ئەگەر چی داوایشیان لێ بکرێت لە خەڵکی تری بشارنەوە.

سەبارەت بەو فەرموودەیەی پێغەمبەریش ﷺ کە تێیدا فەرمان بە ئاشکراکردن و ئەنجامدانی پرۆسەکە دەکات لە مزگەتدا، ئەمە تەنها بۆ پیرۆزیی و ڕازاندنەوەی پرۆسەکەیە نەك بەمەرج گرتنە؛ چونکە ئەگەر برگەکانی فەرموودەکە وەك مەرج تەماشا بکرێن ئەو کات هەر هاوسەرگیرییەك لە مزگەوت ئەنجام نەدرێت بە نادروست ئەژمار دەکرێت! یان هەر هاوسەرگیرییەك مەرێکی بۆ سەر نەبڕدرێت و خوانی بۆ ساز نەکرێت بە نادروست ئەژمار دەکرێت!، هیچ زانایەکیش تا ئێستا شتی وای نەگوتووە بۆیە مەرجی ئاشکراکردنەکەیش هەر وایە و بەدوو شایەت پێك دێت و ئەوەی لەوە زیاتر بێت دەچێتە خانەی باش و باشترەوە نەك دروست و نادروستەوە.

سەرەڕای ئەوەیش لە زۆر دەقی شەرعیدا باسی بوونی شایەت کراوە و بەمەرج گیراوە بەڵام لەیەك دەقیشدا ئاشکراکردنی پرۆسەکە بەمەرج نەگیراوە و باس نەکراوە.

---

١ - إبن حزم الظاهري، المحلى، ج٩، ص٤٦٦.

٢ - محمد بن الحسن الشيباني، الحجة، ج٣، عالم الكتب، بيروت، ط٣، ١٤٠٣، تحقيق: مهدي حسن الكيلاني، ص٢٢٢.

دەمێنێتەوە سەر ئەو ماف و ئەرکانەی کە لایەنەکانی گرێبەستەکە بە ئارەزووی خۆیان سازشی لەسەر دەکەن و دەستی لێ هەڵدەگرن ئایا هیچ کاریگەری نەرێنی لەسەر خودی گرێبەستەکە دروست دەکات یان نا؟!.

لەوەڵامدا دەڵێین نەخێر دروستی ناکات؛ چونکە ئەوانە مافی خۆیانە و ئارەزوومەندانە دەستی لێ هەڵدەگرن و خوای گەورەیش لە قورئاندا ئاماژەی بەشەرعییەتی ئەو جۆرە رێکەوتنانە داوە و فەرموویەتی: ﴿وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزاً أَوْ إِعْرَاضاً فَلا جُنَاحَ عَلَيهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحاً وَالصُّلْحُ خَيْرٌ﴾[١]. واتە: ئەگەر ئافرەتێك دەترسا لە وەی کە هاوسەرەکەی خراپ لەگەڵی مامەڵە بکات و مافەکانی پشتگوێ بخات، ئەو کات گوناهبار نابن ئەگەر سازش لەسەر هەندێك لە ئەرك و مافەکانیان بکەن و دەستی لێ هەڵبگرن بۆ یەکتر، پاشان خوای گەورە ستایشی ئەو جۆرە ریکەوتنانە دەکات و دەفەرموێت: رێکەوتن لە شەڕ و ناکۆکی باشترە.

خاتو عائیشەی دایکی بڕواداران دەربارەی هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە دەڵێت: {كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا أَرَادَ سَفَرًا أَقْرَعَ بَيْنَ نِسَائِهِ فَأَيَّتُهُنَّ خَرَجَ سَهْمُهَا خَرَجَ بِهَا مَعَهُ، وَكَانَ يَقْسِمُ لِكُلِّ امْرَأَةٍ مِنْهُنَّ يَوْمَهَا وَلَيْلَتَهَا، غَيْرَ أَنَّ سَوْدَةَ بِنْتَ زَمْعَةَ وَهَبَتْ يَوْمَهَا وَلَيْلَتَهَا لِعَائِشَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ تَبْتَغِي بِذَلِكَ رِضَا رَسُولِ اللَّهِ ﷺ}[٢]. واتە: پێغەمبەری خوادا ﷺ ئەگەر بیویستایە سەفەر بکات، تیرو پشکی دەکرد لەنێوان هاوسەرەکانیدا و ناوی هەرکامیان دەربچوایە ئەوەیانی لەگەڵ خۆی دەبرد و لای هەر خێزانێکیشی شەو و رۆژێك دەمایەوە، جگە لە خاتو سەودەی کچی زەمعە نەبێت – کە زۆر بەساڵا چوو بوو- وە لەبەر دڵی پێغەمبەر ﷺ شەو و رۆژەکەی خۆی بەخشی بوو بە خاتو عائیشە.

وە دەربارەی راڤەی ئایەتەکەیش دەڵێت: (هي المرأة تكون عند الرجل لا يستكثر منها فيريد طلاقها ويتزوج غيرها تقول له أمسكني ولا تطلقني ثم تزوج غيري فأنت في حل من النفقة علي والقسمة لي)[٣]. واتە: ئەوە بۆ ئافرەتێکە کە پیاوەکەی زۆر لەگەڵی تەبا نەبێت و بیەوێت لێی جیا بێتەوە تا ژنیکی تر بهێنێت، ئەویش پێی بڵێت: لێم جیا

---

١ – سورة النساء: الآية: (١٢٨).

٢ – البخاري، صحيح البخاري، ج٢، ص٩١٦.

٣ – البخاري، صحيح البخاري، ج٥، ص١٩٩٨.

مەبەرەوە و با لەلات بمێنمەوە و برۆ ژنی تر بێنە و نەخەرجیشم دەوێت و نەدەشمەوێت کاتەکانت لە نێوان من و خێزانەکەت دابەش بکەیت.

پێشەوا قورطوبیش ئەم ئایەتەی وەك بەڵگە هێناوەتەوە بۆ ڕێگە پێدان بەهەر ڕێکەوتنێك کە ژن و پیاو لەسەری پێك بێن و لەو بارەیەوە دەڵێت: (وفي هذا أن أنواع الصلح كلها مباحة... ويدخل في هذا المعنى جميع ما يقع عليه الصلح بين الرجل وامرأته في مال أو وطء)[١]. ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەموو جۆرە ڕێکەوتنێك ڕێگە پێدراوە... و هەرچی ژن و پیاو لەسەری ڕێکەوتن دەربارەی پارە و کاری سەرجێی دەچێتە ژێر ئەم ناونیشانەوە.

هەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئایەتەدا زانایان ڕێگەیان داوە بەوەی هاوسەرەکان بۆیان هەیە دەست لە هەر مافێك هەڵبگرن کە دەزانن کێشە و ئاستەنگ بۆ دامەزراندن یان بەردەوامی پرۆسەکەیان دروست دەکات لەوانەیش مافی سەرجێی کە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی پرۆسەکە و حەنەفییەکان لەو بارەیەوە دەڵێن: (لو تزوجت وهي تعلم أنه عنين فلا خيار لها؛ لأنها إذا كانت عالمة بالعيب لدى التزويج فقد رضيت بالعيب)[٢]. واتە: ئەگەر ئافرەتێك هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکدا کرد کە دەیزانی پیاوەتی نییە و توانای کاری سەرجێی نییە دواتر بۆی نییە داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکات؛ چونکە ئەو سەرەتا و کاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە بە کێشەکەی زانیوە و پێی ڕازی بووە. شافیعییەکانیش دەڵێن: (وإن حدث العيب بالزوج ورضيت به المرأة لم يجبرها الولي على الفسخ)[٣]. واتە: ئەگەر کەموکورتییەك لە پیاوەکەدا ڕوویدا و ژنەکە خۆی پێی ڕازی بوو سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە مافی ئەوەی نییە بە زۆر پێی هەڵبوەشێنێتەوە. وە دەڵێن: (وإن أرادت أن تتزوج بمجبوب أو عنين لم يكن له - أي الولي- منعها)[٤]. واتە: ئەگەر ئافرەتەکە ویستی شوو بە پیاوێك بکات کە ئەندامی نێرینەی نەبوو یان بڕابوو یان لە پیاوەتی کەوتبوو سەرپەرشتیارەکەیبۆی نییە ڕێگری لێ بکات. حەنبەلییەکانیش لەو

١ - القرطبي، تفسير القرطبي، ج٥، ص٤٠٥- ٤٠٦.

٢ - الكاساني، بدائع الصنائع، ج٢، ص٣٢٥.

٣ - الشيرازي، المهذب، ج٢، ص٤٩.

٤ - الشيرازي، التنبيه، عالم الكتب، بيروت، ط١٤٠٣،١، تحقيق: عماد الدين أحمد حيدر، ص١٦٢.

بارەیەوە دەڵێن: (الفسخ للعنة فإنه فسخ لعيبه، فمتى رضيت بالعيب سقط حقها)[١]. واتە: هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاسەرگیری بە بیانوی لە پیاوەتی کەوتن بەهۆی کێشەی پیاوەکەوەیە، بۆیە ئەگەر ئافرەتەکە بەکێشەکەی زانی و پێی ڕازیبوو دواتر ئەو مافەی نامینێت.

سەرباری ئەمانە هەمووی زانایان لە کۆندا ڕێگەیان بە هەندێك پڕۆسەی هاوسەرگیری داوە کە زۆر لەم جۆرە پڕۆسەیەوە نزیکە لە نموونەی هاوسەرگیری شەوانە و ڕۆژانە، کە تێیدا ژن و پیاوەکە ڕێکەوتون لەسەر ئەوەی کە پیاوەکە تەنها بەشەو یان بەڕۆژ لای ژنەکە بمێنێتەوە و لەبەرامبەریشدا پیاوەکە دەستی لە مافی قەوامە و بەڕێوەبردنی ماڵ هەڵگرتووە بۆ خێزانەکەی، زانایان لەو بارەیەوە گوتویانە: (ولا بأس بتزوج النهاريات: وهو أن يتزوجها ليقعد معها نهارا دون الليل)[٢]. واتە: ئاساییە هاوسەرگیری ڕۆژانە بکات: واتە بەو مەرجە مارەی بکات کە تەنها بەڕۆژ لەلای بمێنێتەوە. وەگوتویانە: (وعن الحسن وعطاء أنهما كانا لا يريان بتزويج النهاريات بأسا)[٣]. واتە: حەسەن و عەطاء هاوسەرگیری ڕۆژانەیان بەلاوە ئاسایی بووە.

ماوە ئەوە بڵێین بە هۆی ئەوەی ئەم هاوسەرگیرییە لێکەوتەی نەرێنی زۆرە و دەکرێت خەڵکی خراپ بەکاری بهێنن و ئەگەری نەخوازراوی لێبکەوێتەوە ناکرێت وەك هاوسەرگیری ئاسایی تەماشا بکرێت و بەرەهایی مۆڵەتی پێ بدرێت؛ بەڵکو پێویستە بە کۆمەڵێك مەرج ڕێگەی پێ بدرێت و لایەنەکان پابەند بن بەمەرجەکانەوە، بەم شێوەیەش دەتوانین وا بکەین کە هاوسەرگیرییەکە ئامانجەکانی خۆی و خاڵە ئەرێنییەکانی بپێکێت و لە خاڵە نەرێنییەکانی پارێزراو بێت و کۆدەنگی زانایان لەسەر ڕێگەپێدانی بەدەست بهێنین.

گرنگترینی ئەو مەرجانەیش کە بۆ ڕێگەپێدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پێویستە:

١- تەنها بۆ حاڵەتی ناچاری و پێویست پەنای پێ ببرێت، وەك ئەوەی کەسەکە بەهۆی هەر بارودۆخێکەوە نەتوانێت هاوسەرگیری ئاسایی بکات و نەشتوانێت خۆی لەحەرام

---

١ - إبن مفلح، المبدع، ج٨، ص٢٧. إبن قدامة، المغني، ج٧، ص٤٣١.

٢ - إبن نجيم (زين بن إبراهيم بن محمد)، البحر الرائق شرح كنز الدقائق، ج٣، ص١١٦، دار المعرفة، بيروت.

٣ - أ سعيد بن منصور ا، كتاب السنن، الدار السلفية، الهند، ط١، ١٩٨٢، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، ص٢١٦.

بپارێزێت ئەو کات بۆی هەیە پەنای بۆ ببات؛ بۆیە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە وەك هاوسەرگیریی ئاسایی تەماشا بکرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بکرێتە جێگرەوەی و خەڵکی تەنها بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانیان پەنای بۆ ببەن.

٢- سەرجەم بنەما و مەرجە شەرعییەکانی هاوسەرگیری ئاسایی تێدا بێت لە ڕەزامەندی تەواوی لایەنەکان بە ئەنجامدانی گرێبەستەکە و بوونی شایەت و ئامادەبوونی کەسی سەرپەرشتیار و سەرجەم مەرجەکانی تر.

٣- گرێبەستەکە هەمیشەیی بێت و نابێت کاتی بێت، خۆ ئەگەر کاتی بوو وە ماوەی تێدا دیاری کرا ئەو کات دروست نییە و دەبێتە (سیغە) و هەڵدەوەشێتەوە، وەك ئەوەی ڕێك بکەون کە هاوسەرگیرییەکەیان بۆ ماوەی مانگێك بێت یان دوان یان ساڵێك یان هەر کاتێك ئافرەتەکە داواکاری هات یان هەر کاتێکی تر.

٤- لایەنەکانی گرێبەستەکە هەر کات بۆیان دەرکەوت کە ئەو مەرجانەی لەسەری ڕێکەوتوون زیانی زۆریان پێ دەگەیەنێت و ئاستەمە بتوانن جێ بەجێی بکەن و لەسەری بەردەوام بن، مافی ئەوەیان پێ بدرێت کە لێی پەشیمان ببنەوە و داوای مافە شەرعییەکانی خۆیان بکەن وەك ئەوەی لە گرێبەستێکی هاوسەرگیریی ئاساییدا هەیە.

٥- هیچ مەرجێك لە گرێبستەکەدا نەگوترێت و نەنوسرێت کە پێچەوانەی دەقێکی شەرعی، یان مەبەستێکی سەرەکی ئەنجامدانی پرۆسەی هاسەرگیری، یان مافێکی جێگیر بێت کە شەرع بە لایەنەکانی گرێبەستەکەی بەخشیوە، بۆ نموونە: ناکرێت لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکەدا ئەوە بگوترێت یان تۆمار بکرێت کە ئافرەتەکە دەست لەمارەیی هەڵگرێت، یان خەرجی و بژێوی ژیانی[1]، یان مافی دابەشکردنی شەوەکانی لەگەڵ

---

١ - خەرجی و بژێوی ژیانی هاوسەرگیری خواردن و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێبوون و پێداویستییە تەندروستییەکان دەگرێتەوە، زیاد لە مانەیش ئەگەر ئافرەتەکە لە ماڵی باوکی خزمەتکاریان هەبوو یان کلتوری کۆمەڵگەکە وابوو خزمەتکاری هەبێت، ئەو کات پێویستە خزمەتکاریشی بۆ دابین بکات. زانایان لەو بارەیەوە دەڵێن: (واتفقوا على أن من حقوق الزوجة على الزوج النفقة والكسوة). واتە: زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە دابینکردنی بژێوی و پۆشاك؛ مافێکن لە مافەکانی ژن بەسەر هاوسەرەکەیەوە. إبن رشد القرطبي، بداية المجتهد، ج٢، ص٤٠. وە دەڵێن: (يجب على الزوج النفقة بالاتفاق وهي خمسة أشياء: الطعام، والإدام، والكسوة، والسكنى، وآلة التنظيف.. والخادم إن كانت ممن تخدم). واتە: زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی دابینکردنی بژێوی ئەرکی پیاوە و پێنج شت دەگرێتەوە: خواردن و پێداویستییەکانی، پۆشاك، شوێنی نیشتەجێبوون، هۆکارەکانی پاك وخاوێنی، خزمەتکار بۆ کەسێك کە خزمەتکاری هەبووە و پێویستە. الغزالي (محمد بن محمد بن محمد)، الوسيط، ج٦، دار السلام، القاهرة،

خێزانەکانی تری پیاوەکە؛ چونکە ئەمانە مافی شەرعی لایەنەکانی گرێبەستەکەن و ئەوان ناتوانن بریار لەسەر پێچەوانەکەی بدەن؛ بەڵام دەکرێت ئەوان بۆ خۆیان پێش گرێبەستەکە یان دواتر لەسەر هەرچی دەیانەوێت رێك بکەوەن وەك ئەوەی ئافرەتەکە گەردنی هاوسەرەکەی لە مارەییەکەی ئازاد بکات، یان دەست لە بژێوی و خەرجی هەڵبگرێت، یان هەر مافێکی تر کە بۆ خۆیان بەگونجاوی دەزانن بۆ ئاسانکاری ژیانیان؛ بەڵام بەمەرجێك وەکو گوتمان ئەو شتانە لە کاتی گرێبەستەکەدا نەگوترێن و تۆمار نەکرێن، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم ئەرك و مافانە بە شوێنەواری گرێبەستەکە ئەژمار دەکرێن و پاش ئەنجامدانی گرێبەستەکە دروست دەبن و پێویستە پاش بوونیان سازشیان لەسەر بکرێت؛ بۆیە دروست نییە پێش گرێبەستەکە یان لەکاتی ئەنجامدانیدا سازشیان لەسەر بکرێت؛ چونکە ئەوە سازشە لەسەر شتێك کە بوونی نییە لە ئێستادا وەك ئەوەی کەسێك تەڵاقی ئافرەتێك بخات بەر لەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجام بدات، یان کەسێك دەست لەمیراتی کەسێك هەڵبگرێت بەر لەمردنی ئەم جۆرە سازشانە هیچیان دروست نین.

ئیبن حەجەر دەربارەی ئەم جۆرە مەرج و رێکەوتنانە لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا دەڵێت: (وأما شرط ينافي مقتضى النكاح: كألا يقسم لها.. أو لا ينفق، أو نحو ذلك، فلا يجب الوفاء به، بل أن وقع في صلب العقد ألغي وصح النكاح)[1]. واتە: بەڵام مەرجێك کە پێچەوانەی پێداویستییەکانی پرۆسەکە بێت، وەك ئەوەی بەشە شەوەکانی پێ نەدات.. یان بژێوی و خەرجی پێ نەدات، یان هاوشێوەی ئەمانە، ئەو جۆرە مەرجانە پێویست ناکات لایەنەکان پێوەی پابەند بن، تەنانەت ئەگەر لەناو گرێبەستەکەیشدا باس کران هەڵدەوەشێنەوە و گرێبەستەکە بە درووستی دەمێنێتەوە.

ئیبن قودامەیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (القسم الثاني - من الشروط- : ما يبطل الشرط ويصح العقد مثل: أن يشترط أن لا مهر لها، أو أن لا ينفق عليها، أو إن إصدقها رجع

---

ط١٤١٧،١، تحقيق: أحمد محمود، محمد محمد تامر، ص٢٠٣. وە دەڵێن: ((اتفق أهل العلم على وجوب نفقات الزوجات على أزواجهن إذا كانوا بالغين)). واتە: زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە دابینکردنی بژێوی و خەرجی ژنان لەسەر هاوسەرەکانیان پێویستە ئەگەر پێگەیشتوو بوون. إبن قدامة، المغني، ج٨، ص١٥٦.

١ - إبن حجر العسقلاني، فتح الباري، ج٩، ص٢١٨.

عليها، أو تشترط عليه أن لا يطأها، أو يعزل عنها، أو يقسم لها أقل من قسم صاحبتها أو أكثر، أو لا يكون عندها في الجمعة إلا ليلة، أو شرط لها النهار دون الليل، أو شرط على المرأة أن تنفق عليه أو تعطيه شيئا، فهذه الشروط كلها باطلة في نفسها؛ لأنها تنافي مقتضى العقد؛ ولأنها تتضمن إسقاط حقوق تجب بالعقد قبل انعقاده فلم يصح ...ز فأما العقد في نفسه فصحيح)[١]. واتە: بەشی دووەم — لە مەرجەکان- : ئەو مەرجانەن کە دەبێت هەڵبوەشێنەوە و گرێبەستەکە بە درووستی دەمێنێتەوە، وەك ئەوەی بڵێت: مارەیی نەبێت، یان بژێوی دابین نەکات، یان ئەگەر مارەیی پێدا بۆی بگەڕێنێتەوە، یان ئافرەتەکە مەرجی ئەوەی لەسەر دابنێت کە سەرجێی لەگەڵ نەکات، یان منداڵی لێی نەبێت، یان شەوەکانی کەمتر بێت لە شەوی هاوتاکەی یان زیاتر، یان لە هەفتەیەکدا تەنها یەك شەو لەلای بمێنێتەوە، یان تەنها ڕۆژ لای بمێنێتەوە نەك شەو، یان مەرجی ئەوە لەسەر ئافرەتەکە دابنێت کە ئەو بژێوی دابین بکات یان شتێکی پێ بدات، ئەم مەرجانە هەموویان ناڕەوا و پوچن لە خۆیاندا؛ چونکە پێچەوانەی مەبەستی گرێبەستەکەن و دەست هەڵگرتنی لە کۆمەڵێك ماف تێدایە کە بەپێی گرێبەستەکە دروست دەبێت بەر لە ئەنجامدانی... بەڵام خودی گرێبەستەکە دروستە.

٦- پێویستە ڕێکاری شەرعی و یاسایی توند بگیرێتە بەر بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە هاسەرگیرییانە تا سەر بۆ دیاردەی خراپ نەکێشێت و بەر بە لێکەوتە نەرێنییەکانی بگیرێت، خۆ ئەگەر نەکرا و زانرا کە خەڵکی خراپ بەکاری دەهێنن و ناکرێت بەر بە لێکەوتە خراپەکانی بگیرێت ئەو کات بەرەهایی حەرام دەبێت پاڵپشت بە بنەمای (سد الذرائع)[٢] کە دەڵێت؛ هەر کارێکی ڕێگە پێدراو ئەگەر سەری کێشا بۆ خراپە و زۆربەی خەڵکی بە شێوازە شەرعییەکەی بەکاریان نەدەهێنا ئەو کارە هەرچەند لە بنەڕەتیشدا دروست بێت حەرام دەبێت، بۆ نموونە: جل و بەرگی ئافرەتان هەرچەند ڕووت یان تەنك

---

١ - إبن قدامة، المغني، ج٧، ص٧٢.

٢ - الذريعة: هي المسألة التي ظاهرها الإباحة ويتوصل بها إلى فعل المحظور. واتە: ئامرازێك یان هۆکارێکە لە ڕووکەشدا کێشەی نییە و ڕێگە پێدراوە بەڵام سەر بۆ کاری حەرام دەکێشێت. الشوكاني، إرشاد الفحول إلى تحقيق علم الأصول، ج١، ص٤١١، دار الفكر، بيروت، ط، ١٤١٢، تحقيق: محمد سعيد البدري. ابن القيم، إعلام الموقعين، ج٣، ص١٥٩.

یان تەسك یان كورت و سەرنج ڕاكێش بێت مامەڵەپێكردنی دروستە بەمەرجێك ئافرەتان بۆ ناو ماڵی خۆیان و لای مێردی خۆیان لەبەری بكەن، خۆ ئەگەر وا نەكرا و ئەو جلانە وەك ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئافرەتان بۆ دەرەوە زیاتر لەبەریان دەكرد ئەو كات هەموو جۆرە مامەڵە كردنێك بەو جلانەوە حەرامە و دروست نییە، ئەم حەرامییەیش پەیوەست نییە بە خودی جلەكانەوە؛ بەڵكو بەشێوازی بەكارهێنانی خەڵكییەوە، هاوسەرگیری مسیاریش هەر وایە لە بنەڕەتدا حەرام نییە بەڵام ئەگەر سەری كێشا بۆ خراپە و خەڵكی پابەند نەدەبوون بەمەرجە شەرعییەكانییەوە ئەو كات حەرامە[1].

سەبارەت بە بۆچونی یاسای باری كەسێتی لەسەر هاوسەرگیری مسیار هەرچەندە یاساكە دەقێكی ڕوونی لەو بارەیەوە نییە؛ بەڵام بەو پێیەی كە پرۆسەكە هەموو بنەماو مەرجە یاساییەكانی تێدایە ئەگەر لە دادگا تۆمار بكرێت ئەو كات لە ڕوی یاساییەوە هیچ كێشەی نییە و دروستە.

١ - كۆمكاری فیقهی ئیسلامی لە خولی نۆیەمیدا كە لە ئیمارات لە: (١- ٦/ إبريل/ ١٩٩٥) بەسترا دەربارەی بنەمای (سد الذريعة) دەڵێت: (١- ضابط إباحة الذريعة: أن يكون إفضاؤها إلى المفسدة نادرا، أو تكون مصلحة الفعل أرجح من مفسدته. ٢- ضابط منع الذريعة: أن تكون من شأنها الإفضاء إلى المفسدة لا محالة (قطعا) أو كثيرا، أو تكون المفسدة في الفعل أرجح مما يترتب على الوسيلة من مصلحة). واتە: ١- ڕێكار بۆ ڕێگەپێدانی هەر هۆكار یان ئامرازێك: ئەوەیە زۆر بە دەگمەن نەبێت سەر بۆ خراپە نەكێشێت، یان بەرژەوەندی كردنی لە نەكردنی زیاتر بێت. ٢- ڕێكار بۆ ڕێگە گرتن لە هەر هۆكار یان ئامرازێك: ئەوەیە كە بەزۆری یان بێگومان سەر بۆ خراپە بكێشێت، یانیش زیانەكانی كردنەكەی زۆر زیاتر بێت لە سوودەكانی. مجلة مجمع الفقه الإسلامي: ع٩، ج٣، ص٥، قرار رقم: (٩٢)، موضوع سد الذرائع.

# باسی سێیەم
# هاوسەرگیری سیغە (المتعة)

بەر لەوەی بچینە سەر ناوەڕۆکی باسەکەمان لەوانەیە ئەو پرسیارە بکرێت، کە هاوسەرگیری سیغە هاوسەرگیرییەکی کۆنە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و سەرەتاکانی ئیسلام و ڕاجیایی زانایان لەو بارەیەوە دیارە و کۆتایی هاتووە دیاریشە کە بۆچوونی پەسەند لەو ڕووەوە ئەوەیە کە ئەم هاوسەرگیرییە بنەما و مەرجەکانی هاوسەرگیری شەرعیی تێدا نییە بۆیە حەرامە؛ کە وابوو بۆ لێرەدا لەگەڵ هاوسەرگیرییە هاوچەرخەکان باس کراوە؟!.

لەوەڵامدا دەڵێین ئەم قسانە هەمووی ڕاستن و لەجێی خۆیەتی؛ بەڵام ئەوەی نادیارە و ئاڵۆزە ئەوەیە کە هەندێك کەس بەمەبەست ئەم هاوسەرگیرییە تێکەڵ بە هاوسەرگیرییەکانی تر دەکەن و بەیەکیان دەچوێنن و دەیانەوێت وای وێنا بکەن کە ئەم هاسەرگیرییەیش وەك مسیار وایە و یەك حوکمیان هەیە و بەمەیش بەرچاو لێڵی لای موسوڵمانان دروست دەکەن و گومان دەخەنە دڵیانەوە و سنووری حەڵاڵ و حەرامیان لێ دەشێوێنن و وتەی نەشیاو بەو زانا و شەرع زانانە دەڵێن کە ڕێگە بە هاسەرگیری مسیار دەدەن و ڕێگری لە هاوسەرگیری سیغە دەکەن و بە بانێك و دوو هەوا وەسەفی دەکەن.

بۆیە بە پێویستم زانی لە سنووری ئەوەندەی پەیوەندی بەبابەتەکەی ئێمەوە هەیە باسێك بۆ هاوسەرگیری سیغەیش تەرخان بکەین تا ئەو گومان و بەرچاولێڵیانە ڕوون بکەینەوە و خاڵە جیاواز و لەیەکچووەکانی نێوان ئەو دوو هاوسەرگیرییە بخەینە ڕوو و هۆکاری جیاوازی حوکمەکانیشیان باس بکەین

لە پێناو دەرنەچوونیش لە سنووری باسەکە و پەرت نەکردنی هزری خوێنەر باس لە مێژووی هاتنی ئەم هاوسەرگیرییە و بەڵگە مێژووییەکانی و ڕاجیایی زانایان لەو بارەیەوە ناکەین؛ چونکە ئەوانە بابەتگەلێکی بڕاوە و دیارن و بەسەدەها پەرتووکیان لەسەر نووسراوە و دەرەنجامەکانیان ڕوون و ئاشکران؛ بەڵکو بەکورتی پێناسەی دەکەین و باس لە شێوازی ئەنجامدان و مەرج و بنەماکانی دەکەین.

بەو پێیەیش کە ئەم هاوسەرگیرییە تەنها لە ناو زانایانی شیعە مەزهەبدا ڕێگە پێدراوە، بۆ زانیارییەکان تەنها پشت بەسەرچاوەکانی ئەو زانایانە دەبەستین تا لەدیدی خۆیانەوە و دادوەرانە هەڵسەنگاندن بۆ بابەتەکە بکەین و لە دیدی نەیارانیانەوە قسەی لەسەر نەکەین.

سەرەتا بە پێناسەکەی دەست پێدەکەین:

## یەکەم: پێناسە:

هاوسەرگیری سیغە لە زمانی عەرەبیدا بە (زواج المتعة) ناسراوە، هەر چەندە زاراوە کوردییەکەی کە سیغەیە زۆر گوزارشت لە واتە عەرەبییەکەی ناکات و وەك ئەو ورد نییە و پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە؛ بەڵام لەناو خەڵکیدا وا باوە؛ بۆیە لێرەدا سەرەتا قسە لەسەر واتە زمانەوانییەکەی دەکەین و پاشان دەچینە سەر واتە زاراوەییەکی.

وشەی (المتعة) لە زمانی عەرەبیدا بەواتای چێژ وەرگرتن یان چێژ بینین دێت، کە مەبەستی سەرەکی ئەم هاوسەرگیرییەیە بریتییە لە چێژوەرگرتنی جەستەیی هاوسەرەکان لە یەکتر و تێرکردنی ئارەزووەکانیان؛ هەر بۆیە هاوسەرگیرییەکە بەو ناوەوە ناو نراوە[١]، لە پەرتووکی (جامع المقاصد) دا هاتووە: (وإنما سمي متعة لأن الغرض منه محض التمتع والشهوة دون الولد واستدامة المعاش)[٢]. بۆیە پێی دەگوترێت چێژ چونکە مەبەست لێی تەنها چێژ بینین و ئارەزوبازییە نەك خستنەوەی منداڵ و پێکەوە ژیان.

لە ڕووی زاراوەیشەوە هاسەرگیری سیغە (زواج المتعة): بەو هاوسەرگیرییە دەگوترێت کە بە کرێیەکی دیاریکراو، بۆ کاتێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت[٣].

## دووەم: گەورەیی و پاداشت:

لای پێڕەوانی مەزهەبی شیعە دوو جۆر هاوسەرگیری هەیە:

---

١ - الجوهري، الصحاح، ج٣، ص١٢٨٢. إبن منظور، لسان العرب، ج٨، ص٣٢٨. الزبيدي، تاج العروس، ج٥، ص٥٠٧.

٢ - المحقق الكركي (علي بن الحسين الكركي)، جامع المقاصد في شرح القواعد، ج١٣، مؤسسة آل البيت، قم، ط١، ١٤٠٨، تحقيق: مؤسسة آل البيت، ص٧.

٣ - المفيد (محمد بن محمد بن النعمان)، خلاصة الإيجاز في المتعة، تحقيق: علي أكبر زماني نزاد، ص١٨. الطوسي، النهاية، ٤٨٩. إبن البراج (عبد العزيز بن البراج الطرابلسي)، المهذب، ج٢، جامعة المدرسين، قم، ط، ١٤٠٦، تحقيق: الشيخ السبحاني، ص١٧٩.

یەکەمیان: هاوسەرگیری بەردەوامە: وەك ئەو هاوسەرگیرییە شەرعییە ئاسایییەی لای پێڕەوانی سوننەت هەیە.

دووەمیان: هاوسەرگیری سیغەیەیە کە ئێستا باسی دەکەین.

بەڵام لای ئەوان هاوسەرگیری بەردەوام کارێکی ئاساییە و خێرێکی ئەوتۆی نییە و زۆر خەڵکی بۆ هان نادەن؛ بەڵام هاوسەرگیری سیغە بە یەکێك لە هەرە خێرە گەورەکان و پەرستشە ناوازەکان ئەژمار دەکەن کە هەموو گوناهەکانیانی پێ هەڵدەوەرێت و زۆر لە خوایان نزیك دەکاتەوە.

لە پەڕتووکی (خلاصة الإيجاز) دا لە ئەبی عەبدوڵڵاوە دەگێڕنەوە کە گوتویەتی: (ما من رجل تمتع ثم اغتسل إلا خلق الله من كل قطرة تقطر منه سبعين ملكا يستغفرون له إلى يوم القيامة، ويلعنون متجنبها إلى أن تقوم الساعة)[١]. واتە: هەرپیاوێك هاوسەرگیری سیغە بکات و پاشان خۆی بشوات، خوای گەورە لە هەر دڵۆپە ئاوێك کە خۆی پێ شۆردوە حەفتا فریشتە دورست دەکات داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن لای خوای گەورە و نەفرەت لەو کەسانە دەکەن کە سیغە ناکەن و خۆیانی لێ دەپارێزن تا ڕۆژی داوایی.

## سێیەم: شێوازی ئەنجامدان:

حەلەبی دەربارەی شێوازی ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە دەڵێت: (وصفته أن يقول مريده لمن يريد التمتع بها...أريد أن تمتعيني نفسك على كتاب الله وسنة نبيه ﷺ، كذا وكذا يوما أو شهرا أو سنة، بكذا وكذا درهما أو دينارا أو بما يتعين مما له قيمة، على أن لا ترثيني ولا أرثك، وأن أضع الماء حيث شئت، وأنه لا سكنى لك ولا نفقة، وعليك إذا انقضت المدة العدة)[٢]. واتە: شێوازی ئەنجامدانەکەی ئەوەیە ئەو کەسەی دەیەوێت ئەنجامی بدات بەو ئافرەتە دەڵێت کە دەیەوێت سیغەی لەگەڵ بکات. دەمەوێت خۆتم لێ سیغە بکەیت لەسەر بەرنامەی خودا و سوننەتی پێغەمبەرﷺ، ئەوەندە و ئەوندە ڕۆژ یان مانگ یان ساڵ، بە ئەوەندە و ئەوندە دینار یان درهەم یان بەهەر شتێکی تر کە بەهایەکی دیاریکراوی

---

١ - المفيد، خلاصة الإيجاز، ص٤٣.

٢ - أبو الصلاح الحلبي، الكافي، ط، ١٤٠٣، تحقيق: الشيخ رضا أستادي، ص٢٩٨. إبن البراج، المهذب، ج٢، ص٢٤٠. الحلي (الحسن بن يوسف بن المطهر)، مختلف الشيعة في أحكام الشريعة، ج٧، ط١، ١٤١٢، التحقيق: لجنة التحقيق في مؤسسة النشر الإسلامي، ص٢٤٤.

هەبێت، بەمەرجێك – هەر کەسێکمان لەو ماوەیەدا مردین- نە من میراتی لە تۆ دەبەم و نە تۆ میراتی لەمن دەبەیت، وە هەر چۆنێکم پێ خۆش بوو و لە هەر کوێوە ئاوها دێمە لات، وە نە شوێنی مانەوەت لەسەر من بێت نە بژێوی ژیانت، وە هەر کات ماوەی هاوسەرگیرییەکەمان تەواو بوو سوورِی مانگانە بشۆیتەوە. جا ئەگەر ئافرەتەکە بەوانە ڕازی بوو وەڵامی پیاوەکە دەداتەوە و دان بەمەرجەکاندا دەنێت و بەمەیش هاوسەرگیرییەکەیان دادەمەزرێت.

لە (بحار الأنوار) یشدا مەجلیسی دەربارەی شێوازی ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە دەڵێت: (فيقول لها: متعيني نفسك على كتاب الله عز وجل وسنة نبيه صلى الله عليه وآله نكاحا غير سفاح، أجلا معلوما باجرة معلومة وهي ساعة أو يوم أو يومان أو شهر أو سنة أو ما دون ذلك أو أكثر، والأجرة ما تراضيا عليه... ثم يقول لها: على ألا ترثيني ولا أرثك، وعلى أن الماء لي أضعه منك حيث أشاء، وعليك الاستبراء خمسة وأربعين يوما أو محيضا واحدا، فإذا قالت: نعم أعدت القول ثانية وعقدت النكاح به)[1]. واتە: پیاوەکە پێی دەڵێیت: خۆتم لێ سیغە بکە لەسەر بەرنامەی خودا و سوننەتی پێغەمبەرﷺ بە هاوسەرگیرییەکی شەرعی نەك داوێن پیسی، ماوەیەکی دیاریکراو بە کرێیەکی دیاریکراو، بۆ کاژێرێك یان ڕۆژێك یان دووان یان مانگێك یان ساڵێك یان لەوە زیاتر یان کەمتر، وە کرێکە ئەوەندە دەبێت کە لە سەری ڕێدەکەون، پاشان پێی دەڵێت: بەمەرجێك – هەر کەسێکمان لەو ماوەیەدا مردین- نە من میراتی لە تۆ دەبەم و نە تۆ میراتی لەمن دەبەیت، وە ئاو و ئارەزوو هی منە و بەدەست منە و هەر چۆنێکم پێ خۆش بوو و لەهەر کوێوە ئاوها دێمە لات، وە هەر کات ماوەی هاوسەرگیرییەکەمان تەواو بوو سورِی مانگانە بشۆیتەوە کە چل و پێنج ڕۆژە یان یەك سورِی مانگانەیە. جا ئەگەر ئافرەتەکە بەوانە ڕازی بوو وەڵامی پیاوەکە دەداتەوە و قسەکانی ئەو دووبارە دەکاتەوە و بەمەیش هاوسەرگیرییەکەیان دادەمەزرێت.

---

١ - المجلسي (محمد باقر المجلسي)، بحار الأنوار الجامعة لدرر أخبار الأئمة الأطهار، ج٥٣، مؤسسة الوفاء، بيروت، ط٢، ١٤٠٣، ص٣٠. علي بن بابويه، فقه الرضا، ط١، ١٤٠٦، تحقيق: مؤسسة آل البيت، ص٢٣٢. أبو الصلاح الحلبي، الكافي، ص٢٩٧. الطوسي، الخلاف، ج٤، ص٣٤٠.

## چوارەم: گرنگترین حوکمەکان:

گرنگترین حوکمەکانی هاوسەرگیری سیغە کە لە هەر هاوسەرگیرییەکی تری جیا دەکاتەوە ئەمانەن:

١- کات و کرێ دوو بنەمای سەرەکی ئەم هاوسەرگیرییەن و پێویستە لەکاتی گرێبەستەکەدا دیاری بکرێن: بۆیە دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکەدا ئەو ماوەیە دیاری بکرێت کە هاوسەرەکان پێکەوە دەمێننەوە و ئەو کرێیەیش دیاری بکرێت کە پیاوەکە دەیداتە ئافرەتەکە، خۆ ئەگەر کاتەکە دیاری کرا و کرێکەی باس نەکرا ئەو کات گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەریش کرێکە باس کرا و کاتەکەی دیاری نەکرا ئەو کات دەبێتە هاوسەرگیری هەمیشەیی. لە (غنية النزوع) دا هاتووە: (وأما نكاح المتعة تفتقر صحته إلى شرطين: أحدهما تعيين الأجر، والثاني تعيين الأجل، فإن ذكر الأجر دون الأجل كان دواما، وإن ذكر الأجل فقط فسد العقد)[١]. واتە: هاوسەرگیری سیغە بۆ ئەوەی بە دروستی دابمەزرێت پێویستی بە دوو مەرجە: یەکەمیان کرێکەی دیاری بکرێت. دووەمیشیان کاتەکەی دیاری بکرێت، خۆ ئەگەر باسی کرێکە کرا و باسی کاتەکەی نەکرا ئەو کات دەبێتە هاوسەرگیری بەردەوام، ئەگەریش تەنها کاتەکەی باس کرا ئەو کات گرێبەستەکە دروست نییە و هەڵدەوەشێتەوە.

٢- کاتی گرێبەستەکە زۆر بێت یان کەم بەپێی ڕێکەوتنی هاوسەرەکان خۆیانە: بۆ نموونە دەکرێت هاوسەرگیری سیغە تەنها بۆ چەند خولەکێك یان کاژێرێك یان ڕۆژێك یان هەفتەیەك یان مانگێك یان هەر ماوەیەکی تر بەپێی ئارەزووی هاوسەرەکان خۆیان ئەنجام بدرێت. لە (شرح اللمعة) دا هاتووە: (..(وكذا) لا تقدير (في الأجل) قلة وكثرة)[٢]. هەروەها کاتەکەی کەم و زۆری بۆ نییە.

٣- سیغە کردن لە گەڵ ئافرەتانی جولەکە و مەسیحی دروستە؛ بەڵام لەگەڵ ئافرەتانی ئەهلی سوننەت دروست نییە: لە (مختلف الشيعة) دا هاتووە: (المشهور كراهة التمتع باليهودية والنصرانية... وجعل ابن حمزة التمتع باليهودية والنصرانية جائزا من غير

---

١ - إبن زهرة الحلبي، غنية النزوع، ص٣٥٥. علي بن محمد القمي، جامع الخلاف والوفاق بين الإمامية وبين أئمة الحجاز والعراق، تحقيق: حسين الحسني البيرجندي، مطبعة باسدار إسلام- ط١، ص٤٥٦.

٢ - الشهيد الثاني (زين الدين الجبعي)، الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية، ج٥، مطبعة أمير، قم، ط١، ١٤١٠، ص٢٨٤.

كراهة، والكافرة غير الذمية والناصبية[١] حراما، إلا عند الضرورة)[٢]. واتە: وا باوە کە سیغەکردنی ئافرەتانی جولەکە و گاور باش نەبێت، ئیبن حەمزە دەڵێت دروستە و هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام لەگەڵ ئافرەتانی بێ باوەڕ و پەیڕەوانی ئەهلی سوننەت دروست نییە مەگەر لە حاڵەتی ناچاریدا نەبێت. لە (تحريم الأحكام) یشدا هاتووە: (ولا يجوز التمتع بالوثنية ولا الناصبة المعلنة بالعداوة)[٣]. واتە: سیغە کردن لەگەڵ ئافرەتانی بت پەرست دروست نییە، هەروەها لەگەڵ پێڕەوانی ئەهلی سوننەیش دروست نییە کە بە ئاشکرا دژایەتی بنەماڵەی پێغەمبەر ﷺ و شیعە دەکەن و ڕقیان لێیانە.

٣- لە سیغەدا تەمەن بە مەرج ناگیرێت: بۆیە دروستە سیغە لەگەڵ منداڵی بچوك و تەنانەت شیرەخۆرەیش بکرێت بەڵام بەمەرجێك کاری جووت بوونی لەگەڵ ئەنجام نەدات: لە (تحرير الوسيلة) دا هاتووە: (لا يجوز وطء الزوجة قبل إكمال تسع سنين، دواما كان النكاح أو منقطعا، وأما سائر الإستمتاعات كاللمس بشهوة والضم والتفخيذ فلا بأس بها حتى في الرضيعة)[٤]. واتە: سەرجێی کردن لەگەڵ خێزان بەر لەوەی تەمەنی نۆ ساڵ تەواو بکات دروست نییە، جا هاوسەرگیرییەکەیان کاتی بێت یان هەمیشەیی جیاوازی نییە؛ جگە لەوە هەموو جۆرەکانی تری چێژ وەرگرتن وەك دەست بۆ بردن و لەباوەش گرتن و خۆ پێوە نوساندن بە مەبەستی ئارەزووبازی هیچ کێشەی نییە تەنانەت ئەگەر لە گەڵ منداڵی شیرەخۆرەیشدا بێت.

---

١ - وشەی (نواصب) کە کۆی وشەی (ناصبي) یە و لە زمانی عەرەبیدا بەواتەی سەنگەرلێگرتن و دژایەتی کردن بەکار دێت، بەداخەوە لای زۆرێك لە زانایانی شیعە مەزهەب و لە ئەدەبیاتی شیعەدا بەرامبەر بە پێڕەوانی ئەهلی سوننەت بەکار دێت بەو واتایەی کە پێڕەوانی ئەهلی سووننەت دژایەتی بنەماڵەی پێغەمبەر ﷺ دەکەن و خۆشیان ناوێن، ئەوەیش بەهەڵەداچوونێکی گەورەیە؛ چونکە لە دیدی پێڕەوانی ئەهلی سوننەتدا نەك تەنها خۆشویستنی پێغەمبەرو بنەماڵەکەی فەرزە و ڕقلێبوونەوەیشیان کوفر و بێ دینی؛ بەڵکو هەمان هەڵوێستمان بەرامبەر بە هاوەڵانیشی هەیە کە لەخزمەتیدا بوون.

٢ - العلامة الحلي، مختلف الشيعة، ج٧، ص٢٤٣.

٣ - العلامة الحلي، تحرير الأحكام، ج٣، مطبعة طوس، مشهد، ص٥٠٢.

٤ - الخميني، تحرير الوسيلة، ج٢، مطبعة الآداب، النجف، ط٢، ١٣٩٠، ص٢٤١. الكلبايكاني (محمد رضا الموسوي)، هداية العباد، ج٢، مطبعة قم، إيران، ط١، ١٤١٣، ص٣٠٥. لطف الله الصافي، هداية العباد، ج٢، مطبعة سبهر، ط١، ١٤١٦، ص٢٣٨.

٥- لە هاوسەرگیری سیغەدا بوونی شایەت بەمەرج ناگیرێت: لە (النهایة)دا هاتووە: (وأما الإشهاد والإعلان فليسا من شرائط المتعة على حال)[١]. واتە: بوونی شایەت و ڕاگەیاندنی پرۆسەکە بە هیچ شێوەیەك بە مەرج دانانرێت لە هاوسەرگیری سیغەدا. (عن حمران بن أعين حيث سئل عن المتعة بشهود؟ فقال: إن أشهد فحسن، وإن لم يشهد فجائز، أليس الله وملائكته يشهدون؟!!)[٢]. واتە: لە حمرانی کوڕی ئەعیون دەگێڕنەوە کاتێك پرسیاریان لێکردووە دەربارەی بوونی شایەت لە هاوسەرگیری سیغەدا؟ گوتویەتی: ئەگەر شایەتی تێدا بێت باشە، خۆ ئەگەر نەبوو دروستە، ئەی خودا و فریشتەکان ئاگایان لێی نییە و شایەت نین؟!!.

٦- لە هاوسەرگیری سیغەدا هاوسەرەکان میرات لەیەکتر نابەن ئەگەر خۆیان بوونی میراتیان بەمەرج دانەنابێت: لە (النهایة)دا هاتووە: (وليس في نكاح المتعة توارث شرط نفي الميراث أو لم يشرط، اللهم إلا أن يشرط أن بينهما التوارث فإن شرط ذلك ثبتت بينهما الموارثة)[٣]. واتە: لە هاوسەرگیری سیغەدا میرات لەیەك گرتن بوونی نییە، جا ئەوەیان بەمەرج گرتبێت یان نا جیاوازی نییە، بەڵام ئەگەر لە گرێبەستەکەدا مەرجی ئەوەیان دانابوو کە میرات لەیەکتر ببەن ئەو کاتە میرات لەیەکتر دەبەن.

٧- دروستە کچ بە بێ مۆڵەت و ئاگاداری باوکی هاوسەرگیری سیغە بکات: بەڵام لەو کاتەدا هاوسەرەکەی بۆی نییە لە داوێنەوە سەرجێی لەگەڵ بکات. ئەبو عەبدڵڵا دەڵێت: (لا بأس بتزويج البكر إذا رضيت من غير إذن أبيها)[٤]. واتە: هاوسەرگیری کردن لەگەڵ کچ بە بێ پرسی باوکی ئاساییە بەمەرجێك خۆی ڕازی بێت. لە (النهایة) شدا هاتووە: (يجوز للبكر أن تعقد على نفسها نكاح المتعة من غير إذن أبيها، غير أن الذي يعقد عليها لا يطأها في الفرج)[٥]. واتە: دروستە کچ بۆ خۆی گرێبەستی هاوسەرگیری سیغە ئەنجام بدات بەبێ

---

١ - الطوسي، النهاية، ص٤٨٩. إبن البراج. المهذب، ج٢، ص٢٣٩.
٢ - المفيد، خلاصة الإيجاز، ص٤٩.
٣ - الطوسي، النهاية، ص٤٩١. إبن حمزة الطوسي (محمد بن علي)، الوسيلة إلى نيل الفضيلة، مطبعة الخيام، قم، ط١، ١٤٠٨، تحقي: محمد الحسون، ص٣٠٩.
٤ - المفيد، خلاصة الإيجاز، ص٤٦.
٥ - الطوسي، النهاية، ص٤٦٥. العلامة الحلي، مختلف الشيعة، ج٧، ص٢٣٨.

مۆڵەتی باوکی، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەو کەسەی مارەی دەکات نابێت لە ڕێگەی داوێنەوە سەرجێی لەگەڵ بکات.

٧- لە هاوسەرگیری سیغەدا فرەژنی بەڕەهایی دروستە و ژمارەی هاوسەرەکان دیاریکراو و سنووردار نییە: واتە پیاو چەند ئافرەتی بوێت دەتوانێت لەیەك کاتدا سیغەیان بکات: لە زورارەوە ئەویش لە پێشەوا صادقەوە دەڵێت: (قال: ذكرت له المتعة: أهي من الأربع، فقال: تزوج منهن ألفا فإنهن مستأجرات)[١]. واتە: باسی سیغەیان لێ پرسی ئایا ئەویش دەبێت لە چوار زیاتر نەبێت؟. گوتی: هەزاریان لێ بخوازە ئەوانە کرێ گرتەن. لە (جامع الخلاف و الوفاق) یشدا هاتووە: (ويجوز الجمع في هذا النكاح بين أكثر من أربع)[٢]. لەم هاوسەرگیرییەدا دروستە زیاتر لە چوار ئافرەت بخوازیت. لە (تحرير الأحكام) یشدا هاتووە: (ويجوز له أن يتمتع بأكثر من أربع من غير حصر)[٣]. واتە: دروستە سیغە لەگەڵ زیاتر لە چوار ئافرەت بکات بەبێ سنووردار کردن.

٩- ئەگەر هاسەرگیرییەکە منداڵی لێکەوتەوە نەژادی دەدرێتە پاڵ باوکی: بەڵام ئەگەر نکوڵی لێکرد و گوتی لەمن نییە نادرێتە پاڵی و پێویست بە لیعان[٤] ناکات و ئەو کات

---

١ - المفيد، خلاصة الإيجاز، ص٤٩. الشريف المرتضى (علي بن الحسين الموسوي)، الإنتصار، مؤسسة النشر الإسلامي، قم ، ط١، ١٤١٥، تحقيق مؤسسة النشر الإسلامي، ص٢٩٢. العلامة الحلي، مختلف الشيعة، ج٧، ص٢٢٩.

٢ - علي بن محمد القمي، جامع الخلاف والوفاق، ص ٤٥٦.

٣ - العلامة الحلي، تحرير الأحكام، ج٢، ص٢٧، ج٣، ص٥٠٨.

٤ - لیعان: لەشەرعدا بەوە دەگوترێت کە ئەگەر پیاوێك تۆمەتی داوێنپیسی دایە پاڵ خێزانەکەی یان گوتی منداڵەکەی لە من نییە، ئەو کات خێزانەکەی بۆی هەیە سکاڵای لەسەر تۆمار بکات، ئەگەر کردی پیاوەکەی یان دەبێت بە بەڵگە قسەکەی بسەلمێنێت یانیش چوار جار لەبەردەم دادگادا سوێند بخوات کە قسەکەی ڕاستە و لە جاری پێنجەمدا دەڵێت: بەر نەفرەتی خوا بکەوم ئەگەر درۆم کردبێت و بوختانم بۆ کردبێت. ئەگەر پیاوەکە سوێندی خوارد ئەو کات ئافرەتەکە ڕووبەڕوی سزادان دبێتەوە، یانیش دەبێت ئەویش لەبەردەم دادگا سوێند بخوات و چوار جار بڵێ: پیاوەکەی درۆ دەکات و کاری وای نەکردووە و لە جاری پێنجەمدا دەڵێت: غەزەبی خوام لەسەر بێت ئەگەر ڕاست بکات و کاری خراپەم کردبێت. خوای گەورە دەربارەی ئەم بابەتە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنْفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ﴾.سورة النور- الآيات (٦-٩).

ئەم حوکمەیش دیسانەوە لە هاوسەرگیری سیغەدا دروست نابێت، واتە ئەگەر پیاوەکە تۆمەتێکی لەو جۆرە بداتە پاڵ خێزانەکەی ئەو کات قسەکەی وەردەگیرێت و نەژادی منداڵەکە نادرێتە پاڵ باوکی و ئافرەتەکەیش مافی سکاڵاکردنی نییە.

نەژادی لەسەر دایکی جێگیر دەبێت: لە (جامع الخلاف و الوفاق) دا هاتووە: (و يلحق الولد بالزوج و يلزمه الإعتراف به إذا وطئ في الفرج)[١]. واتە: نەژادی منداڵ دەدرێتە پاڵ باوکی و پێویستە دانی پێدا بنێت ئەگەر لە ڕێگەی دامێنەوە سەرجێی لەگەڵ کردبوو. لە (المهذب البارع) دا هاتووە: (ويلحق الولد وإن عزل، لكن لو نفاه لم يحتج إلى اللعان)[٢]. واتە: نەژادی منداڵ دەدرێتە پاڵ باوکی ئەگەر عەزلیشی[٣] کردبێت، بەڵام ئەگەر نکوڵی لێکرد ئەو کات پێویست ناکات پەنا ببرێتە بەر لیعان.

١٠- ماوەی عیددە لە هاوسەرگیری سیغەدا دوو سوڕی مانگانەیە یان چڵو پێنج ڕۆژە: لە (النهاية) دا هاتووە: (وعدة المتمتعة إذا انقضى أجلها، أو وهب لها زوجها أيامها حيضتان أو خمسة وأربعون يوما)[٤]. واتە: سوڕی مانگانەی ئافرەتەکە پاش تەواوبوونی ماوەی هاوسەرگیرییەکە یان بەخشینی پیاوەکە بۆ ماوەکەی[٥] دوو سوڕی مانگانەیە یان چل و پێنج ڕۆژە.

١١- ئافرەت لە هاوسەرگیری سیغەدا وەك کەنزیەك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت نەك هاوسەر: هەر بۆیە سوڕی مانگانەکەیشی وەك هی کەنیزەك وایە و ژمارەی هاوسەرەکانیش تێیدا سنووردار نییە. عەمری کوڕی ئوزەینە دەڵێت: بە ئەبو عەبدوڵڵام گوت: (كم تحل من المتعة؟ فقال لي: هن بمنزلة الاماء)[٦]. واتە: دروستە تا چەند ئافرەت سیغە بکەیت؟ پێی گوتم: ئەوانە وەکو کەنیزەك وان. واتە: هەرچەندت بوێت دەتوانیت ئەوەندە مارە بکەیت.

١٢- هەموو جەستەی ئافرەت دروستە جێژی لێ ببینرێت و پیاو لە هەر کوێوە ویستی دەتوانێت لەوێوە بچێتە لای: لە (تحرير الأحكام) دا هاتووە: (الوطء في الدبر

---

١ - علي بن محمد القمي، جامع الخلاف والوفاق، ص٤٥٦. إبن زهرة الحلبي، غنية النزوع، ص٣٥٩.

٢ - ابن فهد الحلي (أحمد بن محمد)، المهذب البارع في شرح المختصر النافع، ج٣، ص ٣١٨، تحقيق: مجتبى العراقي.

٣ - مەبەست لە وشەی (عزل) ئەوەیە: کە لەکاتی سەرجێییدا پیاو ئاوەکەی نەکاتە ناو داوێنی خێزانەکەی و لەدەرەوەی داوێنی ئاوەکەی بڕژێت.

٤ - الطوسي، النهاية، ص٤٩١.

٥ - هاوسەرگیری سیغە بە دوو ڕێگە کۆتایی دێت: یەکەم: ئەگەر ئەو ماوەیەی لەسەری ڕێکەوتوون کۆتایی هات. دووەم: ئەگەر پیاوەکە دەست بەرداری مافی خۆی بێت و بەر لە تەواوبوونی ماوەکەی دەست لە ئافرەتەکە هەڵبگرێت و گەردنی ئازاد بکات لەو ماوەیەی کە ماوە.

٦ - المفيد، خلاصة الإيجاز، ص٥١.

مکروه وليس بحرام يتعلق به ما يتعلق بالوطء في القبل)[١]. واتە: لە دواوە چوونە لای ئافرەت باش نییە بەڵام حەرام نییە و هەر وەك ئەوە وایە کە لە پێشەوە چوبێتە لای.

١٣- سیغە کردن لەگەڵ ئافرەت دروستە ئەگەر چی شوویشی کردبێت و هاوسەریشی هەبێت: لە ئەبو عەبدوڵلا دەگێڕنەوە: (في المرأة الحسناء ترى في الطريق ولا تعرف أن تكون ذات بعل أو عاهرة، فقال: ليس هذا عليك، إنما عليك أن تصدقها في نفسها)[٢]. واتە: ئەگەر ئافرەتێکی جوانمان لەو ڕێگەیە بینی و نەمانزانی کە مێردی هەیە یان نا، گوتی: ئەوە ئیشی تۆ نییە، پێویستە باوەڕ بەقسەی خۆی بکەیت. لە (النهاية) شدا هاتووە: (وليس على الرجل أن يسألها: هل لها زوج أم لا؟ لأن ذلك لا يمكن أن تقوم له به بينة. فإن اتهمها في ذلك، احتاط في التفتيش عن أمرها. وإن لم يفعل فليس عليه شئ)[٣]. واتە: پێویست ناکات پیاوەکە لێی بپرسێت: کە ئایا هاوسەری هەیە یان نا؟ چونکە لەوانەیە هیچ بەڵگەی لەسەر ئەو بابەتە دەست نەکەوێت، خۆ ئەگەر گومانی هەبوو لەو بارەیەوە باشتر وایە بەدواداچوون بکات، ئەگەریش نەیکرد هیچی لەسەر نییە و دروستە.

١٤- لە هاوسەرگیری سیغەدا تەلاق[٤] و ئیلاء[٥] و لیعان[٦] بوونیان نییە؛ بەڵام ظهار[٧] ظهار[٧] بوونی هەیە و دادەمەزرێت: لە (الكافی)دا هاتووە: (ولا يقع بها إيلاء، ولا طلاق، ولا

---

١ - العلامة الحلي، تحرير الأحكام، ج٢، ص٢٨.

٢ - المفيد، خلاصة الإيجاز، ص٥٤.

٣ - الطوسي، النهاية، ص٤٨٩.

٤ - واتە تەلاق تێیدا هیچ کاریگەری نییە و ئەگەر پیاوەکە سەد جار خێزانەکەیشی تەڵاق بدات هیچ کاریگەری نابێت، بەڵکو بەکۆتایی هاتنی ماوەکەی پرۆسەکە کۆتایی دێت.

٥ - ئیلاء: لە زمانی عەرەبیدا بە واتای سوێند دێت. لە زاراوەی شەرعیشدا بەوە دەگوترێت کە پیاو سوێند بخوات لەسەر ئەوەی کە بۆ چوار مانگ و زیاتر ناچێت بەلای خێزانەکەیدا و کاری سەرجێی لەگەڵ ناکات لەو کاتەدا خێزانەکەی تا چوار مانگ چاوەڕوان دەکات ئەگەر پیاوەکەی لە سوێندەکەی پەشیمان بۆوە و چووە لای ئەوە باشە ئەگە نا خێزانەکەی سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات و دادگا جیایان دەکاتەوە. خوای گەورە دەربارەی ئەم بابەتە دەفەرموێت: ﴿لِلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ فَإِنْ فَاءُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ وَإِنْ عَزَمُوا الطَّلَاقَ فَإِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾. سورة البقرة: الآيتان (٢٢٦-٢٢٧). بەڵام لە هاوسەرگیری سیغەدا ئەم حوکمە دروست نابێت و ئەم مافە بە ئافرەت نادرێت.

٦ - پێشتر باسمان کردوە.

٧ - ظهار: لە شەرعدا بەوە دەگوترێت کە پیاوێك خێزانەکەی بە دایکی یان خوشکی بچوێنێت بە مەبەستی ئەوەی لە خۆی حەرام بکات و پێی بڵێت: وەکو دایك و خوشکم وایت، لەم حاڵەتەدا ئافرەتەکە لە پیاوەکەی حەرام دەبێت و بۆی نییە بچێت بە لایدا تا کەفارەتی قسەکەی نەدات و دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت ئەگەر بەهۆی

یصح بینهما لعان)[١]. واتە: لە هاوسەرگیری سیغەدا ئیلاء و تەڵاق بوونی نییە و دروست نییە لیعانیان لە نێواندا بکرێت. لە (غنیة النزوع) یشدا هاتووە: (والمتمتع بها لا یتعلق بها حکم الإیلاء، ولا یقع بها طلاق، ولا یصح بینها وبین الزوج لعان، ویصح الظهار)[٢]. واتە: ئەو ئافرەتەی سیغەی لەگەڵ دەکرێت ئیلاء و تەڵاقی بەرامبەر بەکار نایەت و دروست نییە لیعان لە نێوان ئەو و هاوسەرەکەیدا بکرێت بەڵام ظیهار دروستە. لە (الوسیلة) یشدا هاتووە: (ولا یحتاج هذا النکاح إلی طلاق في المفارقة، بل یزول حکمه بانقضاء المدة)[٣]. ئەم هاوسەرگیرییە بۆ کاتی جیابوونەوە پێویستی بە تەڵاق نییە، بەڵکو بەتەواو بوونی ماوەکەی کۆتایی بەهاوسەرگیرییەکە دێت.

١٥- لە سیغەدا دابینکردنی بژێوی ژیانی ئافرەت و شوێنی نیشتەجێ بوون لەسەر هاوسەرەکەی نییە، تەنانەت ئەگەر دوو گیانیش بێت: لە (غنیة النزوع) دا هاتووە: (ولا سکنی لها، ولا نفقة، ولا توارث بینهما، بلا خلاف بینهم أیضا، ولو شرط ذلك کله)[٤]. واتە: دیسان بەکۆی دەنگ ئافرەت لە هاوسەرگیری سیغەدا مافی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون و بژێوی ژیانی پێ نادرێت و لەگەڵ هاوسەرەکەی میرات لە یەکتر نابەن ئەگەر چی هەموو ئەوانە بە مەرجیش گیرابێت.

١٦- هاوسەرگیری سیغە ئافرەتی سێ بەسێ تەڵاق دراو حەڵاڵ ناکاتەوە بۆ هاوسەری یەکەمی: لە هاوسەرگیری ئاساییدا کاتێك ئافرەتێك بۆ سێیەم جار تەڵاق دەدرێت ناتوانێت بگەڕێتەوە لای هاوسەری یەکەمی، تا لەگەڵ پیاوێکی تر هاوسەرگیری نەکات پاشان ئەویش بمرێت یان تەڵاقی بدات ئەوجا بۆی هەیە بگەڕێتەوە لای هاوسەری یەکەمی؛ بەڵام بەمەرجێك هاوسەرگیری دووەمی بە ڕێکەوتن نەبێت و کاتی نەبێت و مەرجی ئەوەی تێدا

---

پیری یان نەخۆشی بەردەوام نەیدەتوانی بەڕۆژوو بێت ئەو کات دەبێت خواردنی شەست هەژار بدات. خوای گەورە دەربارەی ئەم بابەتە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْكُمْ مِنْ نِسَائِهِمْ مَا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلَّا اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنْكَراً مِنَ الْقَوْلِ وَزُوراً وَإِنَّ اللهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ﴾. سورة المجادلة: الآیة (٢).

١ - الحلبي (أبو الصلاح الحلبي)، الکافي، ص٢٩٧.

٢ - إبن زهرة الحلبي، غنیة النزوع، ص٣٥٥.

٣ - إبن حمزة الطوسي، الوسیلة، ص٣٠٩.

٤ - إبن زهرة الحلبي، غنیة النزوع، ص٣٥٥. الحلبي (أبو الصلاح الحلبي)، الکافي، ص٢٩٧. إبن حمزة الطوسي، الوسیلة، ص٣٠٩. علي بن محمد القمي، جامع الخلاف والوفاق، ص ٤٥٦.

نەبێت کە تەڵاقی بداتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لای هاوسەری یەکەمی، بەڵکو دەبێت هاوسەرگیرییەکی ئاسایی هەمیشەیی بێت و پاشان ئەگەر پیاوەکە مرد یان لێك جیابوونەوە ئەو کات بۆی هەیە بگەڕێتەوە لای هاوسەری یەکەم؛ بەڵام هاوسەرگیری سیغە ئەم حوکمە دروست ناکات، واتە ئەگەر ئافرەتە تەڵاق دراوەکە بە سیغە شووی کرد حەڵاڵ نابێتەوە بۆ مێردی یەکەمی، لە (الإنتصار)دا هاتووە: (والأظهر من المذهب أن المتمتع بها لا تحلل المطلقة ثلاثا للزوج الأول)[1]. واتە: بۆچوونی پەسەند لە مەزهەبدا ئەوەیە کە سیغە کردن ئافرەتی تەڵاقدراوی سێ بە سێ حەڵاڵ ناکاتەوە بۆ هاوسەری یەکەم.

١٧- لە هاوسەرگیری سیغەدا دروستە دوو ئافرەتی مەحرەم لەیەك کاتدا خێزانی یەك پیاو بن، وەك پور و خوشکەزا یان پور وبرازا؛ لە (رسائل المرتضى) دا هاتووە: (نكاح المرأة على عمتها وخالتها جائزان إذا رضيت العمة والخالة بذلك)[2]. واتە: دورستە ئافرەت هاوسەرگیری بەسەر پوری خۆیدا بکات خوشکی باوکی بێت یان دایکی جیاوازی نییە، بە مەرجێك پوری ڕازی بێت. لە (الإنتصار) یشدا هاتوە: (ومما انفردت الإمامية به: إباحتهم أن تتزوج المرأة على عمتها وخالتها بعد أن يستأذنهما وترضيا به، ويجوزون أن يتزوج بالعمة وعنده بنت أخيها وإن لم ترض بنت الأخ، وكذلك يجوز عندهم أن يعقد على الخالة وعنده بنت أختها من غير رضى بنت الأخت)[3]. واتە: یەکێك لەو بابەتانەی کە شیعەکان تاك ڕەوانە ڕێگەی پێدەدەن: ئەوەیە کە ئافرەت بۆی هەیە بەسەر پوری خۆیدا هاوسەگیری بکات خوشکی باوکی بێت یان دایکی جیاوازی نییە؛ بەڵام پاش ئەوەی مۆڵەتیان لێ وەردەگیرێت و ڕازی دەبن، هەروەها ڕێگە دەدەن بەوەی پیاوێك پوری خێزانەکەی بهێنێت برازای بێت یان خوشکەزا جیاوازی نییە، ئەگەریش برازا یان خوشکەزاکە ناڕازیش بن.

١٨ — لە هاوسەرگیری سیغەدا مەرج نییە پیاو دادپەروەر بێت لەنێوان خێزانەکانیدا: لە (غنية النزوع) دا هاتووە: (ويجوز الجمع في هذا النكاح بين أكثر من أربع،

---

١ - الشريف المرتضى، الإنتصار، ص٢٧٦.

٢ - الشريف المرتضى، رسائل المرتضى، ج١، مطبعة سيد الشهداء، قم، ط، ١٤٠٥، ص٢٣٧.

٣ - الشريف المرتضى، الإنتصار، ص٢٧٦.

ولا يلزم العدل بينهن في المبيت)[1]. واتە: لەم هاوسەرگیرییەدا دروستە پیاو زیاتر لە چوار هاوسەری هەبێت و مەرجیش نییە دادپەروەر بێت لە دابەشکردنی شەوەکانی لە نێوانیاندا.

١٩- هاوسەرگیری سیغە سیفەتی (إحصان) بۆ مرۆڤ دروست ناکات: لە یاسی سزادانی ئیسلامیدا بۆ تاوانی داوێن پیسی دوو جۆر سزامان هەیە، یەکێکیان شەللاق لێدانە ئەوی تر بەردباران کردنە هەتا مردن، سزاکانیش بەپێی سیفەتی کەسەکان دەگۆڕێن، بۆ نموونە: ئەگەر ئەو کەسەی تاوانەکەی کردوە کوڕ بێت یان کچ و پێشتر هاوسەرگیری نەکردبێت وە لە سایەی گرێبەستێکی حەڵاڵدا کاری سەرجێێ نەکردبێت، ئەو کەسە پێی دەگوترێت (بكر) و سزاکەی سەد شەللاق دەبێت، ئەگەریش کەسەکە پێشتر هاوسەرگیری کردبێت وە بەحەلاڵی بۆ یەك جاریش بێت کاری سەرجێی کردبێت پاشان داوێن پیسی کردبێت، ئەو کەسە پێی دەگوترێت (محصن) و سزاکەی بەردباران کردن دەبێت تا مردن. واتە ئەوەی لێرەدا کاریگەری هەیە لەسەر جۆری سزاکە و سیفەتی کەسەکان دەگۆڕێت، بوونی گرێبەستی هاوسەرگیری پێشترە. لای شیعەکان هاوسەرگیری سیغە ئەم گۆڕانکارییە لە سیفەتی کەسەکان و جۆری سزاکەدا دروست ناکات، و ئەوان پێیان وایە کەسێك هەتا هاوسەرگیری بەردەوام نەکات هەر بە (بكر) ئەژمار دەکرێت و ئەگەر هەزار جاریش سیغەی کردبێت نابێتە (محصن). لە (السرائر) دا هاتووە: (ويراعى في العقد أن يكون مالكا له على جهة الدوام دون نكاح المتعة، فإن المتعة لا تحصن)[2]. واتە: لە گرێبەستەکەدا ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە هاوسەرگیرییەکەیان هەمیشەیی بێت نەك سیغە، چونکە سیغە سیفەتی (إحصان) دروست ناکات.

### پێنجەم: خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان هاوسەرگیری مسیار و سیغە:

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی کە باسمان کرد لەم بڕگەیەدا تیشك دەخەینە سەر خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان هاوسەرگیری مسیار و سیغە تا لای خوێنەر ڕوون بێتەوە کە ئایا ئەم دوو هاوسەرگیرییە یەك حوکمیان هەیە یان نا و سەرەتا لە خاڵە هاوبەشەکانەوە دەست پێ دەکەین کە تەنها دوو خاڵە ئەوانیش:

---

١ - إبن زهرة الحلبي، غنية النزوع، ص٣٥٥.

٢ - ابن إدريس الحلي (جعفر بن محمد بن منصور)، السرائر، ج٣، مؤسسة النشر الإسامي، قم، ط٢، ١٤١٠، تحقيق: لجنة تحقيق، ص٤٤١.

١- مەبەستی سەرەکی لە هەردوو هاوسەرگیریەکەدا زۆربەی کات چێژ وەرگرتن و ئارەزوو تێر کردنە، بەبێ ڕەچاوکردنی مەبەستەکانی تری هاوسەرگیری.

٢- ڕەچەڵەك و نەژادی منداڵ لە هەردوو هاوسەرگیرییەکەدا بۆ هاوسەرەکان دە گەڕێتەوە.

بەڵام خاڵە جیاوازەکانی نێوانیان زۆرە و گرنگترینیان ئەمانەن:

١- هاوسەرگیری سیغە بە کۆدەنگی زانایان دروست نییە و بەتاڵە و هەمان حوکمی زینای هەیە، پێشەوا قورطوبی لەو بارەیەوە دەڵێت: (وقد كان إبن عباس يقول بجوازها ثم ثبت رجوعه عنها فانعقد الإجماع على تحريمها)[١]. واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس پێی وابووە کە دروستە، دواتر سەلماوە کە لەو بۆچوونەی پاشگەز بۆتەوە و بەمەیش کۆدەنگی زانایان دروست بووە لەسەر ئەوەی کە حەرامە. پێشەوا نەوەوی لە ڕاڤەی صەحیحی موسلیمدا دەڵێت: (نكاح المتعة كان جائزا في أول الإسلام، ثم ثبت بالأحاديث الصحيحة المذكورة هنا أنه نسخ و انعقد الإجماع)[٢]. واتە: هاوسەرگیری سیغە لە سەرەتای ئیسلامدا ڕێگەپێدراو بووە، پاشان و لەڕێی ئەو فەرموودە دروستانەی کە لێرەدا باسمان کردون ئەوە سەلماوە کە حوکمەکەی هەڵوەشاوەتەوە و سڕاوەتەوە و ئەوەیش کۆدەنگی زانایانی لەسەرە. زورقانیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (والإجماع على حرمتها)[٣]. واتە: زانایان بەکۆی دەنگ پێیان وایە حەرامە. موحەممەد شەمس لحەقیش دەڵێت: (تحريم نكاح المتعة كالإجماع بين المسلمين)[٤]. واتە: حەرامی هاوسەرگیری سیغە وەك کۆدەنگی لێهاتووە لە نێوان زانایاندا. نەفراویش دەڵێت: (يحرم نكاح المتعة.. و حكى المازري الإجماع على حرمته إلى يوم القيامة)[٥]. واتە: هاوسەرگیری سیغە حەرامە.. و مازەری دەڵێت زانایان کۆدەنگن لەسەر

---

١ - القرطبي، أحكام القرآن، ج٥، ص١٣٣.

٢ - النووي (يحيي بن شرف النووي)، شرح النووي على صحيح مسلم، ج٩، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط٢، ١٣٩٢، ص١٧٩.

٣ - الزرقاني (محمد بن عبد الباقي بن يوسف)، شرح الزرقاني على موطأ الإمام مالك، ج٣، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤١١، ص١٩٩.

٤ - محمد شمس الحق، عون المعبود، ج٦، ص٥٩.

٥ - النفراوي، الفواكه الدواني، ج٢، ص١٢.

حەرامی هەتا ڕۆژی دوایی. ئەزهەریش دەڵێت: (لا يجوز نكاح المتعة إجماعا)[1]. واتە: هاوسەرگیری سیغە بەکۆی دەنگ حەرامە. ئەمە لە کاتێکدا هاوسەرگیری مسیار لای زۆرینەی زانایان بە دروست دادەنرێت و کێشەی نییە یان بەلای کەمەوە دەکرێت بە کۆمەڵێك مەرج ڕێگەی پێ بدرێت.

٢- هاوسەرگیری سیغە کاتییە؛ بەڵام مسیار هەمیشەیی و بەردەوامە.

٣- هاوسەرگیری سیغە مافی بژێوی و نیشتەجێ بوون و میرات بردنی تێدا نییە؛ بەڵام لە هاوسەرگیری مسیاردا هەموو ئەو شوێنەوارانە دروست دەبێت.

٤- هاوسەرگیری سیغە تەڵاق و ئیلاء و لیعانی تێدا نییە، هەموو ئەم حوکمانە لە هاوسەرگیری مسیاردا هەیە.

٥- لە هاوسەرگیری سیغەدا بوونی سەرپەرشتیار و شاهید بە مەرج ناگیرێت، بەڵام لە هاوسەرگیری مسیاردا ئەمانە مەرجی سەرەکین.

٦- لە هاوسەرگیری سیغەدا پیاو دەتوانێت بێ شومار ئافرەت کۆبکاتەوە ئەگەر بگاتە هەزار ئافرەت یان زیاتر، و مەرجیش نییە دادپەروەر بێت لەنێوانیاندا، بەڵام لە هاوسەرگیری مسیاردا دروست نییە لە چوار ئافرەت زیاتر کۆ بکاتەوە و پێویستیشە دادپەروەر بێت لە نێوانیاندا.

٨- هاوسەرگیری سیغە (احصان) دروست ناکات؛ بەڵام مسیار دروستی دەکات.

٩- هاوسەرگیری سیغە ئافرەتی سێ جار تەڵاقدراو حەڵاڵ ناکاتەوە بۆ هاوسەری یەکەمی؛ بەڵام هاوسەرگیری مسیار حەڵاڵی دەکاتەوە.

١٠- دیاری کردنی کرێ لە هاوسەرگیری سیغەدا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەکە و ئەگەر دیاری نەکرێت ئەوە گرێبەستەکە دانامەزرێت و پوچەڵ دەبێتەوە؛ بەڵام لە هاوسەرگیری مسیاردا شتێك بەناوی کرێوە بوونی نییە و مارەیی هەیە و ئەویش بە یەکێك لە شوێنەوارەکانی گرێبەستەکە ئەژمار دەکرێت و باس بکرێت یان نا کاریگەری لەسەر خودی گرێبەستەکە دروست ناکات.

---

١ - صالح عبد السميع الآبي الأزهري، الثمر الداني شرح رسالة القيرواني، ج١، المكتبة القافية، بيروت، ص٤٤٣.

١١- لە هاوسەرگیری سیغەدا پێگەیشتووی ئافرەتەکە و شیاوی جەستەیی و عەقڵی بەمەرج ناگیرێت و تەنانەت لەگەڵ منداڵی شیرەخۆرەیشدا دروستە سیغە بکرێت، بەڵام لە هاوسەرگیری مسیاردا پێگەیشتووی لایەنەکانی گرێبەستەکە و شیاوی جەستەیی و عەقڵی و ڕەزامەندیی تەواویان بە پرۆسەکە بە بنەمای سەرەکیی گرێبەستەکە ئەژمار دەکرێت و ناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت.

١٢- لە هاوسەرگیری سیغەدا مەرج نییە بە دواداچوون بۆ حاڵی ئافرەتە بکرێت کە ئایە هاوسەری تری هەیە یان نا؛ بەڵام لە هاوسەرگیری مسیاردا نەبوونی هەر پەیوەندییەکەی هاوسەرگیری و شوێنەوارەکانیشی[1] بە بنەمای سەرەکی ئەنجامدانی پرۆسەکە ئەژمار دەکرێت.

١٣- لە هاوسەرگیری سیغەدا دەکرێت دوو ئافرەتی مەحرەمی وەکو پور و برازا یان خوشکەزا لە یەك کاتدا هاوسەری یەك پیاو بن؛ بەڵام لە هاوسەرگیری مسیاردا ڕێگە بەکاری وا نادرێت و حەرامە.

١٤- لە هاوسەرگیری سیغەدا هەموو جەستەی ئافرەت حەڵاڵە بۆ پیاو؛ بەڵام لە هاوسەرگیری مسیاردا لە دواوە چوونە لای ئافرەت یان هەندێك شێوازی تری ئارەزوو تێر کردن بەهیچ شێوەیەك ڕێگە پێدراو نییە.

١٥- ئافرەت لە هاوسەرگیری سیغەدا وەك کەنیزەك تەماشا دەکرێت و لە زۆر بابەتدا هەمان مافی هەیە و هەر بۆیەیش پیاو بۆی هەیە لە یەك کاتدا بێ شومار هاوسەرگیری سیغە بکات و دادوەریش نەبێت لەنێوانیاندا و سوڕی مانگانەی هەر ئافرەتێکیش هەر وەك هی کەنیزەك دوو پاك بونەوەیە یان چل و پێنج ڕۆژە، بەڵام لە هاوسەرگیری مسیاردا ئافرەت هەموو مافێکی خێزانی ئاسایی هەیە لە هەموو ڕویەکەوە.

لە کۆتاییدا ماوە ئەوە بڵێین کە ئەم دوو جۆرە هاوسەرگیرییە جگە لە ناوەکەیان نەبێت لە هیچ ڕوویەکی ترەوە لەیەکتر ناچن و ناکرێت بەیەك چاو سەیر بکرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و بکرێنە بەڵگە بەسەر یەکترەوە و بڵێین ئەگەر ئەو دروست

---

١ - مەبەستمان لە شوێنەوارەکان ئەوەیە کە ئەگەر ئافرەتەکە گرێبەستەکەیشی هەڵوەشاندبووەوە؛ بەڵام هێشتا لە عیدەدا بوو یان دووگیان بوو هەر بۆی نییە هیچ هاوسەرگیرییەکی تر بکات تا تەواو پاك دەبێتەوە و هیچ شوینەواری هاوسەرگیرییە پێشوەکەی لەسەر نامێنێت.

بێت ئەمیش دروستە و بەپێچەوانەیشەوە، بەڵکو و هاوسەرگیری سیغە بەهیچ شێوەیەك شەرعی نییە و حەرامە و هەمان حوکمی زینای هەیە و لە زۆر ڕویشەوە هەر وەك زینا وایە؛ بەڵام هاوسەرگیری مسیار کە هەموو بنەما و مەرجە شەرعییەکانی تێدایە و لەڕووی ڕێکەوتنی هاوسەرەکانەوە هەندێك ئاڵۆزی تێدایە، دەکرێت ئاڵۆزییەکانی لە ڕێی دانانی هەندێك مەرج و پێودانگی شەرعییەوە چارەسەر بکرێت و ڕێگەی پێ بدرێت.

سەبارەت بەهەڵوێستی یاسی باری کەسێتی لەسەر هاوسەرگیری سیغە و بەو پێیەی کە ئەم گرێبەستی ئەو هاوسەرگیرییە سەرپێچی شەرعی و یاسایی زۆری تێدایە و زۆرێك لەو مەرج و بنەمایانەی تێدا نییە کە لە یاساکەدا لە مادەی (٣-٨) دا هاتوون هەر لە بوونی شایەت و مەرجی بەردەوامبوون و دیاری کردنی ژمارەی خێزانەکان و مەرجی پێگەیشتن و بالیغ بوون زۆر بابەتی تر، هەر بۆیە لە ڕووی یاساییشەوە ڕێگە پێدراو نییە و دروست نییە.

## باسی چوارەم
## هاوسەرگیری بە مەبەستی جیابونەوە (تەڵاق)

هەرچەندە ئەم هاوسەرگیرییەیش لە کۆندا هەبووە و زانایان قسەیان لە بارەوە کردووە، بەڵام لە ئێستادا لە ژێر چەندین ناو و فۆرمی نوێدا دووبارە بۆتەوە و ڕێژەکەی بەرەو هەڵکشان چووە و لە هەندێك شوێندا لە حاڵەتەوە بۆتە دیاردە و لێکەوتەی خراپی لێکەوتۆتەوە.

بۆیە بە پێویستم زانی لێرەدا قسەیەك لەسەر ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەیش بکەین و وردەکارییەکانی باس بکەین و حوکمی شەرعی لە بارەیەوە بخەینە ڕوو و سەرەتا لە پێناسەکەیەوە دەست پێ دەکەین:

### یەکەم: پێناسە:

هاوسەرگیری بە نیازی جیابونەوە: بەو گرێبەستی هاوسەرگیرییە دەگوترێت کە هەموو بنەما و مەرجە شەرعییەکانی تێدایە؛ بەڵام لەناخی پیاوەکەدا هاوسەرگیرییەکە کاتییە و پاش ماوە یان مەبەستێکی دیاریکراو لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە بەبێ ئەوەی ئەم نیازەی لە گرێبەستەکەدا باس بکات یان بە هاوسەرەکەی بڵێت.

بۆ نموونە: کەسێك هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێك دەکات بەمەبەستی ئەوەی لە ڕێگەی ئەو ئافرەتەوە مافی مانەوە یان پەنابەرێتی یان ڕەگەزنامەی وڵاتێکی تر بەدەست بهێنێت. یان تا خوێندنەکەی یان کارو بازرگانییەکەی لەو شوێنە تەواو دەکات، یان تا لە نەخۆشییەکەی چاك دەبێتەوە، یان ماوەی گەشتەکەی تەواو دەبێت.

### دووەم: شێوازەکان:

هەرچەندە ئەم هاوسەرگیرییە لە ئێستادا چەندین شێوازی جۆراوجۆری هەیە و ناو و شێوازەکانی بە پێی ناوچەکان و کلتوری کۆمەڵگەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت؛ بەڵام لەناوەڕۆکدا هەموویان یەکن و مەبەستی جیابوونەوە کۆیان دەکاتەوە و لە ئێستادا باوترینی شێوازەکانی ئەم هاوسەرگیرییە دووانە ئەوانیش:

١- هاوسەرگیری گەشتیاری (مسفار): ئەم هاوسەرگیرییە لە وڵاتانی نیمچە دورگەی عەرەبی زۆر باوە، بەتایبەت سعودییە، و هۆکاری سەرهەڵدانیشی زۆرە لەوانە: کاتێك ئافرەتێك دەیەوێت لەدەرەوەی سعودیە خوێندن تەواو بکات یاساکانی ئەو وڵاتە ڕێگە نادەن ئافرەت بەتەنها سەفەر بکات و دەبێت مەحرەمێکی لەگەڵ بێت؟ لەو کاتانەدا ئافرەتەکە یان کەسوکارەکەی پەنا بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەبەن و ئافرەتەکە لە کەسێك مارە دەکەن تا دەگاتە شوێنی خۆی و پاشان لەوێ لێك جیا دەبنەوە، یان کاتێك پیاوێك سەفەر دەکات و ماوەیەك لەو وڵاتانە دەمێنێتەوە و دەترسێت تووشی هەڵە بێت ئافرەتێك مارە دەکات تا ماوەی سەفەرەکەی تەواو دەبێت و پاشان تەڵاقی دەدات، هەر بۆیەیش بەم هاوسەرگیرییە گوتراوە هاوسەرگیری (مسفار).

٢- هاوسەرگیری هاوینانە (مصیاف): ئەم هاوسەرگیرییەیش دیسانەوە لە کۆمەڵگەکانی کەنداودا سەری هەڵداوە و هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتانە لە وەرزی هاویندا گەشت بۆ وڵاتانی تر دەکەن و لەوێ وەرزی هاوین بەڕێ دەکەن و بۆ ئەو ماوەیەی کە لەو وڵاتە دەمێننەوە هاوسەرێك پەیدا دەکەن و وەرزی هاوینی لە گەڵ بەڕێ دەکەن و پاشان تەڵاقی دەدەن

جگە لەو دوو هۆکار و شێوازەیش ئەم هاوسەرگیرییە هۆکار و شێوازی تری زۆرە و هەر هاوسەرگیرییەك بە نیازی جیابوونەوە بکرێت دەچێتە خانەی ئەم هاوسەرگیرییەوە و هەمان حوکمی هەیە ئیتر ناو و پاڵنەری هەرچی بێت ئەوە هیچ کاریگەری لەسەر حوکمەکەی دروست ناکات.

### سێیەم: خاڵە هاوبەش و جیوازەکان:

ئەم هاوسەرگیرییە لە ڕوکەشدا هیچ گرفتی نییە و وەك هەر هاوسەگیرییەکی ئاسایی تر ئەنجام دەدرێت و هەموو بنەما و مەرج و مافە شەرعییەکانی هاوسەرگیری ئاسایی تێدایە؛ بەڵام لە ناوەڕۆکدا گرفتی هەیە و کێشەی کاتیی بوون و شاردنەوەی هەندێك ڕاستیی تێدایە کە لەوانەیە ئەگەر کەسی بەرامبەر پێی بزانێت ڕەتی بکاتەوە و قبوڵی نەکات.

سەبارەت بە خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان ئەم هاوسەرگیرییە و ئەو هاوسەرگیرییانەی پێشتر باسمان کرد.

لەگەڵ هاوسەرگیری مسیار: خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم هاوسەرگیرییە و هاوسەرگیری مسیار لەوەدایە کە هەردووکیان هەموو بنەما و مەرجە شەرعییەکانیان تێدایە و لە ڕووکەشدا دوو هاوسەرگیری بەردەوام و هەمیشەیین؛ بەڵام لە دوو خاڵدا جیاوازن:

١- ئەم هاوسەرگیرییە لە ناوەڕۆکدا کاتییە و هاوسەرگیری مسیار هەمیشەییە.

٢-لەم هاوسەرگیرییەدا هەموو مافەکانی هاوسەرەکان پارێزراوە؛ بەڵام لە هاوسەرگیری مسیاردا هەندێك لە مافەکان سازشی لەسەر دەکرێت و هاوسەرەکان بە ئارەزووی خۆیان دەستی لێ هەڵدەگرن.

لەگەڵ هاوسەرگیری سیغەیش: خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم هاوسەرگیرییە و سیغەیش لەوەدایە کە هەردووکیان لە ناوەڕۆکدا کاتیین و بۆ ماوەیەکی دیاری کراون؛ بەڵام لە دووخاڵدا جیاوازن:

١- کاتیبوونی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە ناوەڕۆکی گرێبەستەکە و ناخی پیاوەکەدایە و هیچ کەس پێی نازانێت و هیچ کاریگەرییەکیشی لەسەر خودی گرێبەستەکە نییە؛ بەڵام کاتیی بوونی هاوسەرگیری سیغە مەرجێکی ئاشکرایە و بەڕەزامەندی و ئاگاداری هەردوو هاوسەرەکە دەبێت و کاریگەریی لەسەر گشت پرۆسەکە هەیە.

٢-لەم هاوسەرگییریەدا هەموو بنەما و مەرجە شەرعییەکان بوونیان هەیە؛ بەڵام لە هاوسەرگیریی سیغەدا زۆرێك لەو مەرج و بنەمایانە بوونیان نییە.

### چوارەم: بۆچونی زانایان:

وەك پێشتر گوتمان ئەم هاوسەرگیرییە هەر لە کۆنەوە هەبووە و هەتا ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە و دیارە هۆکار و پاڵنەر و خاڵی ئەرێنی خۆی هەیە کە بەردەوامی پێ دەدات، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵێك گرفت و کێشە و خاڵی نەرێنیشی هەیە کە ڕێگری لێ دەکەن و بەر بە بڵاوبونەوەی دەگرن، ئەمەیش وای کردوە تێڕوانینی زانایان لە بارەیەوە جیاواز بێت و بە شێوەیەکی گشتی زانایان لەسەر ئەم هاوسەرگیرییە دوو بۆچونیان هەیە:

بۆچونی یەکەم: زۆرینەی زانایان لە حەنەفییەکان و شافیعییەکان و حەنبەلییەکان و هەندێك لە زانایانی هاوچەرخ وەك عەبدولعەزیز بن باز و سەید سابق و هەندێکی تر پێیان وایە کە هاوسەرگیری بە نیازی جیابونەوە دروستە و هیچ کێشەی نییە، تەنانەت هەندێك لە زانایان کۆدەنگی زانایان لەسەر ئەو بابەتە باس دەکەن و دەڵێن: (و أجمعوا على أن من نكح نكاحا مطلقا و نيته أن لا يمكث معها إلا مدة نواها فنكاحه صحيح حلال)[١]. واتە: زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی هەر کەسێك هاوسەرگیرییەك بە ڕەهایی ئەنجام بدات و مەبەستی ئەوە بێت کە تەنها ئەو ماوەیە لە گەڵیدا بمێنێتەوە کە لە دڵی خۆیدا هەیە هاوسەرگیرییەکەی دروستە. وە دەڵێن: (وأجمعوا على أن من نكح نكاحا مطلقا ونيته أن لا يمكث معها إلا مدة نواها أنه جائز وليس بنكاح متعة)[٢]. واتە: زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی هەر کەسێك هاوسەرگیرییەك بە ڕەهایی ئەنجام بدات و مەبەستی ئەوە بێت کە تەنها ئەو ماوەیە لە گەڵیدا بمێنێتەوە کە لە دڵی خۆیدا هەیە هاوسەرگیرییەکەی دروستە و نابێتە هاوسەرگیری سیغە.

حەنەفییەکان لەو بارەیەوە دەڵێن: (لو تزوج وفي نيته أن يطلقها بعد مدة نواها صح)[٣]. واتە: ئەگەر هاوسەرگیری کرد و نیازی ئەوە بوو پاش ماوەیەك تەڵاقی بدات دروستە. مالیکییەکانیش دەڵێن: (وأما لو أضمر الزوج في نفسه أن يتزوجها ما دام في هذه البلدة، أو مدة سنة ثم يفارقها فلا يضر)[٤]. واتە: ئەگەر پیاوەکە لە ناخی خۆیدا ئەو نیازەی هەبوو کە تا ئەو کاتەی لەو شارەدا بێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، یان تا ماوەی ساڵێك ئەوە هیچ گرفتی نییە. شافیعییەکانیش دەڵێن: (وتزوجها.. وفي عزمه أن يطلقها إذا وطئها.. صح)[٥]. واتە: هاوسەرگیری لەگەڵ کرد و مەبەستی ئەوە بوو کە ئەگەر سەرجێی لە گەڵ کرد تەڵاقی بدات دروستە. حەنبەلییەکانیش دەڵێن: (إذا تزوجها بغير شرط و في نيته طلاقها فالنكاح صحيح)[٦]. واتە: ئەگەر بەبێ مەرج هاوسەرگیری لەگەڵ کرد و نیازی

---

١ - النووي، شرح النووي على صحيح مسلم، ج٩، ص١٨٢.

٢ - الزرقاني، شرح الزرقاني، ج٣، ص٢٠١.

٣ - إبن السيواسي، شرح فتح القدير، ج٣، ص٢٤٩.

٤ - الصاوي، حاشية الصاوي على الشرح الصغير، ج٤، ص٤٩٧.

٥ - الخطيب الشربيني، مغني المحتاج، ج٣، ص١٨٣-

٦ - إبن مفلح، المبدع، ج٧، ص٨٨.

ئەوەی هەبوو کە تەڵاقی بدات و لێی جیا بێتەوە هاوسەرگیرییەکەی دروستە. ظاهیرییەکانیش لەو بارەیەوە دەڵێن: (فلو رغب المطلق ثلاثا إلى من يتزوجها ويطأها ليحلها له جائز إذا تزوجها بغير شرط لذلك في نفس عقده لنكاحه إياها فإذا تزوجها فهو بالخيار إن شاء طلقها وإن شاء أمسكها .. فلو شرط في عقد نكاحها أنه يطلقها إذا وطئها فهو عقد فاسد مفسوخ أبدا ولا تحل له به)[١]. واتە: ئەگەر ئەو کەسەی سێ جار خێزانەکەی تەڵاق داوە هانی کەسێکی دا تا هاوسەرگیری لەگەڵ خێزانەکەی بکات و دواتر تەڵاقی بدات و حەڵاڵی بکات بۆ ئەم، دروستە بەڵام نابێت ئەو خاڵە لە گرێبەستەکەدا بە مەرج گیرابێت و هەر کات هاوسەرگیری لەگەڵ کرد خۆی ئازادە لەوەی دەیهێڵێتەوە یان تەڵاقی دەدات،.... خۆ ئەگەر ئەوەیان بەمەرج دانا لە گرێبەستەکەدا کە پاش ئەوەی بچێتە لای تەڵاقی بدات ئەو کات گرێبەستەکە پووچەڵ دەبێتەوە و هەڵدەوەشێتەوە و ئافرەتەکەیش بۆ هاوسەری یەکەمی حەڵاڵ نابێتەوە.

لە زانایانی هاوچەرخیش ئەوانەی ڕێگەیان بەم جۆرە هاوسەرگیرییە داوە:

عەبدولعەزیز بن بازی موفتی پێشووی سعودییە دەڵێت: (أما الزواج بنية الطلاق ففيه خلاف بين العلماء: منهم من كره ذلك كالأوزاعي .. و ذهب الأكثرون من أهل العلم ..إلى جواز ذلك إذا كانت النية بينه و بين ربه فقط و ليس بشرط..و هذا هو الأرجح... و لكن ترك هذه النية أولى احتياطا للدين، و خروجا من خلاف العلماء، و لأنه ليس هناك حاجة إلى هذه النية؛ لأن الزوج ليس ممنوعا من الطلاق إذا رأى المصلحة في ذلك و لو لم ينوه عند النكاح)[٢]. واتە: سەبارەت بە هاوسەرگیری بە نیازی جیابونەوە، بۆچوونی زانایان لەو بارەیەوە جیاوازە: هەندێکیان بە باشی نازانن وەك ئەوزاعی.. و زۆرینەیش بە دروستی دەزانن بە مەرجێك مەبەستی پیاوەکە تەنها لە نێوان خۆی و خوادا بێت و نەبێتە مەرج لە گرێبەستەکەدا.. ئەم بۆچونەیش پەسەند ترە، هەرچەندە واز هێنان لەم نیەتە باشترە لە ڕووی ئاینییەوە و تا لەو ناکۆکییەی زانایانیش ڕزگاری بێت و ئەو نییەتەیش لەو کاتەدا

---

١ - إبن حزم الظاهري، المحلى، ج١٠، ص١٨٠.

٢ - عبد العزيز بن عبد الله بن باز، مجموع فتاوى ومقالات ابن باز، ج٥، الرئاسة العامة للبحوث العلمية والإفتاء، وجاءت هذه الفتوى جواباً على سؤال نصه: بعض المسلمين يسافرون للدراسة وغيرها إلى الخارج، فهل يجوز له أن يتزوج بنية الطلاق؟ ص٤٢.

هیچ پێویستییەکی نییە؛ چونکە هیچ ڕێگرییەك لەوە نییە کە هەرکات پیاوەکە بە باشی بزانێت تەڵاقی بدات با لەکاتی گرێبەستەکەشدا ئەو مەبەستەی نەبووبێت .

- سەید سابقیش دەڵێت: (اتفق الفقهاء على أن من تزوج امرأة دون أن يشترط التوقيت، وفي نيته أن يطلقها بعد زمن، أو بعد انقضاء حاجته في البلد الذي هو مقيم به، فالزواج صحيح)[1]. واتە: زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەگەر پیاوێك هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکدا کرد بە بێ ئەوەی کاتیی بوونی هاوسەرگیرییەکەی بەمەرج بگرێت و بەڵام نیازی ئەوەی هەبوو پاش ماوەیەك لێی جیا بێتەوە، یان پاش تەواوبوونی کارەکەی لەو وڵاتەی کە تێیدا نیشتەجێیە هاوسەرگیرییەکەی دروستە.

- ناصر عومەریش کاتێك کەسێك پرسیاری ئەو هاوسەرگیرییەی لێ دەکات لە وەڵامدا دەڵێت: (الذي يظهر لي جواز ذلك لمن هو في مثل حالتك، وهذا أصح قولي العلماء في المسألة..على أن لا تخبر المرأة بذلك، لا تصريحا ولا تلميحا، كما ننبهك أنه لا يجوز لك أن تكتب نيتك بالتطليق بعد مدة في عقد النكاح)[2]. واتە: ئەوەی بۆ من دەرکەوتوە ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە دروستە بۆ کەسێك کە لە بارودۆخی تۆدا بێت و ئەمەیش دروستترین وتەی زانایانە لەو بارەیەوە.. بە مەرجێك ئەمە بە ژنەکە نەگوترێت نە بە ئاشکرا و نە بە ئاماژە، ئاگاداری ئەوەش بە کە دروست نییە لە گرێبەستەکەدا ئەوە تۆمار بکرێت کە پاش ماوەیەك نیازت هەیە تەڵاقی بدەیت.

ئەم زانایانەیش کە ڕێگەیان بەم جۆرە هاوسەرگیرییە داوە پشتیان بەم بەڵگانە بەستووە:

١- ئەم گرێبەستە گرێبەستێکی تەواوە و هەموو بنەما و مەرجەکانی هاوسەرگیری شەرعی تێدایە و هیچ شتێکی خراپی تێدا نییە کاریگەری لەسەر خودی گرێبەستەکە دروست بکات و ئەو نیاز و مەبەستە شاراوەیەیش کە پیاوەکە هەیەتی شتێکی پەنهانە و تەنها لەدڵدایە و شەرعیش چاوپۆشی کردوە لە هەموو ئەو شتانەی کە بەدڵ و دەروونندا

---

١ - السيد سابق، فقه السنة، ج٢، دار الكتاب العربي، بيروت ، ط٨، ١٩٨٧، ص٤١-٤٢.

٢ - لە پرسیارەکەدا هاتووە: من پیاوێکی موسوڵمانم بەمەبەستی خوێندن لە وڵاتێکی ڕۆژئاوایی دەخوێنم و جەنابتان مەترسی ئافرەتان لەم وڵاتانە دەزانن، ئایا بۆم هەیە هاوسەرگیری بکەم بەو مەبەستەی لە کۆتایی خوێندنەکەمدا تەڵاقی بدەم ؟. شبكة المعلومات الدولية، موقع المسلم، قسم الفتاوى،تأريخ الفتوى:١٤٢٤/١٢/١٦.

گوزەر دەکەن بەمەرجێك کەسەکە دەری نەبڕێت و کاری پێ نەکات، پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمویێت: {إِنَّ اللَّهَ تَجَاوَزَ لِأُمَّتِي عَمَّا وَسْوَسَتْ أَوْ حَدَّثَتْ بِهِ أَنْفُسَهَا مَا لَمْ تَعْمَلْ بِهِ أَوْ تَكَلَّمْ}(١). واتە: خوای گەورە چاوپۆشی کردوە لەو خورپە و وەسوەسەیەی کە بە دەروونی مرۆڤدا گوزەر دەکات بەمەرجێك نەیدرکێنێت و کردەوەی پێ نەکات.

٢- ئەگەر هەر هاوسەرێك پاش ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەی نیازی وا بوو خێزانی تەڵاق بدات، ئایا ئەم نییەتە هیچ کاریگەری خراپ لەسەر هاوسەرگیرییەکەیان دروست دەکات؟! بە دڵنیاییەوە نەخێر، کەواتە ئەگەر پێش هاوسەرگیرییەکەیش ئەو نییەتەی هەبوو هەر هیچ کاریگەری خراپ دروست ناکات.

٣- ئەم هاوسەرگیرییە قەڵغانێکی زۆر باشە بۆ خۆ پاراستن لە زینا و داوێن پیسی؛ بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە ناچار دەبن بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوینێك بمێننەوە و دەستیان بە خێزانیان ناگات و دەشترسن لەوەی ئەگەر هەروا بمێننەوە تووشی خراپە بن و ناشتوانن لەو شوێنە ژیانێکی نوێ دروست بکەن؛ چونکە مانەوەیان لەوێ کاتییە و پاش تەواوبوونی کارەکەیان دەبێت بگەڕێنەوە ناو خێزان و منداڵەکانیان، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە تاکە ڕێگەیە بۆ ئەو کەسانە تا خۆیان لە حەرام بپارێزن.

٤- خەڵکانێکی زۆر کە کێشەی مافی مانەوە یان پەنابەرێتییان هەیە لە وڵاتانی بیانی و دەکرێت لەم ڕێگەیەوە ئەو مافە بەدەست بێنن، ئەگەر ڕێگەیان پێ نەدرێت ئەو کات پەنا دەبەنە بەر درۆ کردن یان دین گۆڕین؛ بۆیە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە هەموو ئەگەرەکانی تر باشترە و باجیشی کەمترە.

بۆچونی دووەم: بۆچوونی پەسەندی حەنبەلییەکان و پێشەوا ئەوزاعی لە زانایانی پێشین و کۆمکاری فیقهی ئیسلامی و لیژنەی هەمیشەیی توێژینەوەی زانستی و فەتوایش لە شانشینی عەرەبی سعودی و موحەممەد ڕەشید ڕەزا و زۆرێکی تر لە زانایانی هاوچەرخ لەسەر ئەوەن کە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە حەرامە و دروست نییە و ئەوان لەو بارەیەوە

---

١ - البخاري، صحيح البخاري، ج٦، كتاب (٨٦) الأيمان والنذور، باب (١٤) إذا حنث ناسيا في الأيمان وقول الله تعالى وليس عليكم جناح فيما أخطأتم به وقال لا تؤاخذني بما نسيت الحديث (٢٦٨٧)، ص٢٤٥٤. مسلم، صحيح مسلم، ج١، كتاب (١) الإيمان، باب (٥٨) تجاوز الله عن حديث النفس والخواطر بالقلب إذا لم تستقر، الحديث (١٢٧)، ص١١٦، واللفظ للبخاري.

دەڵێن: (لو نوى بقلبه فهو كما لو شرطه على الصحيح من المذهب)[١]. واتە: ئەگەر لە دڵەوە نیازی هەبوو – تەڵاقی بدات- بۆچوونی دروست لە مەزهەبی ئێمەدا ئەوەیە وەك ئەوە وایە بە مەرجی گرتبێت ئیبن تەیمییەیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (أن يتزوجها ومن نيته أن يطلقها في وقت أو عند سفره .. ولم أر أحدا من أصحابنا ذكر أنه لا بأس به)[٢]. واتە: هاوسەرگیری لەگەڵ بکات بەو نیازەی لە کاتێکی دیاریکراودا یان کە سەفەری کرد تەڵاقی بدات هیچ کەسم لە زانایانی مەزهەبی خۆمان نەبینیوە بڵێت کێشەی نییە. زورقانیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (وأجمعوا على أن من نكح نكاحا مطلقا ونيته أن لا يمكث معها إلا مدة نواها أنه جائز وليس بنكاح متعة .. وشذ الأوزاعي فقال هو نكاح متعة ولا خير فيه)[٣]. واتە: زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی هەر کەسێك هاوسەرگیرییەك بە ڕەهایی ئەنجام بدات و مەبەستی ئەوە بێت کە تەنها ئەو ماوەیە لە گەڵیدا بمێنێتەوە کە لە دڵی خۆیدا هەیە هاوسەرگیرییەکەی دروستە و نابێتە هاوسەرگیری سیغە.... ئەوزاعی لە بۆچونێکی نامۆ و دەگمەندا دەڵێت وەك هاوسەرگیری سیغە وایە و هیچ باشەیەکی تێدا نییە.

- کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامیش دیسان ئەم هاوسەرگیرییەی پێ دروست نییە و لەو بارەیەوە دەڵێت: (الزواج بنية الطلاق: هو زواج توافرت فيه أركان النكاح وشروطه، وأضمر الزوج في نفسه طلاق المرأة بعد مدة معلومة كعشرة أيام، أو مجهولة كتعليق الزواج على إتمام دراسته، أو تحقيق الغرض الذي قدم من أجله، وهذا النوع من النكاح على الرغم من أن جماعة من العلماء أجازوه إلا أن المجمع يرى منعه)[٤]. واتە: هاوسەرگیری بە مەبەستی جیابونەوە: ئەو هاوسەرگیرییەیە کە هەموو بنەما و مەرجەکانی هاوسەرگیری تێدایە و پیاوەکە لە ناخی خۆیدا بڕیاری ئەوەی داوە کە پاش ماوەیەکی دیاریکراوی وەك دە ڕۆژ لە هاوسەرەکەی جیا بێتەوە، یان پاش کاتێکی نادیار وەك هەڵپەساردنی هاوسەرگیرییەکە لەسەر تەواوکردنی خوێندنەکەی، یان تەواوکردنی ئەو کارەی کە بۆی هاتووە، ئەم

---

١ - المرداوي، الإنصاف، ج٨، ص ١٦٣.

٢ - إبن تيمية (أحمد بن عبد الحليم)، الفتاوى الكبرى، ج٤، دار المعرفة، بيروت، ط١، ١٣٨٦، تحقيق: حسنين محمد مخلوف، ص٥٤٢.

٣ - الزرقاني، شرح الزرقاني، ج٣، ص٢٠١.

٤ - الدورة الثامنة عشرة في الفترة من (٨ - ١٢) إبريل (نيسان)، بمقر الأمانة العامة للرابطة في مكة المكرمة.

هاوسەرگیرییە هەرچەندە کۆمەڵێك لە زانایان ڕێگەیان پێداوە بەڵام کۆڕبەند پێی وایە حەرامە و ڕێگری لێ بکرێت.

- لیژنەی هەمیشەیی توێژینەوەی زانستی و فەتوایش لە شانشینی عەرەبی سعودی فەتوای حەرامی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەی داوە و لە بارەیەوە دەڵێت: (الزواج بنية الطلاق زواج مؤقت، والزواج المؤقت زواج باطل؛ لأنه متعة، والمتعة محرمة بالإجماع، والزواج الصحيح: أن يتزوج بنية بقاء الزوجية والاستمرار فيها، فإن صلحت له الزوجة وناسبت له وإلا طلقها)[١]. واتە: هاوسەرگیری کردن بە مەبەستی جیابونەوە هاوسەرگیرییەکی کاتییە و هاوسەرگیری کاتییش پوچ و بێ بنەمایە؛ چونکە وەك هاوسەرگیری سیغە وایە و سیغەیش بە کۆ دەنگی زانایان حەرامە و دروست نییە، هاوسەرگیری دروست ئەوەیە: بە مەبەستی مانەوە و بەردەوامی هاوسەرگیری بکات ئەگەر ژنەکە گونجاو بوو لەگەڵی، ئەگەریش نا لێی جیا بێتەوە.

- شێخ موحەممەد ڕەشید ڕەزایش ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەی بە حەرام زانیوە و لە بارەیەوە دەڵێت: (هذا وإن تشديد علماء السلف والخلف في منع المتعة يقتضي منع النكاح بنية الطلاق، وإن كان الفقهاء يقولون إن عقد النكاح يكون صحيحا إذا نوى الزوج التوقيت ولم يشترطه في صيغة العقد، ولكن كتمانه إياه يعد خداعا وغشا، وهو أجدر بالبطلان من العقد الذي يشترط فيه التوقيت الذي يكون بالتراضي بين الزوج والمرأة ووليها)[٢]. واتە: ئەو جەخت کردنەوە و توندکردنەی زانایانی کۆن و نوێ لەسەر ڕێگرتن لە هاوسەرگیری سیغە وا دەخوازێت کە ڕێگری لە هاوسەرگیری بە مەبەستی جیابونەوەیش بکرێت، هەرچەندە زانایان دەڵێن ئەگەر پیاوەکە مەبەستی بوو هاسەرگیرییەکە کاتی بێت، بەڵام ئەوەی بەمەرج نەگرت لە کاتی گرێبەستەکەدا هاوسەرگیرییەکە دروستە، بەڵام شاردنەوەی ئەم مەبەستە بە فێڵ و تەڵەکە ئەژمار دەکرێت و ئەمە خراپترە و دەبێت زووتر هەڵبوەشێنرێتەوە لەو گرێبەستەی کە بە ئاشکرا مەرجی کاتییبوونی تێدایە و بە ڕەزامەندی ژن و پیاوەکە و سەرپرشتیاری ژنەکەیش دەکرێت.

---

١ - فەتواکە لە لایەن هەر یەك لە: (الشيخ بكر أبو زيد، والشيخ صالح الفوزان، والشيخ عبد الله بن غديان، والشيخ: عبد العزيز بن عبد الله آل الشيخ). ئیمزا کراوە.

٢ - السيد سابق، فقه السنة، ج٢، ص٣٩.

بۆچونی پەسەند:

سەبارەت بەبۆچوونی پەسند بەندە لەگەڵ بۆچوونی دووەمدام وپێم وایە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە حەرامە و دروست نییە، بەم بەڵگانەی لای خوارەوە:

١- ڕاستە زۆربەی زانایانی پێشین ڕێگەیان بەم جۆرە هاوسەرگیرییە داوە، بەڵام هەمووومان ئەو بنەما فیقهییە دەزانین کە دەڵێت: (فەتوا بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێت) و سەردەمی ئەمڕۆیش زۆر لەسەردەمی ئەو زانایانە جیاوازە و لەسەردەمی ئەواندا دەسەڵاتی ئیسلامی بەرقەرار بووە و خەڵکی زۆر پابەندی سنوورەکانی شەرع بوون و ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە وانەیە چەند حاڵەتێکی تێ نەپەڕاندبێت؛ بەڵام لە ئێستادا نە یاسایەکی ئیسلامیمان هەیە خەڵك لەحەرام بگێڕێتەوە نە خەڵکیش خۆیان ئەوەندە پابەندن بە سنوورەکانی شەرعەوە، هەر ئەمەیش وای کردووە ئەم جۆرە هاوسەرگییرییە نامۆیانە تەشەنە بکەن و ببنە دیاردە و بەخراپ بەسەر ئیسلام و موسوڵماناندا بشکێنەوە.

٢- ئێمە پێشتر گوتمان هاوسەرگیری سیغە دروست نییە لەبەر ئەوەی بە ئاشکرا مەرجی کاتییبوونی تێدایە، ئەم هاوسەرگییەیش هەمان مەرجی تێدایە و بەشێوەیەکی لەو خراپتریش؛ چونکە ئەگەر لە هاوسەرگیری سیغەدا مەرجەکە ئاشکرایە و هەموو لایەنەکانی گرێبەستەکە دەیزانن، ئەوە لەم هاوسەرگیرییەدا تەنها پیاوەکە بەو مەرجە دەزانێت و لە ئافرەتەکەی دەشارێتەوە کە زەرەرەوومەندی یەکەمە لەم نیەتەی پیاوەکە، ئەم شاردنەوەیەیش هۆکاری حەرامییەکەی زیاتر دەکات نەك دەیسڕێتەوە.

٣- سرووشتی حەرامەکان وان کە ئەوەی ڕوکەشەکەی حەرام بێت دیوە شاراوە و دەروونییەکەیشی هەر حەرامە بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر، ئەو مەبەستە شاراوەیەیش کە پیاوەکە هەیە بۆ کاتییبوونی هاوسەرگیرییەکە ئەگەر ئاشکرای بکات و باسی بکات لە گرێبەستەکەدا ئەو کات گرێبەستەکە دەبێتە سیغە و بە کۆی دەنگ دەڵێین هاوسەرگیرییەکە حەرامە و دروست نییە، بە هەمان شێوە ئەگەر پەنهانیشی بکات هەر وایە و دروست نییە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَذَرُوا ظَاهِرَ الْإِثْمِ وَبَاطِنَهُ﴾[1]. واتە: واز لە ڕووکەشی گوناه و پەنهانییەکەیشی بهێنن. پێشەوا قورطوبی دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێت:

---

١ - سورة الأنعام: الآية (١٢٠).

**(الظاهر ما كان عملا بالبدن مما نهى الله عنه، وباطنه ما عقد بالقلب)**[١]. واتە: ڕووکەشی ئەوەی خوای گەورە پێی ناخۆشە ئەوەیە کە بە جەستە دەکرێت و پەنهانییەکەیشی ئەو سەرپێچییەیە کە لە دڵدا بێت.

وە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ﴾[٢]. واتە: پێیان بڵێ خوای گەرە هەموو خراپەیەکی قەدەغە و یاساغ کردوە چ ئەوەی بە ئاشکرا دەکرێت یان بەنهێنی و پەنهانی دەکرێت. پێشەوا بەغەوی دەربارەی ڕاڤەی ئەم ئایەتە دەڵێت: **(ظاهر الإثم ما يعمله بالجوارح من الذنوب، وباطنه ما ينويه ويقصده بقلبه كالمصر على الذنب القاصد له)**[٣]. واتە: ڕوکەشی تاوان ئەو تاوانانەن کە بە ئەندامەکانی جەستە ئەنجامیان بدات ، نهێنییەکەیشی ئەو مەبەست و نیازانەن کە لە دڵیدان.

بەپێی ئەم ئایەتانەیش چۆن دیاریکردنی کات بە ئاشکرا گوناهە و پڕۆسەی هاوسەرگیری پوچەڵ دەکاتەوە، بەهەمان شێوە پەنهانکردنی ئەو مەبستەیش لە دڵدا هەمان کاریگەری هەیە و هاوسەرگیرییەکە پوچەڵ دەکاتەوە.

٤- پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: {إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى}[٤]. واتە: کردەوەکانی مرۆڤ بەپێی ئەو مەبەستانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت کە بۆیان ئەنجامدراوە و هەر کەسێکیش بەگوێرەی نییەتەکەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ئیبن قەییم لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: **(العمل تابع للنية)**. واتە: کردەوە پاشکۆ و وابەستەی مەبەستی دڵە. پاشان دەڵێت: **(فالنية روح العمل ولبه وقوامه، وهو تابع لها يصح بصحتها ويفسد بفسادها، والنبي ﷺ قد قال كلمتين كفتا وشفتا وتحتهما كنوز العلم وهما قوله : {إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى} فبين في الجملة الأولى أن العمل لا يقع إلا بالنية، .. ثم بين في الجملة الثانية أن العامل ليس له من عمله إلا ما نواه، وهذا يعم العبادات والمعاملات والأيمان والنذور وسائر العقود والأفعال، وهذا دليل على أن من نوى**

---

١ - القرطبي، تفسير القرطبي، ج٧، ص٧٤.

٢ - سورة الأعراف: الآية (٣٣).

٣ - البغوي، تفسير البغوي، ج٣، ص١٨٢.

٤ - البخاري، صحيح البخاري، ج١، كتاب (١) بدء الوحي، باب (١) كيف كان بدء الوحي إلى رسول الله ، الحديث (١)، ص٣. إبن حبان، صحيح إبن حبان، ج٢، كتاب البر والإحسان، باب (٣) الإخلاص وأعمال السر، الحديث (٣٨٨)، ص١١٣.

بالبيع عقد الربا حصل له الربا، ولا يعصمه من ذلك صورة البيع، وأن من نوى بعقد النكاح التحليل كان محللا، ولا يخرجه من ذلك صورة عقد النكاح؛ لأنه قد نوى ذلك، وإنما لكل امرئ ما نوى)[1]. واتە: مەبەست و نییەتی دڵ گیان و مێشك و كرۆك و داینەمۆی كردەوەكانی مرۆڤە و كردەوەكان شوێنكەوتە و وابەستەی نیەتن، ئەگەر مەبەستەكان دروست بن كردەوەكانیش دروست دەبن، ئەگەریش مەبەستەكان خراپ بوون كردەوەكانیش خراپ دەبن، پێغەمبەری خودایش ﷺ دوو وشەی پڕ واتا و فەرِی فەرمووە و كۆتایی بە باتەكە هێناوە ئەوانیش {إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى}. لە ڕستەی یەكەمدا ئەوەی ڕونكردۆتەوە كە هیچ كردەوەیەك بە بێ نییەت بوونی نییە، پاشان و لە ڕستەی دووەمدا ئەوەی ڕونكردۆتەوە كە هەر كەسە و بەپێی نییەت و مەبەستەكەی خۆی پاداشت وەردەگرێت و ئەم حوكمەیش گشتگیرە و هەموو پەرستش و مامەڵە و سوێند و نەزر و سەرجەم گرێبەست و كردەوەكانی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر كەسێك بە مەبەستی سوو خواردن كڕین و فرۆشتنێك بكات ئەوە تاوانی سووەكەی بۆ دەنوسرێت و ئەو كڕین و فرۆشتنەی بە ڕوكەش ئەنجامی داوە پەنای نادات، وە هەر كەس مەبەستی ئەوە بێت لە ژێر پەردەی هاوسەرگیریدا مارە بەجاش كات ئەوە مارە بەجاشی كردوە و ئەو گرێبەستی هاوسەرگیرییە ڕوكەشەی ئەنجامی داوە پەنای نادات؛ چونكە مەبەستی ئەوە بووە و هەر كەسە و بەپێی مەبەستەكەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت.

سەبارەت بەم هاوسەرگیرییەیش پیاوەكە لە ناخی خۆیدا بڕیاری داوە بۆ كاتێكی دیاریكراو ئەنجامی بدات، ئەمەیش هەر وەك سیغە وایە حەرامە و وەك ئەوە وایە كە لە گرێبەستەكەدا بە ئاشكرا گوتبێتی.

٥- لە شەرعدا هەر گرێبەستێك ستەم و زیان و درۆ و ناپاكی تێدا بێت بەرامبەر بە یەكێك لە لایەنەكانی گرێبەستەكە حەرامە و دروست نییە، گرێبەستی هاوسەرگیرییش یەكێكە لەو گرێستانە و بگرە پیرۆزترین و گرنگترینیانە، بۆیەهەر درۆ و فێڵ و

---

١ - إبن القيم (محمد بن أبي بكر بن أيوب)، إعلام الموقعين عن رب العالمين، ج٣، دار الجيل، بيروت، ط، ١٩٧٣، تحقيق: طه عبد الرؤوف سعد، ص١١١-١١٢. أنظر هذه الأدلة وغيرها في: شبكة المعلومات الدولية، موقع عبد الرحمن ناصر السعيد، مقال بعنوان: الراقصون على آلام أخواتهم، تأريخ نشر المقال: الثلاثاء ١١ شوال ١٤٢٨هـ الموافق ٢٣ أكتوبر ٢٠٠٧م.

ناپاکییەك پوچەڵی دەکاتەوە و هاوسەرگیریش بە مەبەستی جیابوونەوە درۆ و ناپاکی تێدایە بەرامبەر بە ئافرەتەکە و ئەگەر ئافرەتەکە بەو مەبەستەی پیاوەکە بزانێت مەحاڵە بەو شێوەیە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجام بدات.

٦- ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە متمانەی نێوان هاوسەرەکان تەواو لاواز دەکات و بگرە نایهێڵێت؛ چونکە هەر ئافرەتێك گومانی ئەوە لە مێردەکەی دەکات کە هاوسەرگیرییەکەی کاتیی بێت و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت و ئەمەیش کاریگەری نەرێنی لەسەر داهاتووی ژیانیان و ئارامی پرۆسەکە و دڵ و دەروونی ئافرەتەکە دروست دەکات و لەوانەیە سەر بۆ دیاردەی نەخوازراوی تر بکێشێت و هەر لە سەرەتاوە ئافرەتەکەیش بیر لە جێگرەوەی هاوسەرەکەی بکاتەوە و هەموو ئەمانەیش پێچەوانەی ئامانجەکانی هاوسەرگیری شەرعین.

٧- ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بۆتە مایەی لەکەدارکردن و ناشیرینکردنی ناوبانگی ئیسلام و موسوڵمانان لە هەندەران و لای خەڵکانی بیانی، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە زۆرێك لەڕەوەندی ئیسلامی لەو وڵاتانە و لە پێناو بەدەستهێنانی مافی مانەوە یان پەنابەرێتی یان ڕەگەزنامە هاوسەرگیرییان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو شوێنانە کردوە کە تێیدا نیشتەجێن و ئافرەتەکانیان بۆ ئەومەبەستە بەکار هێناوە و پاش گەیشتنیان بە ئامانجەکانیان دەستبەرداریان بوون و بەرەڵایان کردوون، ئەمەیش وای کردوە کە خەڵکی ئەو وڵاتانە بە چاوی خەڵکانی درۆزن و ناپاك و هەلپەرست لە خەڵکانی موسوڵمان بڕوانن، هەموویشمان ئەو ڕاستییە دەزانین کە هەر شتێك ببێتە مایەی لەکەدار کردن و شێواندن و ناوزڕاندنی ئیسلام و موسوڵمانان حەرامە و دروست نییە.

٨- بە هۆی ئەوە کە ئەم هاوسەرگیرییە شتێکی کاتییە و بۆ مەبەستێکی دیاریکراوە، ئەمە وای کردوە کە خەڵکی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان گوێ بە هیچ مەرج و ڕێکارێکی شەرعی نەدەن و ڕەچاوی نەکەن و هیچ لێکۆڵینەوە و بەدواداچونێکیش بۆ ئایین و ڕەوشت و کەسایەتی ئەو ئافرەتە نەکەن کە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجام دەدەن، ئەمەیش وای کردوە سنووری نێوان حەرام و حەڵاڵەکان تەواو تێکەڵ بێت، بەشێوەیەك کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان هاوسەرگیری شەرعیی و سیغە و داوێنپیسیدا نەماوە و

مەبەستی هەموویان دەبێتە تێرکردنی ئارەزووەکان و هیچی تر، ئەمەیش تەواو پێچەوانەی مەبەست و ئامانجەکانی هاوسەرگیری شەرعییە و دوورە لە بەها بالاَکانی.

یەکێك لە زانا و بانگخوازە دیارەکانی سعودییەکان بەناوی (عبد الله ن سليمان المنيع) باسی ئەزموونێکی خۆی دەکات لەو بارەیەوە و دەڵێت: (پێشتر توێژینەوەم لەسەر ئەو بابەتە کردبوو وە ئاگام لە بۆچوونی ئیبن تەیمییە و ئیبن قودامە و زانایانی تر بوو لەو بارەیەوە، وە فەتوای دروستی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییەم دابوو بۆ هەر کەسێك کە بە مەبەستی خوێندن یان بازرگانی یان شتێکی لەو بابەتە گەشت بکات بۆ وڵاتێکی تر و بترسێت لەوەی لەو ماوەیەدا تووشی خراپە بێت؛ بەڵام پاش گەشتکردنم بۆ هەندێك لەو وڵاتانەی کە فەتواکەم بۆ دابوو، هەندێك گەشتیارم بینی بەتایبەتی لە هاوڵاتیانی وڵاتانی کەنداو هەر بەتایبەتی بۆ ئەو مەبەستە هاتبوون کە هاوسەرگیری بەنیەتی تەڵاق بکەن کە هەمان سیغەکەی شیعەیە، کە ئەوەم بینی لە فەتواکەی پێشوم پاشگەز بومەوە و بۆم دەرکەوت فەتوا دان بەرێگە پێدانی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە دروست نییە و ئەوانەی دەڵێن ئەمە وەك هاوسەرگیری سیغە (متعه) وایە کە کۆڕای زانایانی ئەهلی سوننە بە نادروستی دەزانن قسەکەیان تەواوە و من وای بۆ دەچم ئەگەر پێشەوایان و زانایانی ئێمە لە کۆن و نوێدا بیانبینیایە کە خەڵکی چۆن ئەو قسە و بۆچونەی ئەوان خراپ بەکار دەهێنن ئەوە لێی پەشیمان دەبونەوە و ئەستۆ پاکی خۆیان لێ دەردەبڕی)[١].

٨- ئەم هاوسەرگیرییە پێچەوانەی مەبەست و بەها بالاَکانی گرێبەستی هاوسەرگیرییە لە شەرعدا: هەرچەندە لە ڕوکەشیشدا کێشەی نەبێت و هەموو بنەما و مەرجە شەرعییەکانی تێدا بێت؛ بەڵام لە ناوەڕۆکدا تەواو پێچەوانەیە و بچوکترین مەبەستەکانی شەریعەتی تێدا نییە، وەك ئاشکرایشە لە شەریعەتدا حوکم لەسەر بنەمای مەبەست و ناوەڕۆك دادەمەزرێت نەوەك ڕوکەش. پێشەوا شاطبی لەو بارەیەوە دەڵێت: (لما ثبت أن الأحكام شرعت لمصالح العباد كانت الأعمال معتبرة بذلك؛ ... فإذا كان الأمر في ظاهره وباطنه على أصل المشروعية فلا إشكال، وإن كان الظاهر موافقا والمصلحة مخالفة

١ - شبكة المعلومات الدولية، موقع آسية الألكتروني، قسم أخبار آسية، تأريخ نشر الفتوى: الأثنين ١٤ ربيع الأول ١٤٢٨ الموافق ٢ ابريل ٢٠٠٧- http://www.asyeh.com/

فالفعل غير صحيح وغير مشروع)[1]. واتە: پاش ئەوەی ئەوە جێگیر بوو کە سەرجەم حوکمە شەرعییەکان لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکدا دانراوە، کردەوەکانی مرۆڤیش پێویستە لە هەمان چوارچێوەدا بێت؛ ... بۆیە هەر کارێك ڕووکەش و ناواخنی لەسەر ئەو بنەما شەرعییە بوو ئەوە گرفتی نییە، خۆ ئەگەر ڕوکەشەکەی وا دیار بوو بەڵام بەرژەوەندییەکەی پێچەوانە بوو، ئەو کات کردەوەکە دروست نییە و ڕێگەپێدراو نییە. ئەم هاسەرگیری کاتییەیش دەقاودەق ئەو قسەیەی پێشەوا شاطبی بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە دەڵێت ڕووکەشەکەی شەرعییە بەڵآم ناوەڕۆکەکەی پێچەوانەی مەبەستە شەرعییەکانە بۆیە دروست نییە.

سەبارەت بە هەڵوێستی یاسای باری کەسێتیش لەسەر هاوسەرگیری بە مەبەستی جیابونەوە و بەو پێیەی ئەم هاوسەرگیرییە لە ڕووی مەرج و بنەما و شتە ڕوکەش و ئاشکراکانی هیچ کێشەی نییە و تاکە کێشەی نییەتی شاراوەی کەسەکەیە و ئەوەیش لە ڕووی یاساییەوە هیچ کێشە دروست ناکات چونکە یاسا زیاتر کار لەسەر شتە دیار و گوتراوەکان دەکات نەك شتە پەنهان و شاراوەکان، هەر بۆیە ئەم گرێبەستە لە ڕووی یاساییەوە دروستە و هیچ کێشەی نییە.

---

١ - الشاطبي (إبراهيم بن موسى اللخمي)، الموافقات في أصول الشريعة،ج٢، دار المعرفة، بيروت، تحقيق: عبد الله دراز، ص٣٨٥.

# باسی پێنجەم

# هاوسەرگیری نەریتی (عورفی)

ئەم هاوسەرگیرییە یەکێکە لەو هاوسەرگیرییە باوانەی کە زیاتر لەوڵاتانی ڕۆژئاوای عەرەبی سەری هەڵداوە و بەربڵاوە، بەتایبەتی لە نێو خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان و هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەیشی بۆ زۆری ڕێژەی هەژاری دەگەڕێتەوە لەو وڵاتانەدا.

هەرچەندە هاوسەرگیرییەکە بە عورفی ناودەبرێت؛ بەڵام ئەمە تەنها بۆ چاوبەست کردنە دەنا لە ڕاستییدا وا نییە و شێوازی ئەنجامدان و ئامانجی ئەم هاوسەرگیرییە دوورە لە هەموو عورف و کلتورێکی ئایینی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەوە و شێوازەکەی نامۆیە بەو کۆمەڵگەیانەی سەری تێدا هەڵداوە و زۆر کێشەی شەرعی و یاسایی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە دروست کردوە و دیاردەی زۆر دزێوی لێ کەوتۆتەوە.

لە میانەی ئەم باسەدا تیشك دەخەینە سەر وردەکارییەکانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە و سەرەتا لە پێناسەکەیەوە دەست پێ دەکەین.

## یەکەم: پێناسە و شێواز:

ئەم هاوسەرگیرییە لە ئێستادا دوو شێوازی هەیە:

شێوازی یەکەم: بەو هاوسەرگیرییە دەگوترێت کە هەموو بنەما و مەرجە شەرعییەکانی تێدایە و گشت ئەرك و مافەکانی هاوسەرگیری ئاسایی تێدایە و تاکە کێشەی ئەوەیە کە لە دادگا و بەشێوەیەکی یاسایی تۆمار نەکراوە و ئەوەیش هیچ کاریگەری خراپی لەسەر خودی پرۆسەکە دروست ناکات؛ چونکە تۆمار کردن لە دادگا دەچێتە چوارچێوەی مەرجە ڕواڵەتییکانەوە نەك بابەتییەکان و هەرکات هاوسەرەکان خۆیان بیانەوێت دەتوانن ئەو کارە بکەن. ئیبن تەیمییە لەو بارەیەوە دەڵێت: (من كان لها ولي.. فهذه يزوجها الولي بإذنها ... ولا يفتقر ذلك إلى حاكم باتفاق العلماء)[1]. واتە: هەر ئافرەتێك سەرپەرشتیای خۆی هەبوو ئەوە سەرپەرشتیارەکەی بە مۆڵەتی ئافرەتەکە خۆی هاوسەرگیری بۆ ئەنجام

---

١ - إبن تيمية (أحمد بن عبد الحليم)، الفتاوى الكبرى، ج٤، ص٣٥٦.

دەدات...و بە کۆی دەنگی زانایان پێویستی بە دادوەر نییە. شێخ جاد الحق یش لەو بارەیەوە دەڵێت: (إن الزواج العرفي وهو الذي لم يوثق على يد الموظف العمومي المختص بإصدار عقود الزواج، هو زواج صحيح شرعا طبقا لأحكام الشريعة الإسلامية متى استوفى أركانه وشروطه المنصوص عليها فقها)[1]. واتە: هاوسەرگیری عورفی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی فەرمی لای کارمەندی تایبەت بە دەرکردنی گرێبەستی هاوسەرگیری تۆمار نەکرابێت و هەر کات ئەم هاوسەرگیرییە ئەو مەرج و بنەمایانەی تێدا بوو کە لە فیقهی ئیسلامیدا باس کراوە ئەوە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی بە هاوسەرگیرییەکی دروست ئەژمار دەکرێت.

هەرچەندە کە دەگوترێت هاوسەرگیری عورفی خەڵك کەمتر خەیاڵی بەلای ئەم شێوازەیاندا دەڕوات و زیاتر شێوازی دووەمیانی پێ مەبەستە، بەڵام کەم تا زۆر ئەم شێوازی هاوسەرگیرییەیش هەر پێی دەگوترێت عورفی.

شێوازی دووەم: کە شێوازی هاوسەرگیری عورفی ڕاستەقینەیە و بەو هاوسەرگیرییە دەگوترێت کە لە نێوان کچ و کوڕ یان ژن و پیاوێکدا بەشێوەیەکی نهێنی و کاتی ئەنجام دەدرێت بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی کەس و کاری هیچ کامیان و بەبێ بوونی شایەت و یانیش ئەگەر شایەتیشیان هەبێت تەنها بەشێوەیەکی ڕواڵەتی دەبێت و زۆر کات بەپارە دوو کەسی نەناس بانگ دەکەن یان دوو هاوڕێی نزیکی خۆیان تا شایەتیان بۆ بدەن و پەردەپۆشی پرۆسەکەیان بۆ بکەن و ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە زۆرێك لە ئەرك و مافەکانی پرۆسەی هاوسەگیری شەرعی تێدا نییە و بەهیچ شێوەیەك و لەهیچ تۆمارێکی فەرمی و یاساییدا تۆمار ناکرێت و ماوەی مانەوەی هاوسەرەکان و شێوازی پێکەوە بوونیان پەیوەستە بەو ڕێکەوتنە کاتییەی نێوانیانەوە و بەتەواوبوونی ماوەی ڕێکەوتنەکە پرۆسەکەیش کۆتایی دێت و هاوسەرەکان لەیەکتر جیا دەبنەوە.

ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا قسەی لەسەر بکەین ئەم شێوازەیانە؛ چونکە شێوازی یەکەم هیچ گرفتی نییە؛ بەڵام ئەم شێوازەیان لە چەندین ڕووەوە گرفت و کەلێنی شەرعی و یاسایی زۆری تێدایە.

---

١ - فتاوى الأزهر، ج٢، الفتوى صدرت بتأريخ: ١٨/١٠/١٩٧٨، ص٢٤١.

## دووەم: هۆکار و پاڵنەر:

وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد هۆکاری سەرەکی دروستبوون و بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بۆ دیاردەی هەژاری دەگەڕێتەوە، کە زۆرێك لە ئافرەتان ناچار دەکات ئەم جۆرە هاسەرگیرییە قبوڵ بکەن، بەتایبەتی لە نێوەندەکانی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگەکاندا، کاتێك ئەو خوێندکارانە لە لادێ و شارە دوورەکانەوە دێن بۆ شارە گەورەکان و زۆربەیشیان خانەوادەکانیان خەڵکانی هەژارن و ناتوانن وەکو پێویست کرێی خوێندن و بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان بۆ دابین بکەن، ئەوانیش ناچار دەبن لە پێناو تەواو کردنی خوێندنەکەیان و دابینکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان پەنا بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە ببەن کە زۆر کات لە لایەن هاوڕێیەکیانەوە یان دەلاڵێکی ئەو جۆرە کارانەوە بۆیان پێشنیار دەکرێت و لەبەرامبەر بڕێك پارەدا و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بەشێوەیەکی زۆر نهێنی ئەو کارە دەکەن و هەر ئەوەندەیش شەرمیان شکا و چاویان کرایەوە و ترسیان نەما و بینییان کارەکەیان سەرکەوتو بووە ئیتر دەیکەنە پیشە و چەندین جار و لەگەڵ چەندین کەسی جیاواز دووبارەی دەکەنەوە و بەو هۆیەوە خوێندنەکەیشیان لەدەست دەدەن و ناشتوانن بەو شێوەیە بگەڕێنەوە ناو کەس و کاریان و سەرەنجام دەکەونە داوی لەشفرۆشی و لە خانەیەکی لەشفرۆشیدا ژیانی داهاتوویان بەسەر دەبەن.

بەداخەوە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە لە ئێستادا و لە هەندێك لەو وڵاتانەدا بۆتە دیاردە و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی میصری سەرژمێرییەکی بڵاوکردۆتەوە و تێیدا ئاشکرای کردووە کە (٢٥٥) هەزار خوێندکار لەزانکۆکانی میصردا هاوسەرگیری عورفیان کردوە، ئەم ژمارەیەیش دەکاتە لە (٪١٧)ی خوێندکارەکان کە ژمارەیان بە پێنج ملیۆن و سەد هەزار خوێندکار مەزەندە دەکرێت، هەر بەپێی هەمان سەرژمێری ساڵانە یەك ملیۆن پرۆسەی هاوسەرگیری عورفی لە میصردا ئەنجام دەدرێت و تەنها لە یەك ساڵدا چواردە هەزار سکاڵای یاسایی لە دادگاکانی میصر لە سەر کێشەکانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە تۆمار کراوە.

لە ئوردونیش وەزیری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ئاشکرای کردووە کە (١٧٠) هەزار حاڵەتی هاوسەرگیری عورفی تەنها لە نێوان خوێندکارانی زانکۆدا تۆمار کراوە و بەداخیشەو ڕێژەکە ڕوو لە هەڵکشانە.

## سێیەم: بۆچونی زانایان:

سەبارەت بە بۆچونی زانایان دەربارەی حوکمی هاوسەرگیریی عورفی وەك پێشتریش باسمان کرد شێوازی یەکەمی ئەم هاوسەرگیرییە دروستە و گشت بنەما و مەرجەکانی هاوسەرگیری ئاسایی تێدایە و لە ڕووی شەرعەوە هیچ کێشەی نییە و باشتریش وایە هاوسەرەکان و سەرپەرشتیارەکانیشیان تا دەتوانن هەوڵ بدەن هەرچی زووە گرێبەستەکە لە دادگایش تۆمار بکەن؛ لەبەر ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری گرنگترین و بەبەهاترین گرێبەستە و پێویستە هەموو ڕێکارە شەرعی و یاساییەکان بگیرێتە بەر لە پێناو پاراستنیدا و پاشانیش ئەگەر کێشەیەك دروست بێت لە نێوان هاوسەرەکاندا دادگا تاکە شوێنە کە بتوانن سکاڵای لێ تۆمار بکەن و لە ڕێگەیەوە مافەکانیان دەستەبەر بکەن و دادگایش دان بەهیچ گرێبەستێکدا نانێت کە بەپێی یاسا تۆمار نەکرابێت.

سەبارەت بە شێوازی دووەمیان ئەوە زانایان بەکۆی دەنگ فەتوایان داوە کە ئەم هاوسەرگیرییە حەرامە و دروست نییە.

ئیبن تەیمییە لەو بارەیەوە دەڵێت: (أما نكاح السر الذي يتواصون بكتمانه ولا يشهدون عليه أحدا، فهو باطل عند عامة العلماء، وهو من جنس السفاح)[١]. واتە: بەڵام هاوسەرگیری نهێنی کە هاوسەرەکان ڕێك بکەون لەسەر شاردنەوەی و هیچ شایەتی لەسەر نەگرن، ئەو هاوسەرگیرییە لای زانایان بەگشتی دروست نییە و جۆرێکە لە زینا. شێخ عەطیە صەقەری سەرۆکی پێشوی لیژنەی فەتوای ئەزهەریش دەڵێت: (الزواج العرفي له صورتان: صورة يكتفى فيها بتراضي الطرفين على الزواج دون أن يعلم بذلك أحد من شهود أو غيرهم، وصورة يكون العقد فيها لمدة معينة كشهر أو سنة، وهما باطلان باتفاق مذاهب السنة)[٢]. واتە: هاوسەرگیری عورفی دوو شێوازی هەیە: شێوازێکیان ئەوەیە کە تەنها

---

١ - إبن تيمية، مجموع الفتاوى، ج٣٣، ص١٥٨.

٢ - شبكة المعلومات الدولية، موقع صوت الإيمان، مقال بعنوان: الزواج العرفي بدعة شبابية، بتأريخ: ٣٠/ ذو القعدة/ ١٤٢٨. موقع إسلام أون لاين، قسم الفتاوى/ المفتي: مجموعة من المفتين، الفتوى نشرت بتأريخ: ٢٠٠٧/٤/١٥.

ڕەزامەندی هاوسەرەکان تێیدا بەهەند وەردەگیرێت بەبێ ئەوەی کەسی تر پێی بزانێت وەکو شایەتەکان و غەیری ئەوانیش، شێوازێکی تریان ئەوەیە کە گرێبەستەکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی وەکو ساڵێك یان مانگێك دەبەسترێت و هەردوو شێوازەکەیش بە کۆدەنگی زانایان دروست نییە.

لە وەڵامی پرسیارێکیشدا کە ئاراستەی لیژنەی فەتوای وڵاتی کوەیت کراوە لیژنەکە لەو بارەیەوە دەڵێت: (هذا العقد العرفي باطل لأنه لم يتم بولي ولا شاهدين ولا إعلان، ونبهت اللجنة على أنه لا يجوز الاستمرار على العلاقة بينهما بناء على هذا العقد، وأنها علاقة غير شرعية)[١]. واتە: ئەم گرێبەستی هاوسەرگیری عورفییە دروست نییە؛ چونکە بە بێ بوونی سەرپەرشتیار و شایەت و ڕاگەیاندن ئەنجام دراوە، وە لیژنەکە هۆشداری داوە دەربارەی ئەوەی کە دروست نییە هاوسەرەکان بە پێی ئەم گرێبەستە درێژە بە پەیوەندییەکەیان بدەن و دەبێت بزانن کە پەیوەندییەکەیان ناشەرعییە. دکتۆر حەسەن عەففانەیش دەربارەی ئەم هاوسەرگیرییە دەڵێت: (بعض الناس يستعملون اصطلاح الزواج العرفي فيما يتم بين شاب وفتاة كأن يقول لها زوجيني نفسك فتقول له زوجتك نفسي ثم يكتبان ورقة بينهما أو عند ... ولا شك في بطلان هذا الثاني وهو ما يسمى بالزواج المدني ولا يعتبر هذا زواجا في الشرع بل هو زنى والعياذ بالله تعالى)[٢]. واتە: هەندێك کەس دەستەواژەی هاوسەرگیری عورفی بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی لەنێوان کوڕ و کچێکدا ڕوودەدات، کاتێك کوڕەکە بە کچەکە دەڵێت خۆتم لێ مارە بکە کچەکەش دەڵێت خۆمم لێ مارە کردیت و دواتر هەر خۆیان لای پارێزەرێك کاغەزێك دەنووسن ... و هیچ گومان نییە لە نادروستی ئەم شێوازەیاندا و ئەوەی پێی دەگوترێت هاوسەرگیری مەدەنی، و ئەمە لە شەرعدا بە هاوسەرگریی ئەژمار ناکرێت بەڵکو پەنا بەخوای گەورە زینایە.

سەبارەت بە بەڵگەکانی حەرامی ئەم هاوسەرگیرییە گرنگترینییان ئەمانەن:

---

١ - فتاوى قطاع الإفتاء بالكويت، ج٧، ص١٣١، السؤال (٢١٢٨).

٢ - حسام الدين عفانة، فتاوى يسألونك، ج٩، ص٢١٥.

١- پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: {لا نِكَاحَ إلا بِوَلِيٍّ}[١]. واتە: هیچ هاوسەرگیرییەك بەبێ ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە بوونی نییە و دانامەزرێت. ئیبن عەبدو لبەڕ لە ڕاڤەی ئەو فەرموودەیەدا دەڵێت: (ولا يجوز للمرأة أن تباشر عقد نكاحها بنفسها دون وليها ولا أن تعقد نكاح غيرها)[٢]. واتە: دروست نییە ئافرەت بەبێ ڕەزامەندی سەرپەرشتیارەکەی گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ خۆی یان هەر کەسێکی تر بکات. صەنعانیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (والحديث دل على أنه لا يصح النكاح إلا بولي؛ لأن الأصل في النفي نفي الصحة لا الكمال)[٣]. واتە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هیچ هاوسەرگیرییەك بەبێ ڕەزامەندی سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە بوونی نییە و دانامەزرێت. مەبەست لە وشەی دروست نییە واتە دانامەزرێت نەك بەپێی پێویست نییە.

٢-لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: {أَيُّمَا امْرَأَةٍ نُكِحَتْ بِغَيْرِ إِذْنِ وَلِيِّهَا فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ}[٤]. واتە: هەر ئافرەتێك بەبێ مۆڵەتی سەرپەرشتیارەکەی هاوسەرگیری کرد، هاوسەرگیرییەکەی دروست نییە، دروست نییە، دروست نییە. مەنناوی لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: (أي فعقدها باطل.. فنكاحها باطل، فنكاحها باطل، كرره لتأكد إفادة فسخ النكاح من أصله... فيفسخ بعد العقد، ويفسخ بعد الدخول، ويفسخ بعد الطول والولادة)[٥]. واتە: گرێبەستەکەی دروست نییە، هاوسەرگیرییەکەی دروست نییە، هاوسەرگیرییەکەی دروست نییە؛ بۆیە - پێغەمبەری خودا ﷺ- دووبارەی دەکاتەوە بۆ جەخت کردنەوە لە سەر هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە لە بنەڕەتەوە؛ بۆیە دوای گرێبەستەکە هاوسەرگیرییەکە هەڵدەوەشێتەوە وە ئەگەریش

---

١ - إبن الجارود، المنتقى، الحديث (٧٠١-٧٠٦)، ص١٧٦. إبن حبان، صحيح إبن حبان، ج٩، كتاب (١٤) النكاح، باب (١) الولي، الحديث (٤٠٧٥)، ص٣٨٦. الترمذي، سنن الترمذي، ج٣، كتاب (٩) النكاح، باب (١٤) ما جاء لا نكاح إلا بولي، ص٤٠٧.

٢ - إبن عبد البر، التمهيد، ج١٩، ص٨٤.

٣ - الصنعاني، سبل السلام، ج٣، ص١١٧.

٤ - إبن حبان، صحيح إبن حبان، ج٩، كتاب (١٤) النكاح، باب (١) الولي، الحديث ((٤٠٧٤)، ص٣٨٤. البيهقي، سنن البيهقي البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٤٦) النكاح، باب (٩٧) لا نكاح إلا بولي، الحديث (١٣٣٧٦-١٣٣٨٠)، ص١٠٥.

٥ - عبد الرؤوف المناوي، فيض القدير، ج٣، ص١٤٣.

پیاوەکە چووبووە لای ئافرەتەکە هەر هەڵدەوەشێتەوە وە ئەگەر ماوەیەکی زۆریش پێکەوە مابونەوە و منداڵیشیان هەبو هەر هەڵدەوەشێتەوە.

٣-لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: {لاَ تُزَوِّجُ الْمَرْأَةُ الْمَرْأَةَ، وَلاَ تُزَوِّجُ الْمَرْأَةُ نَفْسَهَا، فَإِنَّ الزَّانِيَةَ هِيَ الَّتِي تُزَوِّجُ نَفْسَهَا}[١]. واتە: ئافرەت ئافرەت بەشوو نادات، وە ئافرەت خۆیشی بەشوو نادات، وە ئەوەی خۆی بە شوو دەدات بە داوێن پیس و زیناکار ئەژمار دەکرێت.

٤- عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر دەڵێت: (أن عمر بن الخطاب أتى بنكاح لم يشهد عليه إلا رجل وامرأة فقال هذا نكاح السر ولا أجيزه)[٢]. هاوسەرگیرییەکیان بۆ پێشەوا عومەر هێنا تەنها ژن و پیاوێك شایەتیان لەسەر دابوو، ئەویش فەرمووی: ئەوە هاوسەرگیری نهێنییەوە و ڕێگەی پێ نادەم.

٥- عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەڵێت: (البغايا اللواتي يزوجن أنفسهن بغير بينة)[٣]. واتە: لەشفرۆشەکان ئەوانەنە کە بەبێ بوونی بەڵگە و شایەت هاوسەرگیری دەکەن.

٦- ئیبن تەیمییەیش لە بارەی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانەوە دەڵێت: (فإن نكاح السر من جنس إتخاذ الأخدان شبيه به لا سيما إذا زوجت نفسها بلا ولي ولا شهود وكتما ذلك فهذا مثل الذي يتخذ صديقة ليس بينهما فرق ظاهر معروف)[٤]. واتە: هاوسەرگیری نهێنی وەك پەیوەندییە سێکسییە شاراوەکان وایە بە تایبەتی ئەگەر بەبێ شایەت و سەرپەرشتیار ئەنجام بدرێت و هاوسەرەکان لە خەڵکی بشارنەوە، ئەمە هەر وەك ئەوە وایە کەسێك دۆستێکی هەبێت جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. وە دەڵێت: (وأما نكاح السر الذي يتواصون بكتمانه ولا يشهدون عليه أحدا فهو باطل عند عامة العلماء وهو من جنس السفاح)[٥]. ئەو

---

١ - البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٤٦) النكاح، باب (٩٧) لا نكاح إلا بولي، الحديث (١٣٤١٠-١٣٤١٤)، ص ١١٠. إبن ماجة، سنن إبن ماجة، ج١، كتاب (٩) النكاح، باب (١٥) لا نكاح إلا بولي، الحديث (١٨٨٢)، ص٦٠٦.

٢ - البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٤٦) النكاح، باب (١٠٥) لا نكاح إلا بشاهدين عدلين، (١٣٥٠٤)، ص١٢٦. الإمام مالك، موطأ مالك، ج٢، كتاب (٢٨) النكاح، باب (١١) جامع ما لا يجوز من النكاح (١١١٢)، دار إحياء التراث العربي، مصر، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، ص٥٣٥.

٣ - إبن ضويان (إبراهيم بن محمد)، منار السبيل، ج، ص١٤٦.

٤ - إبن تيمية (أحمد بن عبد الحليم)، كتب ورسائل وفتاوى إبن تيمية في الفقه، ج٣٢، مكتبة إبن تيمية، تحقيق: محمد عبد الرحمن قاسم العاصمي، ص١٢٦.

٥ - إبن تيمية، نفس المصدر، ج٣٣، ص١٥٩.

هاوسەرگیرییە نهێنییەی کە هاوسەرەکان ڕێك دەکەون لەسەر شاردنەوەی لە خەڵکی و هیچ شایەتی لەسەر نییە، ئەوە بەلای زۆربەی زانایانەوە دروست نییە و جۆرێکە لە زینا.

لە کۆتاییدا ئەگەر سەرنجی ئەو بەڵگانەی سەرەوە و ئەم شێوازی هاوسەرگیرییە بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم هاوسەرگیرییە هەموو ئەو سەرپێچییانەی تێدایە کە لەبەڵگەکاندا هاتوون؛ چونکە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ئەوەیە کە بەبێ ئاگاداری سەرپەرشتیاری ئافرەتەکە و بوونی شایەت ئەنجام دەدرێت و هاوسەرگیرییەکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەبێت و تا کاتی کۆتایی هاتنیشی هەر بەنهێنی دەمێنێتەوە و مەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەکە تەنها خۆی لەپەیداکردنی پارە و دابینکردنی بژێوی و تێرکردنی ئارەزووەکاندا دەبینێتەوە، بەبێ ئاوڕدانەوە لە ئامانجە باڵاکانی پرۆسەی هاوسەرگیری کە خۆی لە خۆشەوستی و دابینکردنی ئارامی دەروونی و ژیانی هاوبەش و خستنەوەی وەچە و بونیادنانی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەرگای خراپە بەڕووی گەنجاندا بە شێوەیەك دەکاتەوە کە زۆر بەزەحمەت بتوانیت پەیوەندییەکی هاوسەرگیری عورفی لەگەڵ زینا و داوێن پیسی جیا بکەیەتەوە؛ چونکە هەردووکیان هەر بەنهێنی و دوور لەچاوی شەرع و دادگا و کۆمەڵگە ئەنجام دەدرێن.

هەر یەك لەم هۆکارانەیش بەتەنها و بەپێی ئەو بەڵگانەی باسمان کردن بەسن بۆ حەرامی هاوسەرگیرییەکە ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو ئەوانە بەشێوەیەك لە شێوەکان لەم هاوسەرگیرییەدا پێکەوە بوونیان هەیە.

سەبارەت بەهەڵوێستی یاسای باری کەسێتی دەربارەی ئەم هاوسەرگیرییە وەك پێشتریش گوتمان شێوازی یەکەمی ئەم هاوسەرگیرییە هیچ گرفتی شەرعی و یاسایی نییە جگە لەوە نەبێت کە گرێبەستەکە لە ڕوی یاساییەوە لە دادگا تۆمار نەکراوە و ئەوەیش مەرجێکی ڕواڵەتییەو هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر خودی گرێبەستەکە نییە و هەرکات هاوسەرەکان ویستیان دەتوانن تۆماری بکەن، بەڵام شێوازی دووەمیان هیچ بنەمایەکەی شەرعی و یاسایی نییە و بەهیچ شێوەیەك دروست نییە و لەگەڵ زینا و داوێن پیسی جیاوازییەکەی ئەوتۆی نییە.

## باسی شەشەم

## هاوسەرگیری تێکەڵ (الزواج المختلط)

ئەمە یەکێکی ترە لەو هاسەرگیرییانەی کە هەر لەکۆنەوە و بەسەرجەم شێوازەکانییەوە لە ڕووی شەرعییەوە بڕاوەتەوە و سەدەها بەڵگە و دەقی لەسەر هەیە و زانایانی پێشین بەڕوونی قسەیان لەسەر کردوە؛ بەڵام لەم دواییانەدا لەلایەن هەندیك بەناو زانا و بانگخوازی ئیسلامییەوە و لە ژێر سایەی سیاسەتی جیهانگیری و پەردەی بانگەشەکانی یەکسانی نێوان ئایین و ڕەگەز و شارستانییەتە جیاوازەکان و چەسپاندنی بنەمای ئازادی بیروباوەڕ و ئازادییە کەسییەکان و بەبیانوی نوێگەرایەتی لە فیقهی ئیسلامی و کرانەوە لەگەڵ بەرامبەردا، بابەتەکە جارێکی تر وروژێندرایەوە و خرایەوە بەر باس و لیکۆڵینەوە و هەندێك کەسی نە شارەزا و ناپسپۆڕ قسەیان لەبارەوە کرد و فەتوایان لەبارەوە دا، بەبیانوی ئەوەی کە گوایە هیچ دەقێکی شەرعی ڕوون لەسەر بابەتەکە نییە و ئەوەی گوتراوە تەنها بۆچوونی زانایان خۆیان بووە و بەشێك بووە لەسیاسەتی شەرعی ئەو سەردەمانە و ئەکرێت ئەو بۆچونانە لە ئێستادا دەستکاری بکرێن و بگۆڕدرێن.

ئەمەیش - هاوتەریب لەگەڵ لاوازبوونی ڕۆڵی ئایین و کاریگەرییەکەی لەسەر ئاراستەکردنی تاك و کۆمەڵ بە تایبەتی لەلای ڕەوەندی ئیسلامی لە ڕۆژئاوا - وای کردوە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە سەرهەڵبدات لەو کۆمەڵگەیانەدا و لە هەندێك کاتدا دزە بکاتە ناو کۆمەڵگە ئیسلامییە ڕۆژهەڵاتییەکانیشەوە و ئەمەیش مەترسییەکی گەورە لەسەر ناسنامەی ئیسلامی نەوەکانی داهاتوو دروست دەکات و ئاین و ئینتیمایان دابەش دەکات بەسەر چەند ئاینێکی جیاواز و هەندێك جار دژ بەیەکدا. لەهەمان کاتیشدا هەڕەشە لەسەر ئارامی و ئاسایشی خێزان دروست دەکات و زمانی لێك تێگەیشتن لاواز دەکات.

ئەمانە و چەندین هۆکاری تر پاڵنەربوون بۆ قسەکردن لەسەر ئەم هاوسەرگیرییە بە شێوازێکی زانستی و بابەتییانە تا بتوانین بەڵگە شەرعییەکانی لە بارەوە بخەینە ڕوو.

سەرەتایش لە پێاسەکەیەوە دەست پێ دەکەین.

## یەکەم: پێناسە:

هاوسەرگیری تێکەڵ: مەبەست لێی ئەو هاوسەرگیرییە کە لە نێوان شوێنکەوتە و هەڵگرانی ئاین و ئایدیا جیاوازەکاندا دەکرێت بەبێ جیاوازی.

ناوەڕۆکی بیرۆکەکەیش لەناوەکەیدا دیارە کە مەبەست لێی سڕینەوەی هەموو جۆرە جیاوزییەکی ئایینی و ڕەگەزییە لە نێوان تاك و کۆمەڵگەکاندا و ڕێگەپێدانی پرۆسەی هاوسەرگیرییە بەڕەهایی بەو پێیەی کە هاوسەرگیری مافێکی تاکە کەسییە و خەڵکی خۆیان ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیاندا و هیچ ئایین یان یاسا یان کلتورێك بۆی نییە ئەو ئازادییەیان زەوت یان سنووردار بکات.

ئەمەیش وا دەکات کە خەڵکی زۆر بەشتێکی لاوەکی لە ئاین بڕوانن و هەموو ئایینەکان بەیەك چاو تەماشا بکەن، بەمەیش ئێمەی موسوڵمان لە کۆمەڵێك ڕووەوە زیان دەکەین:

١- خەڵکی ئاینە پووچ و گۆڕاو و بێ بنەماکانییان دەهێننە ئاستی ئاینەکەی ئێمە و لەپێش چاوی خەڵکی وای وێنا دەکەن کە ئایین هەر ئایینە و هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا نییە.

٢- بەو پێیەی کە ئێستا هەموو جومگەکانی دەسەڵات و هێز لە ژێر دەستی شوێنکەوتەی ئایینەکانی تردایە ئەوە بەدڵنیاییەوە زۆربەی کات خەڵکانی هەژار و چەوساوەی موسوڵمان لەو تێکەڵییە زەرەرەو مەند دەبن و بە هۆکاری جیاواز دەکەونە ژێر کاریگەری ئایین و کلتوری خەڵکانی ترەوە و ئەگەریش ئەو کاریگەرییە لە خۆیاندا ڕەنگ نەداتەوە ئەوە بەدڵنیاییەوە لە نەوەکانی داهاتوویاندا ڕەنگ دەداتەوە.

٣- ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە لە ڕووی شەرعەوە دانامەزرێن و بە پووچ ئەژمار دەکرێن و هەموو لێکەوتەکانیشی هەر پووچ و حەرامن؛ چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری لەسروشتی داخستنی قۆپچەی کراسدایە ئەگەر یەکەم قۆپچەی بەهەڵە داخرا ئەوە گشت قۆپچەکانی تر بەدوای ئەودا بەهەڵە دا دەخرێن، پرۆسەی هاوسەگیرییش ئەگەر بە شێوەیەکی نا دروست یان کەم و کورت ئەنجام درا ئەوە هەموو لێکەوتەکانیشی هەر نادروست و حەرام دەبێت.

پاش ئەوەی کە لە واتای پرۆسەکە و لێکەوتە خراپەکانی گەیشتین ئێستا دێینە سەر شێوازەکانی ئەنجامدانی کە بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبێت بەسەر دوو شێوازدا:

یەکەمیان: ئەوەیە کە پرۆسەکە لە نێوان پیاوێکی موسوڵمان و ئافرەتێکی ناموسوڵماندا ئەنجام بدرێت.

دووەمیان: ئەوەیە کە لەنێوان ئافرەتێکی موسوڵمان و پیاوێکی ناموسوڵماندا ئەنجام بدرێت.

سەرەتا لە شێوازی یەکەمەوە دەست پێ دەکەین.

## دووەم: حوکمی هاوسەرگیری کردن لە نێوان پیاوانی موسوڵمان و ئافرەتانی نا موسوڵماندا:

کاتێك باسی ئافرەتانی نا موسوڵمان دەکەین مەبەستمان لێی تەنها پێڕەوانی ئاینی مەسیحی و جولەکەیە کە لە زاراوە شەرعییەکاندا بە (أهل الكتاب) واتە: خاوەن پەڕتووکە ئاسمانییەکان ناوزەند دەکرێن و ئەم حوکمەیش جگە لە پێڕەوانی ئەو دوو ئاینە پێڕەوانی هیچ ئاین و ئایدیایەکی تر ناگرێتەوە، ئەگەر چی پێڕەوانی ئاینەکانی تریش بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەوانیش هاوشێوەی پێڕەوانی ئاینی مەسیحی و جولەکە ئاینەکایان ئاسمانییە و پەڕتووك و پەیامبەریشیان هەیە بەڵام شەریعەتی ئیسلامی ئەو قسەیە ناسەلمێنێت؛ بۆیە ئێمەیش لێرەدا و لەهەر دەقێکدا وشەی (أهل الكتاب) مان هاتە بەردەست، بە پێڕەوانی ئاینی مەسیحی و جولەکە ڕاڤەی دەکەین.

ئەم بابەتەیش کۆدەنگی زانایانی لەسەرە.

سەبارەت بە پرسی هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکیش سەرەڕای ئەوەی کە چەندین دەقی شەرعیمان هەیە لەو بارەیەوە بەڵام زانایان پێیان وایە کە ئەم ڕێگە پێدانەیش بە ڕەهایی نییە و پێویستی بە هەل و مەرجی خۆی هەیە و بەشێوەیەکی گشتی زانایان دەربارەی ئەو پرسە سێ بۆچوونیان هەیە:

بۆچونی یەکەم: بۆچوونی زۆربەی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و زانایانی هەر چوار مەزهەبەکە و زۆرێکی تریش لە زانایانی مەزهەبەکانی تر لەسەر ئەوەن کە هەر چەند ئەم

هاسەرگیرییە دروستە و ڕێگە پێدراوە؛ بەڵام کارێکی باش نییە و باشتر وایە تا دەکرێت موسوڵمانان خۆیانی لێ بەدوور بگرن.

بۆچونی دووەم: بۆچونێکی لاوازە و لە هەندێك لە زانایانی مالیکی و شافیعییەوە گێڕدراوەتەوە و ئەمان پێیان وایە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە دروستە و هیچ گرفتێکی نییە[١].

ئەمانیش پشتیان بەو بەڵگە شەرعییانە بەستووە کە بە ڕەهایی ڕێگەی بەم جۆرە هاوسەرگیرییە داوە.

بۆچونی سێیەم: بۆچونی تاکڕەوانەی هەندێك لە زانایانی شیعەیە کە ئەم هاوسەرگیرییە بە ڕەهایی بە حەرام و ناشەرعی لەقەڵەم دەدەن[٢].

هەرچەندە ئەم بۆچونە بە هەڵە دراوەتە پاڵ عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش بەڵام ڕاست نییە و بۆچونی عەبدوڵڵا هەر وەك بۆچوونی سەرجەم زانایانی تر بووە کە سەرەڕای ئەوەی ڕێگەیان پێداوە بەڵام پێیان باش نەبووە، مەیمونی کوڕی مەهران دەڵێت: بە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرم گوت: ئێمە لە وڵاتێکین تێکەڵین لەگەڵ مەسیحی و جولەکەکان، ژنیان لێ دەهێنین و خواردنیشیان دەخۆین. ئەویش ئایەتەکەی قورئانی بۆ خوێندمەوە[٣]. گوتم ئێمە ئەوە دەزانین و ئەو ئایەتەمان لەبەرە کە تۆ خوێندتەوە، پرسیارەکەی من لەسەر ئەوەیە کە ژنیان لێ دەهێنین و خواردنیشیان دەخۆین. دەڵێت: لەوەلامدا دووبارە

---

١ - لەو بارەیەوە دەڵێن: (الحرة الكتابية فيجوز نكاحها للمسلم، ويكره عند الإمام مالك، وأجازه ابن القاسم بلا كراهة). واتە: ئافرەتێکی ئازادی مەسیحی یان جولەکە دروستە پیاوێکی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ بکات و لای پێشەوا مالیك کارێکی باش نییە و ئیبن قاسم ڕێگەی پێداوە بەبێ ئەوەی هیچ نەنگییەکی تێدا بێت. الدردير (سيد أحمد الدردير)، الشرح الكبير، ج٢، دار الفكر، بيروت، تحقيق: محمد عليش، ص٢٦٧. الشربيني. بۆ فیقهی شافیعی بگەڕێوە سەر: مغني المحتاج- ج٣، ص١٨٧.

٢ - لەو بارەیەوە دەڵێن: (مما انفردت به الامامية حظر نكاح الكتابيات). واتە: ڕێگە نەدان بە هاوسەرگیری کردن لە گەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە یەکێکە لەو بابەتانەی کەزانایانی شیعە تاکڕەوانە باوەڕیان پێیەتی. الحلي، مختلف الشيعة، ج٧، مؤسسة النشر الإسلامي، قم، ط١، ١٤١٢، تحقيق: لجنة التحقيق في مؤسسة النشر، ص٧٣. المحقق البحراني، الحدائق الناظرة، ج٢٤، ص٣- جماعة المدرسين، قم، تحقيق: محمد تقي الإيرواني.

٣ - مەبەستی ئەو ئایەتەیە کە تێیدا خوای گەورە ڕێگە بەم هاوسەرگیرییە دەدات و دەفەرموێت: ﴿وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ﴾. سورة المائدة: الآية (٥).

ئایەتەکی بۆ خوێندمەوە. جەصاص دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت: (عدوله بالجواب بالإباحة والحظر إلى تلاوة الآية دليل على أنه كان واقفا فيه، ولم يكن قاطعا فيه بشيء، وما ذكر عنه من الكراهة يدل على أنه ليس على وجه التحريم)[١]. واتە: خۆ لادانی ئەو لە وەڵامەکە و خوێندنەوەی ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو لەو بابەتەدا وەستاوە و نەیبڕاندۆتەوە و ئەوەیش کە لێی دەگێڕنەوە پێی باش نەبووە مەبەستی حەرامبوون نەبووە. ئیبن قودامەیش دەڵێت: (ولا يصح عن أحد من الأوائل أنه حرم ذلك)[٢]. واتە: لە هیچ کەس لە زانایانی پێشین پشت ڕاست نەکراوەتەوە کە ئەو کارەی پێ حەرام و یاساغ بوبێت.

شیعەکان بۆ حەرامی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پشت بەم بەڵگانە دەبەستن:

أ- ئەو ئایەتانەی کە بەشێوەیەکی گشتی خوای گەورە ڕێگری کردوە لە هاوسەرگریی کردن لە گەڵ ئافرەتانی بێ باوەڕ لەوانە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَنْكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ﴾[٣]. واتە: هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانی بێ باوەڕ مەکەن تا باوەڕ نەهێنن وە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ﴾[٤].واتە: دەست مەگرن بە هاوسەرێتی ئەو ئافرەتانەی کە بێ باوەڕن.

جا ئەوان دەڵێن: حوکمی ئایەتەکان هەموو بێ باوەڕێك دەگرێتەوە مەسیحی بێت یان جولەکە یان بت پەرست. وە دەڵێن ئەم ئایەتانە حوکمی ئەو ئایەتەی سورەتی (مائدة) ی سڕیوەتەوە کە تێیدا خوای گەورە ڕێگەی بە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە داوە.

ب- هەورەوها بەڵگە بەوە دەهێننەوە کە پێشەوا عومەر فەرمانی بە طەڵحە و حوزەیفە کرد کە خێزانە بێ باوەڕەکانیان تەڵاق بدەن.

بۆچونی پەسەند:

بۆچونی پەسەند لەو بارەیەوە بۆچونی یەکەمە کە بۆچونی زۆربەی زانایانە و چەندین بەڵگەی شەرعی پشتڕاستی دەکاتەوە کە گرنگترینییان ئەمانەن:

---

١- الجصاص، أحكام القرآن، ج٢، ص١٥.

٢ - إبن قدامة، المغني، ج٧، ص٩٩. الخرقي، مختصر الخرقي، ج١، ص٩٦. إبن تيمية، مجموع الفتاوى، ج٣٢، ص١٧٨.

٣ - سورة البقرة: الآية (٢٢١).

٤ - سورة الممتحنة: الآية (١٠).

أ- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ﴾[١]. واتە: خواردەمەنی پێڕەوانی ئاینی مەسیحی و جولەکە بۆ ئێوە حەڵاڵە و خواردنی ئێوەیش بۆ ئەوان حەڵاڵە، وە ئافرەتانی داوێن پاکی بڕوادار و ئافرەتانی داوێن پاکی مەسیحی و جولەکەی پێش خۆتان بۆتان حەڵاڵن.

ب- کاری جێنشینان و هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کە هەندێکیان هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە کردوە، لەوانە: عوسمانی کوڕی عەففان، طەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا، حوزەیفەی کوڕی یەمان، خۆ ئەگەر ئەو کارە دروست نەبوایە بە دڵنیاییەوە ئەو هاوەڵە بەڕێزانە نەیان دەکرد، ئیبن قەییم لەو بارەیەوە دەڵێت: (والمقصود أن الله سبحانه أباح لنا المحصنات من أهل الكتاب، وفعله أصحاب نبينا ﷺ فتزوج عثمان نصرانية، وتزوج طلحة بن عبيد الله نصرانية، وتزوج حذيفة يهودية)[٢]. واتە: مەبەست ئەوەیە خوای گەورە ئافرەتانی داوێن پاکی مەسیحی و جولەکەی بۆ حەڵاڵ کردوین، وە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کاریان بەو ئایەتە کردوە وە –پێشەوا- عوسمان لەگەڵ ئافرەتێکی مەسیحیدا هاوسەرگیری کردووە و طەڵحەیش هەروەها لەگەڵ ئافرەتێکی مەسیحیدا هاوسەرگیری کردووە و حوزەیفەیش لەگەڵ ئافرەتێکی جولەکەدا هاوسەرگیری کردوە.

ت- کۆدەنگی زانایان لەسەر ئەو بابەتە: جەصصاص لەو بارەیەوە دەڵێت: (وقد تزوج عثمان، وطلحة، وحذيفة الكتابيات، ولو كان ذلك محرما عند الصحابة لظهر منهم نكير أو خلاف، وفي ذلك دليل على اتفاقهم على جوازه)[٣]. واتە: عوسمان و طەڵحە و حوزەیفە هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکەدا کردوە، خۆ ئەگەر ئەو کارە حەرام بوایە ئەوە دەبوو هاوەڵان پێی ڕازی نەبوونایە یان ڕای جیاوازیان هەبوایە، ئەوە بەڵگەی کۆدەنگییانە لەسەر ڕێگەپێدانی ئەو کارە. ئیبن تەیمییەیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (قد ثبت

---

١ – سورة المائدة: الآية (٥).

٢ – إبن القيم (محمد بن أبي بكر أيوب)، أحكام أهل الذمة، ج٢، ط١، ١٤١٨، دار ابن حزم، بيروت، تحقيق: يوسف أحمد البكري، شاكر توفيق، ص٧٩٥.

٣ – الجصاص (أحمد بن علي الرازي)، أحكام القرآن، ج٢، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط، ١٤٠٥، تحقيق: محمد الصادق قمحاوي، ص١٦.

حل طعام أهل الكتاب بالكتاب، والسنة، والإجماع، والكلام في نسائهم كالكلام في ذبائحهم، فإذا ثبت حل أحدهما ثبت حل الآخر، وحل أطعمتهم ليس له معارض أصلا، ويدل على ذلك أن حذيفة بن اليمان تزوج يهودية ولم ينكر عليه أحد من الصحابة، فدل على أنهم كانوا مجتمعين على جواز ذلك)[١]. واتە: خواردنی پێڕەوانی ئاینی جولەکە و مەسیحی بەپێی دەقەکانی قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایان حەڵاڵ و دروستە، حوکمی ئافرەتەکانیشیان هەمان حوکمی خواردنەکەیانی هەیە و ئەگەر ئەوە سەلما کە یەکێکیان حەڵاڵە ئەوە ئەوی تریشیان حەڵاڵە، حەڵاڵی خواردنەکانیشییان هیچ ڕێگرییەکی نییە، بە بەڵگەی ئەوەی کە حوزەیفەی کوڕی یەمان ئافرەتێکی جولەکەی هێناوە و هیچ هاوەڵێکی پێغەمبەریش ﷺ ڕێگری لێ نەکردوە، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەکۆی دەنگ پێیان دروست بووە. ئیبن قودامەیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (وحرائر نساء أهل الكتاب وذبائحهم حلائل للمسلمين....ولا يصح عن أحد من الأوائل أنه حرم ذلك)[٢]. واتە: ئافرەتانی ئازادی مەسیحی و جولەکە و سەربڕاویشیان دروستن بۆ موسوڵمانان وە لە هیچ کەسێك لە زانایانی پێشین نەبیستراوە کە ئەو کارەیان بە یاساغ و حەرام لەقەڵەم دابێت.

سەبارەت بەو بەڵگانەیش کە دەیسەلمێنن ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە کارێکی باش نییە و باشتر وایە خەڵکانی موسوڵمان تا دەتوانن خۆیانی لێ بپارێزن ئەمانەن:

أ- پێشەوا عومەر فەرمانی بەو هاوەڵانە کرد کە خێزانەکانیان مەسیحی یان جولەکە بوون تەڵاقیان بدەن، هەموویان بە گوێیان کرد جگە لە حوزەیفە نەبێت کە پێشەوا عومەر پێی گوت تەڵاقی بدە. گوتی: شایەتی دەدەیت کە حەرامە. گوتی ئەوە وەك پشکۆ وایە تەڵاقی بدە. حوزەیفە دووبارە گوتی: شایەتی دەدەیت کە حەرامە. پێشەوا عومەریش دووبارە گوتی: پشکۆیە. حوزەیفە گوتی: دەزانم پشکۆیە بەڵام خۆ بۆ من حەڵاڵە و ڕازی نەبوو تەڵاقی بدات. پاش ماوەیەك خۆی تەڵاقی دا. کە لێیان پرسی ئەی بۆ ئەو

١ - إبن تيمية، دقائق التفسير، ج٢، مؤسسة علوم القرآن، دمشق، ط٢، ١٤٠٤، تحقيق: د. محمد السيد، ص١٤-١٧.

٢ - إبن قدامة، المغني، ج٧، دار الفكر، بيروت، ط١، ١٤٠٥، ص٩٩. الخرقي، مختصر الخرقي، ج١، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٣، ١٤٠٣، تحقيق: زهير الشاويش، ص٩٦.

کاتە تەڵاقت نەدا کە پێشەوا عومەر فەرمانی پێ کردیت. گوتی: پێم خۆش نەبوو خەڵك وا بزانێت کە من کارێکی حەرامم کردووە[١].

ب- زانایانی هەر چوار مەزهەبەکە سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگەیان بەم هاوسەرگیرییە داوە بەڵام ئەوانیش پێیان باش نەبووە، حەنەفییەکان لەو بارەیەوە گوتویانە: (وصح نكاح كتابية وإن كره تنزيها)[٢]. واتە: هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە دروستە هەرچەندە کەمێکیش باش نییە. مالیکییەکانیش لەو بارەیەوە گوتویانە: (الكتابية سواء كانت يهودية أو نصرانية .. فيجوز نكاحها للمسلم ... إنما كره مالك ذلك في بلد الإسلام)[٣]. واتە: ئافرەتانی خاوەن پەیامی ئاسمانی جولەکە یان مەسیحی بن..دروستە پیاوانی موسوڵمان هاوسەرگیرییان لەگەڵ بکەن.. بەڵام مالیك ئەوەی لەوڵاتانی ئیسلامییدا پێ پەسەند نەبووە. شافیعییەکانیش لەو بارەیەوە دەڵێن: (يحرم نكاح من لا كتاب لها كوثنية ومجوسية، وتحل كتابية لكن تكره ..ذمية على الصحيح)[٤]. واتە: دروست نییە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێك بکرێت کە پەیامێکی ئاسمانیی نییە وەك ئەوەی بت پەرست یان ئاگر پەرست بێت، وە لەگەڵ ئافرەتانی خاوەن پەیامی ئاسمانی دروستە، بەڵام بۆچونی پەسەند لەسەر ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوانەی لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامییدان باش نییە، حەنبەلییەکانیش لەو بارەیەوە دەڵێن: (فالأولى أن لا يتزوج كتابية)[٥]. واتە: باشتر وایە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە نەکات. عەبدوڵڵای کوڕی پێشەوا ئەحمەدیش دەڵێت: لە باوکم پرسی: پێت چۆنە ئەگەر پیاوێکی موسوڵمان هاوسەرگیری لە گەڵ ئافرەتێکی مەسیحی یان جولەکە بکات. گوتی: پێم باش نییە، خۆ ئەگەریش کردی ئەوە هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەریش ﷺ کاری وایان کردوە.

---

١ - إبن القيم، مصدر سابق، ج٢، ص٧٩٦.

٢ - الحصفكي، الدر المختار، ج٣، دار الفكر، بيروت، ط٢، ١٣٨٦، ص٤٥. إبن عابدين، حاشية ابن عابدين، ج٣، دار الفكر، بيروت، ط٢، ١٣٨٦، ص٤٥.

٣- الدسوقي، حاشية الدسوقي، ج٢، دار الفكر، بيروت، تحقيق: محمد عليش. أبو القاسم العبدري (محمد بن يوسف)، التاج والإكليل، ج٣، ص٤٧٧، دار الفكر، بيروت، ط٢، ١٣٩٨، ص٢٦٧.

٤ - النووي (يحي بن شرف)، منهاج الطالبين، ج١، دار المعرفة، بيروت، ص٩٨-٩٩. الشربيني (محمد الخطيب)، مغني المحتاج، ج٣، دار الفكر، بيروت، ص١٨٧.

٥ - إبن قدامة، المغني، ج٧، ص١٠٠.

سەبارەت بە بۆچونی تاکرەوانەی شیعەیش لەسەر حەرامی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بۆچون و بەڵگەکانیان لاوازە؛ لەبەر ئەوەی ئایەتەکانی: ﴿وَلا تَنْكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ﴾. و ﴿وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ﴾. ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە ناگرێتەوە، هۆکاری هاتنەخوارەی ئایەتەکانیش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

ئایەتی ﴿وَلا تَنْكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ﴾. لەسەر پیاوێك هاتە خوارەوە بەناوی مەرثەدی غەنوی کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ بەنهێنی ناردی بۆ مەککە بۆ ئەوەی هاوەڵێکی پێغەمبەر ﷺ لە مەککە دەربکات و بیگەیەنێتە مەدینە، مەرثەد لە مەککە ئافرەتێکی بێ باوەڕی خۆش دەویست بەناوی عناق چو بۆ لای و پێی گوت: ئیسلام ئەم جۆرە پەیوەندی خۆشەویستییەی سەردەمی نەفامی حەرام کردوە. ئافرەتەکە گوتی: کەواتە با هاوسەرگیری بکەین. مەرثەد گوتی: با پرس بە پێغەمبەری خودا ﷺ بکەم بزانم دەڵێت چی. گەڕایەوە لای پێغەمبەر ﷺ و پرسی پێ کرد، خوای گەورە ئەو ئایەتەی لەسەر ناردە خوارەوە و دواتر پێغەمبەری خودا ﷺ ڕێگەی نەدا هاوسەرگیری لەگەڵ بکات[(١)].

سەبارەت بە ئایەتی دوومیش: ﴿وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ﴾. ئەم ئایەتە لەسەر پەیامانانامەی حودەیبییە هاتۆتە خوارەوە و مەبەست لێی ئەو هاوەڵانە بوو کە خێزانەکانیان بێ باوەڕ بوون و هەر لەمەککە مابوونەوە یانیش لەگەڵ خۆیان بوون بەڵام بێ باوەڕ بوون و خوای گەورە فەرمانی پێ کردن کە دەستبەرداریان بن و ئەو کات هیچ هاوەڵێك نەبوو خێزانی مەسیحی یان جولەکەی هەبێت ئیتر چۆن بڵێین ئایەتەکە لەسەر ئەوان هاتۆتە خوارەوە.

زیاد لەوەیش ڕاستە مەسیحی و جولەکەیش هەر کافرن بەڵام هۆکار و شێوازی کوفرەکەیان جیاوازە هەر بۆیە خوای گەورە لە قورئاندا هەمیشە بە جیاواز باسیان دەکات، بۆ نموونە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا﴾[(٢)]. واتە: ئەوانەی بڕوادارن و ئەوانەی جولەکە و صابیئی و مەسیحی و ئاگرپەرست و هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار داوە. وە دەفەرموێت: ﴿لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ

١ - القرطبي- (محمد بن أحمد)، تفسير القرطبي (الجامع لأحكام القرآن)، ج٣، دار الشعب، القاهرة، ط٢، ١٣٧٢، تحقيق: أحمد عبد العليم البردوني، ص٦٧.

٢ - سورة الحج: الآية (١٧).

وَالْمُشْرِكِينَ مُنْفَكِّينَ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ﴾[١]. واتە: بێ باوەڕانی خاوەن پەڕتووکە ئاسمانییەکان و بت پەرستەکان دەست بەرداری کوفر و بێ باوەڕی خۆیان نەبوون تا بەڵگە و نیشانەی ڕوون ئاشکرایان بۆ هات.

هۆکاری ئەم جیاکارییەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاینی ڕاستەقینەی خاوەن پەڕتووکە ئاسمانییەکان هیچ کوفر و بێ باوەڕییەکی تێدا نییە و ئەوەی لە ئێستادا هەیە خۆیان بۆ خۆیان دایانهێناوە؛ بەڵام ئاینی بت پەرست و بێ باوەڕان هەر لەسەرەتاوە لەسەر بێ باوەڕی دامەزراوە و دروست بووە. بۆیە حوکمی ئەم ئایەتانە تەنها بێ باوەڕانی عەرەب و بت پەرستەکان دەگرێتەوە و ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە ناگرێتەوە؛ چونکە ئەوان دەقی ڕوون و ئاشکرا هەیە لە سەر دروستی هاوسەرگیریی کردن لەگەڵیان.

ئەگەریش گریمان وشەی ﴿الْمُشْرِكَاتِ﴾. لە ئایەتەکەی سورەتی (بقرة) دا گشتگیر بێت و هەموو جۆرە ئافرەتێکی ناموسوڵمان بگرێتەوە، ئەوە ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە بە ئایەتەکەی سورەتی (مائدة) هەڵاوێرد کراون لەو حوکمە گشتییە و بەمەیش حوکمی ئایەتەکان دەچێتە خانەی حوکمی (عام) و (خاص) و ئایەتەکەی سورەتی (بقرة) (عام) ە و ئایەتەکی سورەتی (مائدة) (تخصيص) ی کردوە.

سەبارەت بە سڕینەوەیش ئەگەر گریمان هەبێت ئەوە ئایەتی: ﴿وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حِلٌّ لَكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِكُمْ﴾. کە لەسورەتی مائیدەدا هاتووە و ڕێگە بە هاوسەرگیری لە گەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە دەدات بەسڕەرەوەی ئایەتی: ﴿وَلَا تَنْكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ﴾. دادانرێت کە لە سورەتی بەقەرەدا هاتووە و گوایە ڕێگە لەو هاوسەرگیرییە دەگرێت؛ چونکە لە ڕووی بەروارەوە ئایەتەکەی سورەتی مائیدە لە دوای ئایەتەکەی سورەتی بەقەرەوە هاتۆتە خوارەوە و هەموویشمان دەزانین کە دەقی دواتر ئەوەی پێشتر دەسڕێتەوە نەك بە پێچەوانەوە.

- دەربارەی ئەوەیش کە گوایە پێشەوا عومەر بەزۆر طەڵحە و حوزەیفەی لە خێزانەکانیان جیا کردۆتەوە، هیچ بەڵگە یان ڕیوایەتێکی دروست لەو ڕووەوە لەبەردەستدا

---

١ - سورة الآية: البينة (١).

نییە و بەپێچەوانەوە ڕیوایەتە دروستەکان ئەو حوکمە ڕەت دەکەنەوە، پێشەوا طەبەری دەربارەی ئەو بابەتە دەڵێت: (وأما القول الذي روي عن عمر من تفريقه بين طلحة وحذيفة وامرأتيهما .. فقول لا معنى له، لخلافه ما الأمة مجتمعة على تحليله بكتاب الله تعالى ذكره، وخبر رسوله ﷺ، وقد روي عن عمر بن الخطاب من القول خلاف ذلك بإسناد هو أصح منه)[١]. واتە: ئەو قسەیەی لە عومەرەوە دەیگێڕنەوە کە گوایە طەڵحە و حوزیفەی حوزیفەی لە خێزانەکانیان جیا کردۆتەوە هیچ بنەمایەکی نییە؛ چونکە پێچەوانەی ئەوەیە کە ئوممەتی ئیسلامی بەکۆی دەنگ بە دروستیان زانیوە و لەقەڵەم داوە، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە قورئاندا باس کراوە و پێغەمبەری خودا ﷺ هەواڵی لەبارەوە داوە و هەر لە عومەرەوە هەندێك ڕیوایەت کراوە بە پێچەوانەی ئەوەوە و لەوەیش دروستتر و ڕاستترە.

ئیبن کەثیریش لەو بارەیەوە دەڵێت: (وهذا الأثر غريب عن عمر)[٢]. واتە: ئەم ڕیوایەتە کە لە عومەرەوە دەیگێڕنەوە شتێکی نامۆیە.

ئێستا و پاش ئەوەی ئەوەمان سەلماند کە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە بەپێی دەقە شەرعییەکان دروستە، پێویستە ئەوە بڵێین کەئەم ڕێگەپێدانە ڕەها نییە و کۆمەڵێك مەرجی تایبەتی خۆی هەیە کە پێویستە لایەنەکانی گرێبەستەکە پێوەی پابەند بن، کە بەداخەوە ئەمڕۆ زۆریك لە خەڵکانی موسوڵمان بەتایبەتی دانیشتوانی هەندەران لەو مەرجانە بێ ئاگان و پێوەی پابەند نین و وادەزانن هەر ئافرەتێك لەکۆمەڵگەیەکی مەسیحی یان جولەکەدا بژی، یان هەڵگری ڕەگەزنامەی یەکێك لەو وڵاتانە بێت هاوسەرگیری کردن لەگەڵی دروستە، ئیتر کەسەکە هەرچییە و هەرچۆنە ئەوە کێشە نییە، ئەمەیش دوورە لە ڕاستییەوە و ئیسلام بۆ ئەم جۆرە پرۆسەیە چەندین مەرجی داناوە کە گرنگترینیان ئەمانەن.

---

١ - الطبري، تفسير الطبري، ج٢، ص٣٧٨.

٢ - إبن كثير (إسماعيل بن عمر بن كثير)، تفسير القرآن العظيم، ج١، دار الفكر، بيروت، ط، ١٤٠١، ص٢٥٨.

## سێیەم: مەرجەکانی هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە:

١- پیاوەکە لەو شوێنەی کە تێیدا نیشتەجێیە ئافرەتی موسوڵمانی دەست نەکەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات و بشترسێت لەوەی کە ئەگەر هەروا بمێنێتەوە تووشی خراپە بێت. ئیبن و تەیمییە لەو بارەیەوە دەڵێت: (ویکره نكاح الحرائر الكتابيات مع وجود الحرائر المسلمات ... كما يكره أن يجعل أهل الكتاب ذباحين مع كثرة ذباحين مسلمين)[١]. واتە: تا ئافرەتانی ئازادی موسوڵمان هەبن، هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی ئازادی خاوەن پەیامە ئاسمانییەکانی تر باش نییە. هەروەك چۆ باش نییە تا قەسابی بڕوادار وەستا بن خاوەن پەیامەکانی تر بکرێنە قەساب و ئاژەڵیان پێ سەرببڕدرێت.

٢- ئەو ئافرەتەی دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات مەسیحی یان جولەکە بێت؛ چونکە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی هیچ ئاینزایەکی تری وەك زەردەشتی یان یەزیدی یان بودایی یان ئەستێرە پەرست یان لائیك یان شیوعی و کۆمۆنیست دروست نییە. حەنەفییەکان لەو بارەیەوە دەڵێن: (وأما المجوسية فلا يجوز نكاحها للمسلم لأنها ليست من أهل الكتاب)[٢]. واتە: ئافرەتانی ئاگرپەرست (زەردەشتی) دروست نییە پیاوی موسوڵمان هاوسەرگیرییان لەگەڵ بکات؛ چونکە ئەوانە بە خاوەن پەیامی ئاسمانی ئەژمار ناکرێن[٣]. مالیکییەکانیش لەو بارەیەوە دەڵێن: (المراد بالمحصنات في الآية[٤] الحرائر من اليهود والنصارى)[٥]. واتە: مەبەست لە ئافرەتانی داوێن پاکی خاوەن پەیامە ئاسمانییەکان لە ئایەتەکەدا ئافرەتانی ئازادی مەسیحی و جولەکەیە. شافیعییەکانیش لەو بارەیەوە دەڵێن: (والكتابية يهودية أو نصرانية...لا مستمسكة بالزبور وغيره كصحف شيث، وإدريس، وإبراهيم .. فلا تحل لمسلم)[٦]. واتە: ئافرەتانی خاوەن پەیام مەسیحی و جولەکە دەگرێتەوە... نەك

---

١ - إبن تيمية، الفتاوى الكبرى، ج٤، دار المعرفة، بيروت، ط١، ١٣٨٦، تحقيق: حسنين محمد مخلوف، ص٥٤٠.

٢ - السرخسي، المبسوط، ج٤، ص٢١١.

٣ - جا ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانی ئاگر پەرست و زەردەشتی دروست نەبێت کە لە زۆر ڕووەوە وەك مەسیحی و جولەکە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەوە لەگەڵ غەیری ئەوان حەرامییەکەی زیاتر و قورس ترە.

٤ - مەبەست ئایەتی: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ﴾. سورة المائدة: الآية (٥).

٥ - النفراوي (أحمد بن غنيم بن سالم)- الفواكه الدواني، ج٢، دار الفكر، بيروت، ط، ١٤١٥، ص١٩.

٦ - الشربيني، مغني المحتاج، ج٣، ص١٨٧. الرملي، غاية البيان شرح زيد ابن رسلان، ج١، دار المعرفة، بيروت، ص٢٥٣.

ئافرەتانی پەیوەست بە زەبور و غەیری زەبوریشەوە وەك پەڕاوەکانی شیث و ئیدریس و ئیبراهیم... ئەوانە هیچیان بە پیاوانی موسوڵمان ناشێن. حەنبەلییەکانیش دەڵێن: (وسائر الكفار غير أهل الكتاب، كمن عبد ما استحسن من الأصنام والأحجار والشجر والحيوان، فلا خلاف بين أهل العلم في تحريم نسائهم وذبائحهم)[١]. واتە: جگە لە خاوەن پەیامە ئاسمانییەکان سەرجەم بێ باوەڕانی تر، وەك ئەوانەی پەرستنی بت یان دار یان بەرد یان ئاژەڵێکیان پەسەند کردوە، زانایان کۆدەنگن لەسەر حەرامی هاوسەرگیری کردن لە گەڵ ئافرەتانیان و خواردنی گۆشتی سەربڕاوی دەستیان. ئیبن قەییمیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (فعرف القرآن من أوله إلى آخره في الذين أوتوا الكتاب أنهم أهل الكتابين خاصة، وعليه إجماع المفسرين والفقهاء وأهل الحديث)[٢]. واتە: نەریتی قورئان لەسەرەتاوە تا کۆتایی لە باسی ئەوانەی کە خاوەن پەیامی ئاسمانین مەبەست لێیان مەسیحی و جولەکەکانە، و ئەمەیش کۆدەنگی ڕاڤەکارانی قورئان و فەرموودە و سەرجەم شەرع زانانی لەسەرە.

٣- ئافرەتەکە بەپێی بنەماکانی ئاینی خۆی - مەسیحی یان جولەکە بێت- بڕوادار بێت: خۆ ئەگەر بەپێی ئاینەکەی خۆی بڕوادار نەبوو ئەو کات بە هەڵگەڕاوە (مرتد) ئەژمار دەکرێت و دروست نییە موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ بکات. بۆیە کە دەڵێین مەسیحی یان جولەکە بێت تەنها ئەوەندە بەس نییە کە لە خانەوادەیەکی مەسیحی یان جولەکە بێت یان هاوڵاتی و هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتێکی لەو جۆرە بێت؛ بەڵکو دەبێت خۆی لە ناخی خۆیدا بڕوادار بێت بە ئاینەکەی؛ چونکە بابەتی ئایین و دینداری شتێکی کەسی و تایبەتییە و هەر کەسە وخۆی بڕیاری لەبارەوە دەدات نەك خانەوادە و ڕەگەزنامەکەی. زانایان لەو بارەیەوە دەڵێن: (لو انتقلت اليهودية أو النصرانية للمجوسية أو الدهرية أو ما أشبه ذلك فإنه لا يجوز نكاحها)[٣]. واتە: ئەگەر ئافرەتێکی جولەکە یان مەسیحی چووە سەر ئاینی مەجوسی – ئاگر پەرست و زەردەشتی- یان سروشت پەرستی یان هەر ئاینێکی تری هاوشێوەی ئەوانە ئەو کات دروست نییە هاوسەرگیری لەگەڵ بکرێت.

---

١ - إبن قدامة، المغني، ج٧، ص١٠١.

٢ - بن القيم، أحكام أهل الذمة، ص٨١٣.

٣- الدسوقي، حاشية الدسوقي، ج٢، ص٢٦٧.

٤-دەبێت ئافرەتەکە داوێن پاك بێت: خوای گەورە لە قورئاندا بەڕوونی باس لەم مەرجە دەکات و دەفەرموێت: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ﴾[١]. واتە: ئافرەتانی داوێن پاکی مەسیحی و جولەکە. و ئەمەیش بۆچوونی زۆربەی زۆری ڕاڤەکارانی قورئانە: قورطوبی لەو بارەیەوە دەڵێت: (روي عن ابن عباس أنه قال: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ﴾ العفيفات العاقلات، وقال الشعبي: هو أن تحصن فرجها فلا تزني)[٢]. واتە: لە عەبدوڵلای کوڕی عەبباسەوە دەگێڕنەوە گوتویەتی: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ﴾ واتە داوێن پاك و ژیر، شیعبیش دەڵێت: واتە داوێنی پاك ڕابگرێت و داوێن پیسی نەکات. جەصصاصیش دەڵێت: (..﴿وَالْمُحْصَنَاتُ﴾ يعني العفائف منهن؛ ولأنها إذا كانت كذلك لا يؤمن أن تأتي بولد من الزنا فتلحقه به، وتورثه ماله)[٣]. واتە: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ﴾. واتە: ئافرەتە داوێن پاکەکانیان؛ چونکە ئەگەر داوێن پیس بێت متمانەی پێ ناکرێت و ڕەنگە زینا بکات و دواتر منداڵێکی ببێت بیداتە پاڵ ئەم پیاوە موسوڵمانە و لەماڵی ئەمیش میراتی پێ بدات. ئیبن کەثیریش دەڵێت: (..﴿الْمُحْصَنَاتُ﴾..أراد بالحرة العفيفة... و هو قول الجمهور ها هنا، وهو الأشبه لئلا يجتمع فيها أن تكون ذمية وهي مع ذلك غير عفيفة فيفسد حالها بالكلية)[٤]. واتە: مەبەست لە ﴿الْمُحْصَنَاتُ﴾. ئافرەتێکی ئازادی داوێن پاکە و ئەوەیش بۆچونی زۆربەی زانایانە لێرەدا و ئەوەیش پەسەند ترە؛ بۆ ئەوەی جگە لە بێ دینی داوێن پیسیشی تێدا کۆنەبێتەوە و بەتەواوی حاڵی تێك بچێت.

تەنانەت لە هەندێك ڕیوایاتدا هاتووە کاتێك پێشەوا عومەر داوا لە حوزەیفە دەکات خێزانە جولەکەکەی تەڵاق بدات، پێی دەڵێت: من ناڵێم حەرامە؛ بەڵام دەترسم هاوسەرگیری لەگەڵ داوێن پیسەکانیان بکەن.

جگە لەوەیش زانایان پێیان دروست نەبووە پیاوی موسوڵمان ئافرەتی داوێن پیس بهێنێت ئەگەر چی موسوڵمانیش بێت تا تەوبە نەکات و نەگەڕێتەوە، جا ئەگەر

---

١ - سورة المائدة: الآية (٥).

٢ - القرطبي، تفسير القرطبي، ج٦، ص٧٩.

٣ - الجصاص، أحكام القرآن، ج٥، ص١٠٩.

٤ - إبن كثير، تفسير إبن كثير، ج٢، ص٢١.

موسوڵمانیش نەبێت ئەوکات خراپی و لادانی باوەڕ لەگەڵ خراپی و لادانی ڕەوشت پێکەوە کۆ دەبێتەوە و حەرامییەکەی چەند قات دەبێت[١].

٥- نابێت گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە لە کڵێسا یان پەرستگاکانی ئەوان یان لەسەر دەستی قەشە یان حاخام و پیاوە ئاینییەکانیان یاخود بەپێی ڕێ و ڕەسمە ئاینییەکانی ئەوان ئەنجام بدرێت؛ چونکە کاری لەو جۆرە نەك تەنها پڕۆسەی هاوسەرگیرییەکە هەڵدەوەشێننەوە بەڵکو بۆ دینی پیاوە موسوڵمانەکەیش خراپە و لەوانەیە پێی کافر بێت. لە فەتوایەکی لیژنەی هەمیشەیی فەتوای سعوددیا هاتووە: (لا يجوز للمؤمن أن يشهر زواجه من مسلمة أو كتابية في الكنيسة ولا على يد قسيس، ولو كان ذلك بعد الزواج بها على سنة الله ورسولهﷺ، لما في ذلك من مشابهة النصارى في شعار زواجهم، وتعظيم مشاعرهم، ومعابدهم، واحترام علمائهم..)[٢]. واتە: دروست نییە پیاوی موسوڵمان پڕۆسەی هاوسەرگیرییەکەی لە گەڵ ئافرەتێکی موسوڵمان یان مەسیحی یان جولەکە لەڕێگەی کەنیسەوە و لەسەر دەستی قەشەیەك ئەنجام بدات و بڵاو بکاتەوە، با پێشتریش لەسەر شەرعی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی هاوسەرگیری لەگەڵ کردبێت؛ لەبەر ئەوەی ئەو کارە چاولێکرنەوەی ڕێ و ڕەسمی هاوسەرگیری خەڵکانی مەسیحی و بەرز ڕاگرتنی پەرستگا و دروشم و پیاوە ئاینییەکانیانە.

٦- نابێت هاوسەرگیرییەکە سەر بکێشێت بۆ کاری حەرام و خراپە: لەو ڕووەوە زانایان چەند نموونەیەك باس دەکەن، مالیکییەکان دەڵێن: (إنما كره مالك ذلك في بلد الإسلام لأنها تتغذى بالخمر والخنزير، وتغذي ولده بهما، وهو يقبلها ويضاجعها وليس له منعها من ذلك التغذي ولو تضرر برائحته، ولا من الذهاب للكنيسة، وقد تموت وهي حامل فتدفن في مقبرة الكفار وهي حفرة من حفر النار)[٣]. واتە: پێشەوا مالیك بۆیە ئەو کارەی لە وڵاتانی ئیسلامیدا پێ باش نەبووە؛ چونکە ئەوانە گۆشتی بەراز و عارەق دەخۆن و ئەوانەیش دەداتە منداڵەکانی، ئەمیش ماچی دەکات و کاری سەرجێی لەگەڵ دەکات و بۆی نییە ڕێگری خواردنی ئەو شتانەی لێ بکات ئەگەر چی بۆنەکەیشی بێزاری بکات، هەروەها

---

١ - إبن كثير، تفسير إبن كثير، ج٢/ص٢٢.

٢ - شبكة المعلومات الدولية، الفتاوى الجامعة للمرأة، كتاب النكاح، باب العيوب في النكاح.

٣ - الدسوقي، حاشية الدسوقي، ج٢، ص٢٦٧.

بۆی نییە ڕێگەی سەردانی کڵێسای لێ بگرێت، لەوانەیشە کاتێك دەمرێت دوو گیان بێت و ئەو کات لە گۆڕستانی بێ باوەڕان بەخاك دەسپێردرێت کە چاڵێکە لە چاڵەکانی دۆزەخ.

٧- نابێت ئەو ئافرەتەی هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەین هاوڵاتی یان هەڵگری ڕەگەزنامەی وڵاتێك بێت کە دژایەتی ئیسلام و موسوڵمانان بکات یاخود لە حاڵەتی جەنگدا بێت لەگەڵ وڵاتێکی ئیسلامی یان کەمینە ئیسلامییەکان.

شافیعییەکان لەو بارەیەوە دەڵێن: (لكن تكره حربية ليست بدار الإسلام؛ لما في الإقامة في دار الحرب من تكثير سوادهم؛ ولأنها ليست تحت قهرنا)[1]. واتە: باش نییە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێك بکات کە نیشتەجێی وڵاتێك بێت لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی لە حاڵەتی شەڕدا بێت، چونکە ئەو ڕەشایی هێزی کوفر زیاد دەکات و لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئێمەدا نییە. پێشەوا قورطوبیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (وأما نكاح أهل الكتاب إذا كانوا حربا فلا يحل)[2]. واتە: هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە دروست نییە ئەگەر لەحاڵەتی شەڕدا بوون لە گەڵمان. جەصصایش دەڵێت: (فينبغي أن يكون نكاح الحربيات محظورا)[3]. واتە: پێویستە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ئافرەتانە قەدەغە بکرێت کە لە حاڵەتی شەڕدان لەگەڵ موسوڵمانان. ئیبن عابدینیش دەڵێت: (تكره الكتابية الحربية إجماعا)[4]. واتە: هاوسەرگیری کردن لە گەڵ ئەو ئافرەتانەی کە مەسیحی یان جولەکەن و لە حاڵەتی شەڕدان لەگەڵ موسوڵمانان بەکۆی دەنگ کارێکی پەسەند و باش نییە.

شێخ یوسف قەرضاوی دەربارەی حیکمەتی ئەم مەرجە دەڵێت: (فكيف تتحقق هذه الرابطة بين المسلمين وبين قوم يحادونهم ويحاربونهم؟!، وكيف يسوغ للمسلم أن يصهر إليهم، فيصبح منهم أجداد أولاده وجداتهم وأخوالهم وخالاتهم؟! فضلا عن أن تكون زوجته وربة داره وأم أولاده منهم؟! وكيف يؤمن أن تطلع على عورات المسلمين وتخبر بها

---

١ - الشربيني، مغني المحتاج، ج٥، ص١٨٧. الإمام الشافعي، الأم، ج٥، ص٤٩.

٢ - القرطبي، تفسير القرطبي، ج٣، ص٦٩.

٣ - الجصاص، أحكام القرآن، ج٣، ص٣٢٦.

٤ - إبن عابدين، حاشية ابن عابدين، ج٣، ص٤٥. السرخسي (محمد بن أبي سهل)، المبسوط، ج١٠، دار المعرفة، بيروت، ط، ١٤٠٦، ص٩٦. الدردير، الشرح الكبير، ج٢، ص٢٦٧. العدوي (علي الصعيدي العدوي)، حاشية العدوي، ج٢، دار الفكر، بيروت، ط، ١٤١٢، تحقيق: يوسف الشيخ، ص٧٩. الشربيني، مغني المحتاج، ج٥، ص١٨٧. الشافعي (محمد بن إدريس)، الأم، ج٥، دار المعرفة، بيروت، ط٢، ١٣٩٣، ص٤٩. إبن قدامة، المغني، ج٩/ص٢٣٤-٢٣٥.

قومها؟!)[1]. واتە: چۆن ئەو پەیوەندییە لە نێوان موسوڵمانان و خەڵکانێکدا دروست دەبێت کە دژایەتیان دەکەن و شەڕیان لەگەڵ دەکەن؟!، وە چۆن ڕێگە بە موسوڵمان دەدرێت کە ببێتە زاوایان و ئەوانە بکاتە باپیر و نەنك و خاڵ و پوری منداڵەکانی؟! چ جای ئەوەی خێزان و بەڕێوەبەری ماڵەکەی و دایکی منداڵەکانی لەوان بێت؟! وە چۆن دڵنیا بین لەوەی کە ئەو ئافرەتە نهێنییەکانی موسوڵمانانی ناکەوێتە بەردەست و نایدات بە کەس وکاری؟!..

خۆشەویستان لە ژێر ڕۆشنایی ئەو مەرجانەی کە باسمان کرد دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا لەڕوی بیروباوەڕەوە دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا:

- بەرەیەکی سیکویلاری هەڵگەڕاوە لە ئایین و بنەما و بەهاکانی، ئەم بەرەیە لە سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنساوە و هەتا ئەمڕۆ زاڵ و بەربڵاوە و لە ڕۆژئاوادا کار لەسەر هەڵتەکاندنی بیری کڵێسا و بنەما و پیرۆزییە ئاینییەکانی دەکات و ئەمەیش وای کردوە کە لە ئێستادا بەدەگمەن مرۆڤێکی ڕۆژئاوایی ببینیت باوەڕی بە ئاینی مەسیحی مابێت و پابەند بێت بە ڕێ و ڕەسمەکانییەوە؛ بەڵکو زۆربەیان لە ئێستادا وجودییەتیان کردۆتە فەلسەفە و بەرنامەی ژیانی خۆیان و ئەمەیش لە دیدی کڵێسادا بە کوفر و هەڵگەڕانەوە لە ئاین ئەژمار دەکرێت.

- بەرەیەکی ڕاست ڕەوی پارێزکار کە ماوەیەکە سەری هەڵداوە و ئەمڕۆ لە هەندێك وڵاتدا لە ناوەندی بڕیاردانن و ئەم بەرەیەش بەرەیەکی (صهیو مسیحی) ڕقاوی و دژ بە ئیسلام و موسوڵمانانە و بە داخ و قینی مێژووەوە سەیری ئەمڕۆ و ئاینده دەکات و لەسەر بنەمای ڕێنماییەکانی تەلمود و بڕۆتۆکۆلەکانی دانایانی جولەکە بیر دەکاتەوە و نەخشەی داهاتوو دادەڕێژێت کە بانگەشەی لەناوبردن و بەکۆیلە کردنی بەرامبەرەکانیان دەکەن، لایەنگرانی ئەم بەرەیەیش جەنگ و کوشتاکردنی موسوڵمانانیان لە هەموو کارێك پێ لەپێش ترە و پیرۆز ترە.

لە ڕووی ڕەوشتیشەوە ئەمڕۆ لایەنگران و هەوادارانی هەر دوو بەرەکەی ڕۆژئاوا کە باسمان کردن باوەڕیان بەو بەها و بنەما ڕەوشتییانە نەماوە کە ئێمە بەسەنگی مەحەکی

---

١ - شبكة المعلومات الدولية- موقع الدكتور يوسف القرضاوي- العلاقات الإجتماعية/ بحث حول حكم زواج المسلم من الكتابيات.

دادەنێین بۆ بڕیاردان لەسەر کەسەکان؛ بگرە بەپێچەوانەوە ئەوان بەچاوی دواکەوتووی و قێزەوە لەو بەهایانە دەڕوانن، لە ئێستادا بنەماکانی ڕەوشت و بەها باڵاکان لای ئەوان بەشێکن لە مافی تایبەتی تاکەکان و کەس بۆی نییە دەستی تێ وەر بدات؛ هەر ئەمەیش وای کردوە کە لە ئێستادا ئاستەمە لەو وڵاتانە کچێکت دەست بکەوێت بەر لە تەمەنی پێگەیشتنیش کچێتی مابێت و لەدەستی نەدابێت، خۆ ئەگەر گریشمان هەبێت ئەوە ئەوان بەچاوی سوك و وەك کەسێکی نەخۆش تەماشای دەکەن، ئەمڕۆ زینا و داوێن پیسی و ناپاکی هاوسەرگیری و بوونی منداڵ لەدەرەوەی پڕۆسەی خێزان و بازرگانی سێکسی و بڵاوبوونەوەی دەیەها نەخۆشی سێکسی لەو وڵاتانە بوونەتە دیاردە و کەس ناتوانێت حاشایان لێ بکات و بەریان پێ بگرێت.

سەرباری ئەمانە هەمووی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە ئێستادا گرفتی زۆری لێ دەکەوێتەوە لەوانە:

- لەبەر ئەوەی هاوسەرگیرییەکان لەو وڵاتانە دەکرێت و هەژموون و کلتوری ئایینی و ڕۆشنبیری ئەوان تێیدا زاڵە، ئەوە زۆربەی کات هاوسەرگیرییەکە بەپێی ڕێوڕەسمی ئاینی مەسیحی و لە کڵێسا و لەسەر دەستی قەشەیەك ئەنجام دەدرێت و ئەمەیش وەك پێشتر باسمان کرد تاوانێکی گەورەیە و گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەی پێ دانامەزرێت.

- کلتوری ژن سالاری لەو وڵاتانە زاڵە و پیاو دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە و ناتوانێت ڕێگری هیچ شتێکی ناشەرعی لە هاوسەرەکەی بکات کە لەگەڵ یاساکانی ئیسلام یەك ناگەنەوە؛ چونکە ئافرەتەکەش لە نێو کەسو کار و ڵاتی خۆیدایە و کلتور و هەژمونی شارستانییەتی ئەو زاڵە و یاساکان پشتیوانی لەو دەکەن، لە ئەگەری ڕوودانی هەر کێشەیەکدا پیاوەکە زەرەر دەکات و لەانەیە هەموو شتێك لە دەست بدات، بە تایبەتی منداڵەکانی کە بە پێی ئاینی ئێمە بە موسوڵمان ئەژمار دەکرێن و ئەو کات دەکەونە لای دایکێك یان دایەنگەیەکی مەسیحی و لەسەر کلتوری ئەوان پەروەردە دەکرێن.

- ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە پیاوەکە ناچار دەکات کە بۆ هەتا هەتایە لەو وڵآتانە بمێنێتەوە و نەوەکانی لەسەر کلتور و ژیاری ئەوان پەروەردە بکات و دواجار و بەتێپەڕبوونی کات کەسەکە چەند دینداریش بێت ناتوانێت ڕێگری لەتوانەوەی نەوەکانی

بکات لەو کۆمەڵگانەدا و ئەمەیش تاوانێکە دەرهەق بەنەوەکانی خۆی و موسوڵمانانی دەکات.

- زۆربوون و زاڵبوونی دیاردەی هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی ڕۆژئاوادا لەسەر حسابی هاوسەگیری کردن دەبێت لەگەڵ ئافرەتانی موسوڵمانی ڕۆژهەڵات، ئەمەیش سەردەکێشێت بۆ زیابوونی مانەوەی کچان و کەم بوونەوەی هەلی هاوسەرگیری و زیادبوونی ڕێژەی قەیرەیی و لێکەوتە خراپەکانی لەو وڵاتانەدا.

پشت بەست بەو خاڵانەی کە باسمان کرد هاوسەگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە بۆ حاڵەتی زۆر ناچاری نەبێت ڕێگەی پێ نادرێت، ئەویش پاش دڵنیا بوون لە هەموو ئەو مەرجانەی کە باسمان کرد.

## چوارەم: حوکمی هاوسەرگیری کردن لە نێوان پیاوانی نا موسوڵمان و ئافرەتانی موسوڵماندا:

لەم تەوەرەیەدا بەپێچەوانەی تەوەری پێشوو قسە لەسەر حوکمی هاوسەرگیری ئافرەتانی موسوڵمان دەکەین لەگەڵ پیاوانی ناموسوڵمان، شوێنکەوتەی هەر ئاین و مەزهەب و ئایدیایەك بن جگە لە ئیسلام.

ئەم بابەتەیش دوو تەوەری سەرەکی هەیە:

تەوەری یەکەم: ئەگەر هاوسەرەکان هەر لە سەرەتاوە موسوڵمان نەبوون و پاشان یەکێکیان موسوڵمان بوون و ئەم حاڵەتەیش چەند ئەگەرێك لەخۆ دەگرێت هەوڵ دەدەین هەڵوێستەیان لەسەر بکەین و حوکمەکانیان ڕوون بکەینەوە و بەپێی پێویست قسەیان لەسەر بکەین:

١- ئەگەر هاوسەرەکان سەرەتا موسوڵمان نەبوون و شوێنکەوتەی هیچ ئاینێك نەبوون و پەیوەندی هاوسەرگیرییەکەیشیان هیچ بنەمایەکی شەرعی نەبوو وە بەپێی ڕێ ورەسمی هیچ ئاینێك نەبوو و پاشان یەکێکیان موسوڵمان بوون - ژنەکە یان پیاوەکە جیاوازی نییە- و ئەوی تریان سوور بوو لەسەر بێباوەڕی خۆی، لەو کاتەدا هاوسەرگیرییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە و هاوسەرەکان لێك جیا دەکرێنەوە و هاوسەرگیرییەکەیشیان هیچ لێکەوتەیەکی شەرعی نابێت؛ چونکە بەپێی هیچ ئاینێك بنەمایەکی شەرعی نییە.

٢- ئەگەر هاوسەرەکان سەرەتا موسوڵمان نەبوون و شوێنکەتەی هیچ ئاینێك نەبوون و پەیوەندی هاوسەرگیرییەکەیشیان هیچ بنەمایەکی شەرعی نەبوو وە بەپێی ڕێ ورەسمی هیچ ئاینێك نەبوو، پاشتر هەردووکیان پێکەوە موسوڵمان بوون، لەم کاتەدا ڕێگە دەدرێت هاوسەرەکان پێکەوە بمێننەوە بەڵام پێویستە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی پرۆسەی هاوسەرگیرییان بۆ ئەنجام بدرێتەوە؛ چونکە ئەوان پێشتر تەنها پەیوەندییان هەبووە و هیچ پرۆسەیەکی هاوسەرگیرییان نەبووە.

٣- ئەگەر هاوسەرەکان سەرەتا موسوڵمان نەبوون، بەڵام شوێنکەوتەی ئاینێکی تر بوون جگە لە مەسیحیەت و جولەکە وەك یەزیدی، بودایی، صابئی، و هتد..... و بەپێی ڕێ و ڕەسمی ئاینەکەی خۆیان پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجام دابوو. ئەو کات ئەگەر هەردووکیان پێکەوە موسوڵمان بوون ئەوە دەکرێت پێکەوە بمێننەوە و هاوسەرگیرییەکەیشیان بەشەرعی ئەژمار دەکرێت، خۆ ئەگەر یەکێکیان موسوڵمان بوون -ژنەکە یان پیاوەکە جیاوازی نییە- و ئەوی تریان سوور بوو لەسەر مانەوە لەسەر ئاینەکەی خۆی، لەو کاتەدا هاوسەرگیرییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە و هاوسەرەکان لێك جیا دەکرێنەوە و لێکەوتەکانی هاوسەرگیرییەکەیان بە شەرعی ئەژمار دەکرێت و بەپێی شەریعەتی ئیسلامی مامەڵە لەگەڵ لێکەوتەکانی دەکرێت.

٤- ئەگەر هاوسەرەکان سەرەتا موسوڵمان نەبوون؛ بەڵام مەسیحی یان جولەکە بوون و بەپێی ڕێ و ڕەسمی ئاینەکەی خۆیان پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجام دابوو. وە هەردووکیان پێکەوە[1] موسوڵمان بوون، لەو کاتەدا هاوسەرگیرییەکەیان بەردەوام دەبێت و هاوسەرەکان پێکەوە دەمێننەوە و پێویست ناکات پرۆسەی هاوسەرگیرییان بۆ ئەنجام بدرێتەوە و هەموو لێکەوتەی هاوسەرگیرییەکەیشیان بەشەرعی ئەژمار دەکرێت.

٥- ئەگەر هاوسەرەکان مەسیحی یان جولەکە بوون و بەپێی ڕێ و ڕەسمی ئاینەکەی خۆیان پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجام نەدابوو وەپەیوەندییەکەیان بەپێی ئاینەکەی

---

١ - کە دەڵێین پێکەوە مەرج نییە لەیەك کاتدا موسوڵمان بن و بەیەکەوە شایەتمان بێنن بەڵکو ئاساییە ماوەیەکی کەم لەنێوانیاندا بێت. إبن القیم، أحکام أهل الذمة، ج٢، ص٦٤٠.

خۆیان ناشەرعی بوو. ئەو کات لە هەموو ئەگەرەکاندا پێویستە پرۆسەی هاوسەرگیرییان بۆ ئەنجام بدرێتەوە و هەموو لێکەوتەی هاوسەرگیرییەکەیشیان بەنا شەرعی ئەژمار دەکرێت.

٦- ئەگەر هاوسەرەکان مەسیحی یان جولەکە بوون و بەپێی ڕێ و ڕەسمی ئاینەکەی خۆیان پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجام دابوو. پاشان پیاوەکە موسوڵمان بوو وە ئافرەکە سوور بوو لەسەر مانەوە لەسەر ئاینەکەی خۆی لەو کاتەدا هاوسەرگیرییەکەیان بەردەوام دەبێت و هاوسەرەکان پێکەوە دەمێننەوە و پێویست ناکات پرۆسەی هاوسەرگیرییان بۆ ئەنجام بدرێتەوە و هەموو لێکەوتەی هاوسەرگیرییەکەیشیان بەشەرعی ئەژمار دەکرێت؛ چونکە وەك پێشتریش گوتمان دروستە پیاوێکی موسوڵمان هاسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی مەسیحی یان جولەکەدا بکات؛ بەڵام پێویستە ئافرەتەکە ئەو حەوت مەرجەی تێدا بێت کە باسمان کردن.

٧- ئەگەر هاوسەرەکان مەسیحی یان جولەکە بوون و بەپێی ڕێ و ڕەسمی ئاینەکەی خۆیان پرۆسەی هاوسەرگیرییان ئەنجامدابوو. پاشان ئافرەتەکە موسوڵمان بوو، وە پیاوەکە سوور بوو لەسەر مانەوە لەسەر ئاینەکەی خۆی، لەو کاتەدا پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە و لێك جیا دەکرێنەوە.

لێرەدا تێبینییەکی گرنگ هەیە پێویستە بیزانین، ئەویش ئەوەیە لە هەموو ئەو حاڵەتانەی کە باسمان کرد ئەگەر هاوسەرەکان بەپێی ئاینی پێشوویان هەرچی بێت، گرێبەستی هاوسەرگیرییان هەبوو، پاشان یەکێکیان موسوڵمان بوون و هاوسەرەکەی تر سوور بوو لەسەر بێ باوەڕییەکەی و حاڵەتەکەیش بەشێوەیەك بوو کە شەرع ڕێگەی بەردەوامی هاوسەرگیرییەکەی پێ نەدەدان بەو شێوەیە، لەو کاتەدا ئەو لایەنەی کە موسوڵمان بووە مافی خۆیەتی داوای جیابوونەوە بکات وەك باسمان کرد، لەهەمان کاتیشدا دەتوانێت داوای جیابوونەوە نەکات و چاوەڕوان بکات تا هاوسەرەکیشی موسوڵمان دەبێت، ماوەی چاوەڕوانییەکە کورت بێت یان درێژ گرنگ نییە، بەمەرجێك لەو ماوەیەدا لەگەڵ یەك نەمێننەوە و لێك نزیك نەبنەوە؛ چونکە بەیەکتر ناشێن و حەڵاڵی یەکتر نین، هەرکات هاوسەرەکەی موسوڵمان بوو دەچنەوە لای یەك و پێویست ناکات گرێبەستی

هاوسەرگیرییان بۆ نوێ بکرێتەوە[١]؛ ئیبن تەیمییە لەو بارەیەوە دەڵێت: (وإذا أسلمت الزوجة والزوج كافر، ثم أسلم .. فالنكاح باق ما لم تنكح غيره، والأمر إليها، ولا حكم له عليها، ولا حق عليه؛ لأن الشارع لم يفصل، وهو مصلحة محضة، وكذا إن أسلم قبلها وليس له حبسها، فمتى أسلمت .. فهي امرأته إن اختار)[٢]. واتە: ئەگەر ژنەکە موسوڵمان بوو پیاوەکە بێ باوەڕ بوو، پاشان پیاوەکە موسوڵمان بوو گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەیان وەك خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر ئافرەتەکە شووی بە کەسی تر نەکردبێت بڕیار بەدەستی خۆیەتی و پیاوەکە ناتوانێت هیچ زۆرێکی لێ بکات و هیچ مافێکیشی ناکەوێتە سەر، چونکە شەرع سنورێکی بۆ ئەو بابەتە دانەناوە و ئەوەیش بەرژەوەندییەکی تەواوە، هەر وەك چۆن ئەگەر پیاوەکە پێش ژنەکە موسوڵمان بێت، ناتوانێت بەزۆر ژنەکە لای خۆی گل بداتەوە و هەرکات ئافرەتەکە موسوڵمان بوو ئەوە خێزانی خۆیەتی ئەگەر ویستی. ئیبن قەییمیش دەربارەی ئەو بۆچونەی مامۆستاکەی دەڵێت: (وهو أصح المذاهب في هذه المسألة وعليه تدل السنة)[٣]. واتە: ئەوە دروستترین بۆچونە لەو بارەیەوە و سوننەتیش پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە و دواتر بەرگری لێ دەکات و دەڵێت: (فالنكاح في هذه المدة لا يحكم ببطلانه ولا بلزومه وبقائه من كل وجه، ولهذا خير أمير المؤمنين المرأة تارة، وفرق تارة، وعرض الإسلام على الثاني تارة، فلما أبى فرق بينهما، ولم يفصل رسول الله ﷺ بين رجل وامرأته أسلم أحدهما قبل الآخر أصلا، ولا في موضع واحد)[٤]. واتە: لەو ماوەیەدا بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکە یان مانەوە و بەردەوامبوونی نادرێت، هەر بۆیە پێشەوا عومەر لەو جۆرە حاڵەتانەدا هەندێك جار ئافرەتەکەی سەرپشك کردوە و هەندێك جار لێکی جیا کردونەتەوە و هەندێك جاریش داوای لەکەسەکە کردوە موسوڵمان بێت، ئەگەر ڕازی نەبوایە لێکی جیا دەکردنەوە و لە هیچ حاڵەتێکیشدا پێغەمبەری خودا ﷺ دوو هاوسەری لێك جیا نەکردۆتەوە ئەگەر پێکەوە موسوڵمان بووبن یان یەکێکیان پێش ئەوی تریان موسوڵمان بووبێت.

---

١ - هەرچەندە زانایان لەو بارەیەوە (٩) بوچوونیان هەیە بەڵام ئەم بۆچوونە پەسەندترینیانە.

٢ - إبن تيمية، الفتاوى الكبرى، ج٤، ص٥٤٦-٥٤٧.

٣ - إبن القيم، أحكام أهل الذمة، ج٢، ص٦٤٦.

٤ - إبن القيم، نفس المصدر، ج٢، ص٦٥١.

بەڵگەکانی دروستی ئەم بۆچوونەیش زۆرن لەوانە:

أ- لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ خەڵکانێکی زۆر لە قورەیش و بێباوەڕانی عەرەب دەهاتنە بازنەی ئیسلامەوە و هەرگیز باس نەکراوە کە پێغەمبەری ﷺ خودا هاوسەرگیری بۆ کەسیان تازە کردبێتەوە یان پرسیبێتی کە چۆن کاتی خۆی هاوسەرگیرییان کردوە. لەبەر ئەوەی ئەوان پاشماوەی ئاینی ئیبراهیمییەتیان تێدا مابوو وە بەپێی ئەو ڕێوڕەسمە هاوسەرگیرییان دەکرد. ئەمەیش کۆدەنگی زانایانی لەسەرە ئیبن عەبدول بەڕ لەو بارەیەوە دەڵێت: (أجمع العلماء على أن الزوجين إذا أسلما معا في حالة واحدة أن لهما المقام على نكاحهما ما لم يكن بينهما نسب ولا رضاع)[١]. واتە: زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر هاوسەرەکان پێکەوە وەك یەك و لەیەك کاتدا موسوڵمان بوون دەتوانن لەسەر هاوسەرگیرییەکەی خۆیان بەردەوام بن بەمەرجێك پەیوندی خزمایەتی نزیك لە نێوانیاندا نەبێت و پێکەوە شیریان نەخواردبێت.

ب- کاتێك ئەبو لعاص ی زاوای پێغەمبەر ﷺ تا شەش ساڵ لەسەر بێ باوەڕی مایەوە پاشان و لەسەردەمی ئاگربەستی نێوان موسوڵمانان و سوپای قورەیشدا هاتە مەدینە، خاتوو زەینەبی کچی داوای لە پێغەمبەر کرد ﷺ کە ڕێگەی بدات بیباتە ماڵەکەی خۆی، پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرموو: ئەو هاوسەری تۆیە بەڵام نابێت نزیکت بێتەوە، دواتر موسوڵمان بوو، وە پێغەمبەری خودا ﷺ بەهەمان گرێبەستی پێشوو خاتوو زەینەبی پێ دایەوە[٢].

---

١ - إبن القيم، أحكام أهل الذمة، ج٢، ص٦٤٠.

٢ - البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٤٧)جماع أبواب ما يحرم من نكاح الحرائر وما يحل منه ومن الإماء والجمع بينهن وغير ذلك باب (٢٨) من قال لا ينفسخ النكاح بينهما بإسلام أحدهما إذا كانت مدخولا بها حتى تنقضي عدتها قبل إسلام المتخلف منهما، رقم (١٣٨٤٦)، ص١٨٧. الحاكم (محمد بن عبد الله)، المستدرك على الصحيحين، ج٢، كتاب (٢٤) الطلاق، رقم (٢٨١١)، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٠، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، ص٢١٩.

و ما روي أن النبي ﷺ رد ابنته على أبي العاص بمهر جديد ونكاح جديد فقد ضعفه أئمة أهل الحديث، فقال الترمذي في إسناده مقال،وقال الإمام أحمد هذا حديث ضعيف والحديث الصحيح الذي روي أنه أقرها على النكاح الأول، وقال الدارقطني هذا حديث لا يثبت والصواب حديث ابن عباس أن النبي ﷺ ردها بالنكاح الأول. وقال الترمذي في كتاب العلل: سألت البخاري عن هذين الحديثين فقال: حديث ابن عباس أصح في هذا الباب. إبن القيم، أحكام أهل الذمة، ص٦٦٦-٦٦٧.

ت- لە نێوان موسوڵمانبوونی صەفوانی کوڕی ئومەییە و کچەکەی وەلیدی کوڕی موغیرەی خێزانیدا زیاتر لە مانگێك هەبووە، خێزانەکەی ڕۆژی ئازادکردنی مەککە موسوڵمان بووە؛ بەڵام سەفوان پاش جەنگی حونەین و طائیف موسوڵمان بووە، پێغەمبەری خودا ﷺ لێکی جیا نەکردنەوە و خێزانەکی هەر بەو گرێبەستەی پێشوو لای مایەوە[1].

ث- خێزانەکەی عیکریمە کە بە دایکی حەکیم ناسرابوو ڕۆژی ئازادکردنی مەککە موسوڵمان بوو ، عیکریمەی هاوسەری هەڵهات و خۆی گەیاندە یەمەن، خێزانەکەی بەدویدا بەرەو یەمەن کەوتە ڕێ و لەوێ باسی ئیسلامی بۆ کرد و داوای لێ کرد موسوڵمان بێت، ئەویش بەگوێی کرد و موسوڵمان بوو پاشان گەڕانەوە مەدینە و بەیعەتی بە پێغەمبەر دا ﷺ و لەسەر هاوسەرگیرییەکەی خۆیان مانەوە و بەردەوام بوون.

ج- ئەبو سوفیان بەر لە ئازادکردنی مەککە موسوڵمان بوو، بەڵام هندی خێزانی پاش ئازادکردنی مەککە موسوڵمان بوو و لەسەر هاوسەرگیرییەکەیشیان بەردەوام بوون.

هـ- کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ مەککەی ئازاد کرد زۆرێك لە خێزانەکانی خەڵکی مەککە موسوڵمان بوون؛ بەڵام هاوسەرەکانیان هەڵهاتن، دواتر  پاش چەند مانگێك هەندێکیان موسوڵمان بوون و گەڕانەوە لای خێزانەکانیان، هیچ کاتیش نەبیستراوە کە پێغەمبەری خودا ﷺ گرێبەستی هاوسەرگیری هیچ کام لەوانەی دووبارە کردبێتەوە، یان پرسیبێتی کە سووڕی مانگانەی خێزانەکانیان و ماوەی عیددەیان بەسەر چووە یان نا. ئەمە لە کاتێکدا کە زۆرێك لەوانە پاش تەواوبوونی عیدەی خێزانەکانیان موسوڵمان بوون.

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا ماوە ئەوە بڵێین: کە لەو ماوەیەی ئافرەتەکە یان پیاوەکە چاوەڕوانی موسوڵمانبوونی هاوسەرەکەی دەکات، هەموو ئەو شوێنەوارانەی کە لەسەر گرێبەستەکە دروست دەبن ڕا دەگیرێن و کاریان پێ ناکرێت، لەوانە: بەهیچ شێویەك ناکرێت ئەو دوو هاوسەرە لە ماڵێکدا بن و لێك نزیك ببنەوە و کاری سەرجێی بکەن، وە خەرجی ئافرەتەکە ناکەوێتە ئەستۆی پیاوەکە و هیچ مافێکی پیاوەکەیش بەسەر ئافرەتەکەوە نامێنێت. تا ئەو کاتەی خۆی یەکلا دەکاتەوە موسوڵمان دەبێت.

---

١ - إبن عبد البر (إبن عمر يوسف بن عبد الله)، التمهيد، ج١٢، مراسيل إبن شهاب عن نفسه، وزارة عموم الأوقاف والشؤون الإسلامية، المغرب، تحقيق: مصطفى بن أحمد العلوي، محمد عبد الكبير البكري، ص١٩.

تەوەری دووەم: ئەگەر ئافرەتێکی موسوڵمان هەر لەسەرەتاوە هاوسەرگیری لە گەڵ کەسیکی لائیك و مولحید یاخود کۆمەنیست و شیوعی یاخود مەسیحی یان هەر ئاینزایەکی تر کرد، یاخود سەرەتای هاوسەرگیرییەکیان پیاوەکە موسوڵمان بوو پاشتر دینی گۆڕی و لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە.

لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا ئەگەر پیاوەکە هەر سەرەتا موسوڵمان نەبوو ئەوە پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەیان هەر لە بنەڕەتدا دانامەزرێت و هیچ شوێنەواریشی لەسەر دروست نابێت، هەر کاتیش موسوڵمان بوو ئەو کات پێویستە گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەیان نوێ بکەنەوە؛ چونکە گرێبەستی پێشویان هەر لە بنەڕەتدا دانەمەزراوە و ئیشی پێ ناکرێت.

ئەگەریش سەرەتا موسوڵمان بوو دواتر دینی گۆڕی و لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە ئەو کات پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە و بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بە بەردەوامی نادرێت و هەر کات تەوبەی کرد و گەڕایەوە بازنەی ئیسلام ئەو کات خێزانەکەی پێ دەدرێتەوە، ئەگەریش سوور بوو لەسەر هەڵگەڕانەوەکەی ئەو کات هاوسەرگیرییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە و لێك جیا دەکرێنەوە.

ئەم بابەتەیش بەدەیەها بەڵگەی قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایانی لەسەرە و سەرەڕای ئەوەیش هەندێك بەناو زانا بە کۆمەڵێك بیانوی بێ بنەما لەم دواییانەدا ڕێگەیان پێداوە لەوانە:

- حەسەن تورابی کە لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی (العربیة) لە ڕێکەوتی ( ٢٠٠٦/٤/١١) دا دەڵێت: (إن المسلمة یجوز لها الزواج من کتابي)[1]. واتە: دروستە ئافرەتانی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوانی مەسیحی و جولەکە بکەن. لە چاوپێکەوتنێکیشیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) دا جەخت لەسەر هەمان فەتوای پێشوی دەکاتەوە.

---

١ - ڕۆژنامەنووسەکە لێی دەپرسێت: ئەو فەتوایەتان سەبارەت بە دروستی هاوسەرگیری ئافرەتانی موسوڵمان لەگەڵ پیاوانی مەسیحی و جولەکە هەڵا و بشێوییەکی زۆری ناوەتەوە، ئایا مەبەستت ئەوەیە کە ئافرەتەکە موسوڵمان بێت و هاوسەرەکەی لەسەر ئاینەکەی خۆی بمێنێتەوە یانیش هەر سەرەتا شوو بە پیاوێکی مەسیحی یان جولەکە بکات؟. ئەویش لەوەڵامدا وای پێ دەڵێت.

- موحەممەد شەحروریش[١] لەو بارەیەوە دەڵێت: (منع المؤمنة بالرسالة المحمدية من الزواج بكتابي فهو فقه اجتماعي سياسي رآه فقهاء السلف، لم نجد ما يدل عليه في آيات التنزيل الحكيم صراحة. وأي مجتمع له الحق في أن يمنع أمورا معينة ولكن لا يحق له التحريم بتاتا)[٢]. واتە: ڕێگری کردن لە هاوسەرگیری کردنی ئافرەتێکی موسوڵمان لەگەڵ پیاوێکی مەسیحی لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسییە و زانایانی پێشین بۆچونیان وا بوە و هیچ بەڵگەیەکی قورئانمان بە ڕاشکاوی لەسەری نەبینیوە و هەر کۆمەڵگەیەك مافی خۆیەتی ڕێگری لە هەندێك شت بکات و یاساغی بکات، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت حەرامی بکات.

بە داخەوە قسەی ئەم بەناو زانایانە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە و دەیەها بەڵگە لەبەردەستدایە کە ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانە حەرام و یاساغ دەکات و لێرەدا تەنها بۆ نموونە هەندێکیان دەخەینە ڕوو لەوانە:

١- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلا تُنْكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُوا وَلَعَبْدٌ مُؤْمِنٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ﴾[٣]. پێشەوا طەبەری لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (يعني تعالى ذكره بذلك أن الله قد حرم على المؤمنات أن ينكحن مشركا، كائنا من كان المشرك، من أي أصناف الشرك كان، فلا تنكحوهن أيها المؤمنون منهم، فإن ذلك حرام عليكم)[٤]. واتە: خوای گەورە مەبەستی ئەوەیە حەرامی کردوە لەسەر ئافرەتانی بڕوادار هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوانی بێ باوەڕ بکەن، هەر کەس و لە هەر ئاین و ئایدیایەك بێت، بۆیە ئافرەتانی بڕوادار مەدەنە ئەو جۆرە کەسانە؛ چونکە ئەوە حەرامە لەسەرتان. قورطوبیش لەو

---

١ - نووسەرێکی سورییە و ساڵی (١٩٣٨) لە دیمەشق لەدایك بووە و خوێندنی ئەندازیاری شارستانی لە مۆسکۆ تەواو کردوە و پاشان چۆتە زانکۆی دبلن لە ئیرلەندا و لەساڵی (١٩٧٢) و لەهەمان بواردا بڕوانامەی دکتۆرای تەواو کردوە و سەرەڕای ئەوەی هیچ زانیارییەکی دەربارەی زمانی عەرەبی و زانستە شەرعییەکان نەبووە فەتوا و بۆچوونی زۆر سەیر و سەمەرەی هەبووە و چوار کتێبی پڕ لە خورافەت نووسیوە کە بریتین لە: (الكتاب والقرآن/ قراءة معاصرة-١٩٩٠)، (الدولة والمجتمع-١٩٩٤)، (الإسلام والإيمان/ منظومة القيم- ١٩٩٦)، (نحو أصول جديدة للفقه الإسلامي-٢٠٠٠) ناوبراو لەساڵی (٢٠٢٠) دا کۆچی دوایی کرد.

٢ - شبكة المعلومات الدولية، موقع الكاتب والمفكر الإسلامي، أرشيف الأسئلة والأجوبة، تأريخ: ٢٠٠٤/١/٢٦.

٣ - سورة البقرة: الآية (٢٢١).

٤ - الطبري، تفسير الطبري، ج٢/ص٣٧٩.

بارەیەوە دەڵێت: (أي لا تزوجوا المسلمة من المشرك)[١]. واتە ئافرەتی موسوڵمان مەدەنە خەڵکانی بێ باوەڕ. پێشەوا شافیعیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (فإذا أسلمت المرأة، أو ولدت على الإسلام، أو أسلم أحد أبويها وهي صبية لم تبلغ حرم على كل مشرك كتابي ووثني نكاحها بكل حال)[٢]. واتە: ئەگەر ئافرەتێك موسوڵمان بوو یان هەر بە موسوڵمانی لەدایك بوبوو، یان ئەو هێشتا منداڵ بوو باوکی یان دایکی موسوڵمان بوون، بەهەموو شێوەیەك حەرامە کەسێکی بێ باوەڕ و مەسیحی و جولەکە و بتپەرست بیخوازێت. کاسانیش دەڵێت: (فلا يجوز إنكاح المسلمة الكتابي، كما لا يجوز إنكاحها الوثني والمجوسي)[٣]. واتە: بۆیە دروست نییە ئافرەتانی بڕوادار لە پیاوانی مەسیحی و جولەکە مارە بکرێن، هەروەها دروست نییە لە پیاوانی بت پەرست و زەردەشتی مارە بکرێن. حەسەنی بەصرییش دەڵێت: (حرم المسلمات على رجالهم يعني رجال المشركين)[٤]. واتە خوای گەورە ئافرەتانی بڕواداری لە پیاوانی بێ باوەڕ حەرام و یاساغ کردووە.

٢- وە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ لا هُنَّ حِلٌّ لَهُمْ وَلا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ﴾[٥]. واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئافرەتانی مسوڵمان کۆچیان کرد و هاتن بۆلاتان تاقییان بکەنەوە و خوا زانا ترە بەوەی کە ئەوانە بڕوادارن یان نا، ئەگەر زانیتان کە بڕوادارن ئەوە مەیان نێرنەوە بۆ لای هاوسەرە بێ باوەڕەکانیان؛ چونکە نە ئەو ژنە بڕوادارانە بەو پیاوە بێ باوەڕانە حەڵاڵن، نە ئەو پیاوە بێ باوەڕانە بەو ژنانە حەڵاڵن. پێشەوا قورطوبی لە تەفسیرەکەیدا دەربارەی ئەم ئایەتە دەڵێت: (أي لم يحل الله مؤمنة لكافر)[٦]. واتە: مەبەست لەو ئایەتە ئەوەیە کە خوای گەورە هیچ ئافرەتێکی بڕواداری بۆ پیاوی بێ باوەڕ حەڵاڵ نەکردوە. ئیبن جەوزیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (لا يحل ردهن إلى

---

١ - القرطبي، تفسير القرطبي، ج٣/ص٧٢. إبن كثير، تفسير إبن كثير، ج١/ص٢٥٩.

٢ - الشافعي، كتاب الأم، ج٥/ص٧.

٣ - الكاساني، بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، ج٢، دار الكتاب العربي، بيروت، ط٢/١٩٨٢، ص٢٧١.

٤ - الطبري، تفسير الطبري، ج٢/ص٣٧٩.

٥ - سورة الممتحنة: الآية (١٠).

٦ - القرطبي، تفسير القرطبي، ج١٨/ص٦٣.

الكفار لأن الله تعالى لم يبح مؤمنة لمشرك)[١]. واتە: دروست نییە ئەو ئافرەتانە بگێڕدرێنەوە بۆ لای هاوسەرە بێ باوەڕەکانیان؛ چونکە خوای گەورە ئافرەتی بڕواداری لە پیاوی بێ باوەڕ حەڵاڵ نەکردووە. شەوکانیش دەڵێت: (دليل على أن المؤمنة لا تحل لكافر وأن إسلام المرأة يوجب فرقتها من زوجها)[٢]. واتە: ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئافرەتی بڕوادار بە پیاوی بێ باوەڕ ناشێت و هەر کات هاوسەری کەسێکی بێ باوەڕ موسوڵمان بوو پێویستە لە هاوسەرەکەی جیا بکرێتەوە. ئیبن قەییمیش دەڵێت:: (لا يجوز رد المسلمة المهاجرة إلى الكفار....وأن المسلمة لا يحل لها نكاح الكافر)[٣]. واتە: دروست نییە ئافرەتانی بڕوادار بگەڕێنرێنەوە بۆ لای هاوسەرە بێ باوەڕەکانیان .... و ئافرەتی موسوڵمان دروست نییە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوی بێ باوەڕ بکات.

٣- پێغەمبەری خودایش ﷺ لە فەرموودەیەکدا دەربارەی پێڕەوانی ئاینی مەسیحی و جولەکە دەفەرموێت: (نتزوج نساء أهل الكتاب ولا يتزوجون نساءنا)[٤]. واتە: بۆمان هەیە هاوسەرگیری لە گەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکەدا بکەین؛ بەڵام ئەوان بۆیان نییە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانی موسوڵمان بکەن. جا هەر چەندە فەرموودەکە لە ڕووی دروستییەوە قسەی لەسەرە بەڵام وەکو حوکم و ناوەڕۆك کۆدەنگی زانایانی لەسەرە، ئیبن جەریر دەربارەی فەرموودەکە دەڵێت: (هذا الخبر وإن كان في إسناده ما فيه فالقول به لإجماع الجميع على صحة القول به)[٥]. واتە: ئەم فەرموودەیە هەرچەندە لە ڕووی گێڕانەوەوە قسەی لەسەرە؛ بەڵام زانایان بەکۆی دەنگ دەڵێن کاری پێ دەکرێت.

٤- پێشەوا عومەریش لەو بارەیەوە دەڵێت: (المسلم يتزوج النصرانية ولا يتزوج النصراني المسلمة)[٦]. واتە: پیاوی موسوڵمان بۆی هەیە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی

---

١ - إبن الجوزي، زاد المسير، ج٨/ص٢٤١.

٢ - الشوكاني، فتح القدير، ج٥/ ص٢١٥.

٣ - إبن القيم (محمد بن أبي بكر أيوب)، زاد المعاد في هدي خير العباد، ج٣، ط١٤/ ١٤٠٧، مؤسسة الرسالة/ بيروت، تحقيق: شعيب الأرناؤوط، عبد القادر الأرناؤوط، ص١٤١.

٤ - الطبري، تفسير الطبري، ج٢/ص٣٧٨.

٥ - الطبري، نفس المصدر. إبن كثير، تفسير ابن كثير، ج١/ ص٢٥٨.

٦ - القرطبي، تفسير القرطبي، ج٣/ص٧٢.

مەسیحی بکات؛ بەڵام پیاوی مەسیحی بۆی نییە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی موسوڵمان بکات.

٥- پشت بەست بەو دەقانەی باسمان کردن زانایانی پێشین و هاوچەرخیش کۆدەنگن لەسە ئەوەی کە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە ئافرەتی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوی نا موسوڵمان بکات هەر ئاین و ئایدیایەکی هەبێت جیاوازی نییە؛ لەبەر ئەوەی دروست نییە کەسی ناموسوڵمان بەهیچ شێوە و سیفەتێك ببێتە سەرپەشتیار و دەمڕاستی کەسی موسوڵمان و پیاویش ئەو ڕۆڵە دەبینێت لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا بۆیە ڕێگە نادەین هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی موسوڵمان بکات.

پێشەوا شافیعی لەو بارەیەوە دەڵێت: (فالمسلمات محرمات على المشركين منهم بالقرآن بكل حال، وعلى مشركي أهل الكتاب... وهو ما لم يختلف الناس فيه علميته)[١]. واتە: ئافرەتانی موسوڵمان بە پێی بەڵگەی قورئان بە هەموو شێوەیەك حەرامن لەسەر پیاوانی بێ باوەڕ وە لەسەر پیاوانی مەسیحی و جولەکە... و هیچ کەسیش لەسەر ئەو بابەتە زانستییە بۆچوونی جیاوازی نییە. پێشەوا قورطوبیش دەڵێت: (وأجمعت الأمة على أن المشرك لا يطأ المؤمنة بوجه)[٢]. واتە: هەموو ئوممەتی ئیسلامی کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە پیاوی بێ باوەڕ بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە سەرجێی لەگەڵ ئافرەتی موسوڵمان بکات. ئیبن قودامەیش لەسەر هەمان بابەت دەڵێت: (أما الكافر فلا ولاية له على مسلمة بحال، بإجماع أهل العلم ... وقال ابن المنذر: أجمع على هذا كل من نحفظ عنه من أهل العلم)[٣]. واتە: کۆدەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە کە پیاوی بێ باوەڕ بەهیچ شێوەیەك[٤] نابێتە سەرپەرشتیاری ئافرەتی بڕوادار.... ئیبن لمونذیریش دەڵێت: هەموو ئەوانەی زانستییان لێوە فێر بووین کۆ دەنگن لەسەر ئەو بابەتە.

---

١ - الإمام الشافعي، أحكام القرآن، ج١/ص١٨٩.

٢ - القرطبي، تفسير القرطبي، ج٣/ص٧٢.

٣ - إبن قدامة، المغني، ج٧/ص٢١.

٤ - کە دەڵێین بە هیچ شێوەیەك مەبەستمان ئەوەیە نەك تەنها هاوسەر بەڵکو باوك و برا و مام و هیچ کەسێکی تری بێ باوەڕ نابنە سەرپەرشتیار و دەمڕاست و کاربەڕێکەری ئافرەتانی موسوڵمان.

٦- زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە هاوشانیبوون (الكفاءة) لە ئیسلامدا و لە پرۆسەی هاوسەرگیرییدا بەمەرج گیراوە، هەر بۆیە پیاوی داوێن پیس و بەد ڕەوشت ئەگەر موسوڵمانیش بێت بە هاوشانی ئافرەتی داوێن پاك دانانرێت و ڕێگە نادرێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، ئەی ئەگەر بێ باوەڕ بێت چۆن ڕێگەی پێ دەدرێت؟!!، پێغەمبەری خودا ﷺ لە چەندین فەرموودەدا جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە و دەفەرموێت: {إِذَا خَطَبَ إِلَيْكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَزَوِّجُوهُ}[1]. وە دە فەرموێت: {إِذَا جَاءَكُمْ مَنْ تَرْضَوْنَ دِينَهُ وَخُلُقَهُ فَأَنْكِحُوهُ}[2]. واتە: ئەگەر کەسێك لە ئاین و ڕەوشتی ڕازی بوون داوای هاوسەرگیری لێ کردن ئافرەتی بدەنێ و هاوسەرگیری لەگەڵ بکەن. واتەی پێچەوانەی فەرموودەکە ئەوەیە کە هاوسەرگیری لە گەڵ کەسێك نەکرێت لە ئاین و ڕەوشتی ڕازی نەبین چ جای بێ باوەڕ و خوا نەناس بێت. پێشەوا شەوکانی لە ڕاڤەی ئەم دوو فەرموودەیەدا دەڵێت: (وفي الحديثين دليل على أن ما لا يرضى دينه لا يزوج، وذلك هو معنى الكفاءة في الدين، والمجاهر بالفسق ليس بمرضى الدين)[3]. واتە: ئەو دوو فەرموودەیە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە کەسێك لە ئاینی ڕازی نەبین ژنی نادرێتێ، ئەوەیش واتەی هاوشانیبوونە لە ئایندا و کەسێکیش بە ئاشکرا تاوان بکات دیارە ئاینەکەی هی ئەوە نییە لێی ڕازی بین. ئیبن قەییمیش دەڵێت: (فالذي يقتضيه حكمه ﷺ اعتبار الدين في الكفاءة أصلا وكمالا، فلا تزوج مسلمة بكافر، ولا عفيفة بفاجر، ولم يعتبر القرآن والسنة في الكفاءة أمرا وراء ذلك)[4]. واتە: ئەوەی مەبەستی فەرمانەکەی پێغەمبەرە ﷺ ئەوەیە کە هاوشانی بوون لە ئایندا مەرجێکی بنەڕەتی و تەواو کاریشە؛ بۆیە ئافرەتی موسوڵمان نادرێتە کەسی بێ باوەڕ و ئافرەتی داوێن پاك نادرێتە کەسی داوێن پیس و قورئان و سوننەتیش لە بابەتی

---

١ - البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٧، كتاب (٤٦) النكاح، رقم (١٣٢٥٩)، باب (٦٤) الترغيب في التزويج من ذي الدين والخلق المرضي، ص٨٢. الترمذي، سنن الترمذي، ج٣، كتاب (٩) النكاح، باب (٣) ما جاء إذا جاء كم من ترضون دينه فزوجوه، رقم (١٠٨٤)، ص٣٩٤. الطبراني، المعجم الكبير، ج٢٢، رقم (٧٦٢)، ص٢٩٩.

٢ - البيهقي، سنن البيهقي الكبرى، ج٧/ص٨٢. الترمذي، سنن الترمذي، ج٣، كتاب (٩) النكاح، باب (٣) ما جاء إذا جاء كم من ترضون دينه فزوجوه، رقم (١٠٨٤)، ص٣٩٤. الطبراني، المعجم الكبير، ج٢٢، رقم (٧٦٢)، ص٢٩٩.

٣ - الشوكاني (محمد بن علي بن محمد)، السيل الجرار، ج٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤٠٥، تحقيق: محمود إبراهيم زايد، ص٢٩٢.

٤ - إبن القيم، زاد المعاد، ج٥/ص١٤٠.

هاوشانیبووندا جگە لە ئاین و ڕەوشت شتێکی تریان بەمەرج نەگرتووە. موبارەکفوریش دەڵێت: (وفي الحديث دليل لمالك، فإنه يقول لا يراعى في الكفاءة إلا الدين وحده)[١]. واتە: فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر قسەکەی پێشەوا مالیك کە دەڵێت: هاوشانی بوون تەنها لە ئایندا ڕەچاو دەکرێت.

سەبارەت بە قسەی زانایانیش لەم بارەیەوە: پێشەوا ئیبن حەجەر دەڵێت: (واعتبار الكفاءة في الدين متفق عليه فلا تحل المسلمة لكافر أصلا)[٢]. واتە: بەمەرج گرتنی هاوشانی بوون لە ئایندا کۆدەنگی زانایانی لەسەرە هەر بۆیە بەهیچ شێوەیەك ئافرەتی موسوڵمان بە پیاوی بێ باوەڕ ناشێت. شەوکانیش جەخت لەسەر قسەکەی پێشەوا ئیبن حەجەر دەکاتەوە و دەڵێت: (الكفاءة في الدين معتبرة اتفاقا كما حكاه ابن حجر)[٣]. واتە: هاوشانی بوون لە ئایندا بە کۆی دەنگ بەمەرج دەگیرێت هەر وەك ئیبن حەجەر باسی کردووە. ئەبو ئیسحاقیش دەڵێت: (والكفاءة في الدين.. فالفاسق ليس بكفء للعفيفة)[٤]. واتە: هاوشانی بوون لە ئاینداية.... هەر بۆیە کەسی خراپەکار بە هاوشانی ئافرەتی داوێن پاك ئەژمار ناکرێت.

٧- زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە کوفر لەهەر کاتێکدا پەیدا بێت هەموو پەیوەندییەکی شەرعی لە نێوان ئافرەتی موسوڵمان و هاوسەرەکەی یان سەرپەرشتیارەکەیدا دا دەپچڕێنێت، خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَلَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلاً﴾[٥]. واتە: خوای گەورە ڕێگە بە باڵا دەستبوونی بێ باوەڕان بەسەر بڕواداراندا نادات. جەصصاص دەربارەی ڕاڤەی ئەو ئایەتە دەڵێت: (ويحتج بظاهره في وقوع الفرقة بين الزوجين بردة الزوج؛ ... لأنه ما دام النكاح باقيا فحقوقه ثابتة وسبيله باق عليها)[٦]. واتە:

---

١ - المباركفوري (محمد عبد الرحمن عبد الرحيم)، تحفة الأحوذي، ج٤، دار الكتب العلمية، بيروت، ص١٧٣.

٢ - إبن حجر العسقلاني (أحمد بن علي حجر)، فتح الباري، ج٩، دار المعرفة، بيروت، ط، ١٣٧٩، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، محب الدين الخطيب، ص١٣٢.

٣ - الشوكاني، السيل الجرار، ج٢/ص٢٩١.

٤ - الشيرازي (إبراهيم بن علي)، المهذب، ج٢، دار الفكر، بيروت، ص٣٩. حەنابیلەکانیش هەر وا دەڵێن بڕوانە: إبن مفلح (إبراهيم بن محمد بن عبد الله)، المبدع، ج٧، المكتب الإسلامي، بيروت، ط،١٤٠٠، ص٥١-٥٢. إبن قدامة، الكافي في فقه ابن حنبل، ج٣، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٥، ١٤٠٨، تحقيق: زهير الشاويش، ص٣١.

٥ - سورة النساء: الآية (١٤١).

٦ - الجصاص، أحكام القرآن، ج٣/ص٢٧٩.

ڕوکەشی ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر پیاوەکە لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە هاوسەرگیرییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە و خێزانەکەی لێ جیا دەکرێتەوە؛ چونکە تا پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە بەردەوام بێت مافی پیاوەکە و باڵادەستبوونی بەسەر ئافرەتەکەدا بەردەوا دەبێت.

هەر لەم جوارجێوەیەدا زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە هیچ بێباوەڕێك نابێتە سەرپەرشتیاری ئافرەتی بڕوادار و مافی بەشودانی نابێت، کاسانی لەو بارەیەوە دەڵێت: (فلا يجوز إنكاح المسلمة الكتابي كما لا يجوز إنكاحها الوثني والمجوسي؛ لأن الشرع قطع ولاية الكافرين عن المؤمنين)[١]. واتە: پیاوی مەسیحی یان جولەکە مافی بەشودانی ئافرەتی موسوڵمانیان نییە، هەروەها پیاوی بت پەرست و زەردەشتیش ئەو مافەیان نییە؛ چونکە ئیسلام مافی سەپەرشتیاری و باڵادەستی بێباوەڕانی بەسەر بڕوادارانەوە هەڵوەشاندۆتەوە. ئیبن تەیمیەیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (لا يعقد نصراني ولا يهودي عقدة نكاح لمسلم ولا مسلمة ولا يكونان وليين، بل لا يكون إلا مسلما وهذا يقتضي أن الكافر لا يزوج مسلمة بولاية ولا وكالة)[٢]. واتە: هیچ مەسیحی و جولەکەیەك مافی ئەوەیان نییە گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ هیچ پیاو یان ئافرەتێکی موسوڵمان ئەنجام بدەن، وە مافی ئەوەیشیان نییە سەرپەرشتیان بکەن، بەڵکو تەنها موسوڵمان بۆی هەیە ئەوە کارە بکات، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسی بێ باوەڕ بۆی نییە گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ ئافرەتی موسوڵمان ئەنجام بدات نە وەك سەرپەرشتیار نە وەك بریکار.

جا ئەگەر ئیسلام ڕێگە بەوە نەدات کەسی بێ باوەڕ سەرپەرشتیاری گرێبەستی هاوسەرگیری ئافرەتی موسوڵمان بکات ئەگەر باوك یان برایشی بێت، ئەی چۆن ڕێگە بەوە دەدات کە بێ باوەڕێکی بێگانە ببێتە هاوسەر و باڵادەستی، ئەمە پێچەوانی هەموو ژیری و لۆجیکێکە؛ چونکە بەدڵنیاییەوە مافی بەشودان زیانی کەمترە بۆ ئافرەتەکە لە مافی هاوسەرگیری کردن؛ بۆیە ئەگەر ئەوەی یەکەمیان حەرام بێت ئەوە ئەوەی دوومیان بە دڵنیاییەوە حەرامتر و خراپتر و مەترسیدارترە.

---

١ - الكاساني، بدائع الصنائع، ج٢/ص٢٧١.

٢ - إبن تيمية، الفتاوى الكبرى، ج٤/ص٥٣١.

ئەوەی تا ئێستا باسمان کردوە بۆچوونی زانایانی پێشین بووە لەسەر بابەتەکە، ئێستا دێینە سەر باسی بۆچوونی زانایانی هاوچەرخ و بزانین هیچ گۆڕاناکارییەك لە حوکمی مەسەلەکەدا ڕوویداوە:

- کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی لەو بارەیەوە دەڵێت: (زواج المسلمة بغير المسلم ممنوع شرعا بالكتاب والسنة والإجماع. وإذا وقع فهو باطل، ولا تترتب عليه الآثار الشرعية المترتبة على النكاح، والأولاد المولودون عن هذا الزواج أولاد غير شرعيين، ورجاء إسلام الأزواج لا يغير من هذا الحكم شيئا. وعليه فإن زواج المسلمة بغير المسلم محرم بإجماع المسلمين، بل وقد يؤكد العلماء بأن استحلال هذا الأمر قد يؤدي إلى الكفر والخروج من الإسلام). ويمضي المجمع في فتواه فيقول: (وعليه نرى أن حكم الشرع في هذه المسألة واضح جدا، وأنه لا يوجد دليل واحد يدل على جواز هذا الأمر)[١]. واتە: هاوسەرگیری ئافرەتانی موسوڵمان لەگەڵ پیاوانی نا موسوڵمان بە پێی دەقەکانی قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایان یاساغ و ڕێگە پێنەدراوە و ئەگەریش کرا ئەوە دروست نییە و هیچ شوێنەوارێکی شەرعی لەسەر دروست نابێت کە لە سەر هاوسەرگیری شەرعی دروست دەبێت و هەر منداڵێك لەو هاوسەرگیرییە بکەوێتەوە بە ناشەرعی ئەژمار دەکرێت، ئومێدی موسوڵمان بوونی پیاوەکە هیچ لە حوکمەکە ناگۆڕێت. هەر بۆیە هاوسەرگیری ئافرەتانی موسوڵمان لەگەڵ پیاوانی ناموسوڵمان بە کۆی دەنگی زانایان حەرامە و دروست نییە، جگە لەوەیش زانایان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە حەلالکردنی ئەم بابەتە و ڕێگەپێدانی سەر دەکێشێت بۆ کوفر و دەرچوون لە بازنەی ئیسلام.- کۆڕبەند لەدرێژەی فەتواکەیدا دەڵێت- هەر بۆیە ئێمە وای دەبینین کە حوکمی شەرع لەو بارەیەوە زۆر ڕوونە و یەك بەڵگەیش لە بەردەستدا نییە کە ڕێگە بەو کارە بدات.

دواتر کۆڕبەند بە شێوەیەکی تایبەت بەرپەرچی فەتواکەی تورابی دەداتەوە و دەڵێت: (وهو قول لم يسبقه إليه أحد من الأولين أو الآخرين، مخالف لآيات القرآن الناطقة بحرمة ذلك النكاح وفساده، ... ومخالف لإجماع المسلمين الذي نقله غير واحد من أهل العلم.. وهي

---

١ - شبكة المعلومات الدولية: موقع الشيخ عبد الله الخطيب: http://www.alkhateeb.net.

أوهام وتضليل وتجهيل وإغلاق وتحنيط وخداع للعقول والإسلام منها براء!!)[١]. واتە: ئەوە قسەیەکە هیچ کەس لە زانایانی پێشین و پاشین نەیانکردوە و پێچەوانەی ئەو ئایەتانەی قورئانە کە باس لە حەرامی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە و پوچەڵبونەوەی دەکەن... هەروەها پێچەوانەی کۆدەنگی زانایانە کە چەندین زانا باسیان لێوە کردوە و ئەو قسانە تەنها وەهم و گومڕایی و نەزانی و داخستن و لە قاڵبدان و هەڵخەڵەتاندنی عەقڵە و هیچ پەیوەندییان بە ئیسلامەوە نییە.

سەید سابقیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (أجمع العلماء على أنه لا يحل للمسلمة أن تتزوج غير المسلم سواء أكان مشركا أو من أهل الكتاب)[٢]. واتە: زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی دروست نییە ئافرەتی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوی ناموسوڵماندا بکات بێ باوەڕ بێت یان مەسیحی و جولەکە هیچ جیاوازی نییە.

- دکتۆر (صلاح صاوی) سەرۆکی زانکۆی ئەمەریکی کراوە لەسەر ئەم فەتوایە دەڵێت: (زواج المسلمة بغير المسلم محرم بإجماع المسلمين، وباطل بإجماع المسلمين، من استحلته فقد خرجت من الملة وكفرت بالله العظيم، ومن أتته معتقدة حرمته فقد أتت منكرا غليظا وفاحشة مبينة، توشك أن تنتهي بها إلى هاوية الكفر والردة)[٣]. واتە: هاوسەرگیری ئافرەتی موسوڵمان لەگەڵ پیاوی ناموسوڵمان بە کۆی دەنگی زانایان حەرامە و ڕێگە پێنەدراوە و بەکۆی دەنگی زانایانیش پوچەڵە و هەڵدەوەشێتەوە و هەر کەس حەڵاڵی بکات و بە دروستی لەقەڵەم بدات لە بازنەی ئیسلام دەچێتە دەرەوە و بێ باوەڕ دەبێت بەخوای گەورە و هەر ئافرەتێکیش کاری وا بکات سەرەڕای ئەوەی کە پێی وابێت حەرامە ئەوە گوناهێکی گەورە و زینایەکی ڕوونی ئەنجامداوە و لە کۆتاییدا نزیکە بکەوێتە بازنەی بێ باوەڕی و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام .

- شێخ محمد مطیع حەمدانی دەڵێت: (إن تحريم زواج المسلمة بغير المسلم يعد من المسائل التي لم يختلف عليها المسلمون، والتي تواتر إجماعهم عليها منذ عهد رسول الله

---

١ - شبكة المعلومات الدولية، شبكة المشكاة الإسلامية، بيان مجمع الفقه الإسلامي حول أفكار الترابي.

٢ - سيد سابق، فقه السنة، ج٢، دار الكتاب العربي، بيروت، ط٨، ١٩٨٧، ص٩٨.

٣ - شبكة المعلومات الدولية، موقع إسلام أون لاين، صفحة الدكتور صلاح الصاوي، رئيس الجامعة الأمريكية المفتوحة.

ﷺ... ولم يشذ عن هذا الحكم إلا شرذمة من ذوي الأهواء والضلال، قدامى ومعاصرين ممن باعوا أنفسهم لغير الله تعالى... إن زواج المسلمة بغير المسلم ولو كان جهلا منها لا استحلالا، يؤدي بها إلى الكفر مهما حاذرت وحرصت، لأن مآل هذا الزواج أن يخل بعقيدتها)[١]. واتە: نا دروستی هاوسەرگیری ئافرەتانی موسوڵمان لە گەڵ پیاوانی ناموسوڵمان لەو بابەتانەیە کە زانایان بۆچونی جیاوازیان لەسەری نەبووە و هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ هەتا ئەمڕۆ زانایان کۆدەنگ بوون لەسەر ئەم بابەتە و جگە لە هەندێك خەڵکی گومڕا و هەوەس پەرست لە کۆن و نوێدا لەوانەی خۆیان بە غەیری خوا فرۆشتووە هیچ کەس بۆچونی جیاوازی نەبووە... هاوسەرگیری ئافرەتی موسوڵمان لەگەڵ پیاوی ناموسوڵمان ئەگەر ئافرەتەکە بە نەزانیش ئەنجامی دابێت و حەلاڵیشی نەکردبێت و بە ئەگاییشەوە مامەڵەی لەگەڵ بکات سەردەکێشێت بۆ کوفر و بێ باوەڕبوون؛ چونکە سەرەنجام کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی دروست دەکات.

ئێستا دەپرسین: دەکرێت هەموو ئەوەی کە باسمان کرد لە دەقەکانی قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایان وەك سیاسەتێکی کاتی یان ئیجتیهادێکی تاکە کەسی وێنا بکرێت و بانگەشەی ئەوە بکرێت کە ئەو بابەتە دەقێکی ڕوونی لەسەر نییە؟!!.

موحەممەد ڕەشید ڕەزا لە وەڵامی ئەو جۆرە گومانانەدا دەڵێت: (وإذا كان المنتقد لا يرضيه من الأدلة على حظر تزويج المسلمة للكتابي السنة المتبعة، وإجماع الأمة، والقياس الجلي المأخوذ من العلة المنصوصة في القرآن...بل يطلب عليه نصا أصوليا لا يحتمل التأويل، فهذا التزام لم يلتزمه أحد من السلف ولا من الخلف في شئ من أحكام الدين العملية، فهذه هيئة الصلاة التي هي عماد الدين، لم ترد في نصوص القرآن القطعية ولا غير القطعية، فأين النص فيه على أن الصلوات خمس: واحدة منها ركعتان، وواحدة ثلاث ركعات، والبواقي رباعيات؟ وأين النص فيه على توحيد الركوع وتثنية السجود؟ وإنما ثبتت هذه الأركان بالسنة والإجماع)[٢]. واتە: ئەگەر ڕەخنەگر ڕازی نەبێت بەو بەڵگانەی - لەسەر یاساغکردنی هاوسەرگیری ئافرەتی موسوڵمان لە پیاوانی مەسیحی و وجولەکە- لە سوننەت

١ - شبكة المعلومات الدولية، الشيخ عبد الكريم مطيع الحمداوي، مقال بعنوان، زواج المسلمة من غير المسلم يهوديا أو نصرانيا أو مشركا حرام.

٢ - شبكة المعلومات الدولية، شبكة المشكاة الإسلامية، بيان مجمع الفقه الإسلامي حول أفكار الترابي.

و کۆدەنگی زانایان و قیاسی ڕوون کە هۆکارەکەی لە قورئاندا بە دەق باسکراوە وەرگیراون ... بەڵکو داوای دەقێکی ڕوونی بنەڕەتی بکات کە هیچ ڕاڤەیەکی تر هەڵنەگرێت، ئەمە قسەیەکە هیچ کەس لە زانایانی پێشین و پاشین نەیانکردووە و بەڵگەی لەو جۆرەیان داوا نەکردوە لەسەر بابەتە شەرعییە کردارییەکان، ئەوە شێوازی نوێژ کردنە کە بەکۆڵەکەی ئیسلام ئەژمار دەکرێت لە هیچ دەقێکی قورئاندا نە بەڕاستەوخۆ نە بە ناڕاستەوخۆ باس نەکراوە، کوا ئەو دەقەی قورئان کە پێمان دەڵێت نوێژەکان پێنجن دانەیەکیان دوو ڕکعاتییە و دانەیەکیان سێ ڕکعاتییە و ئەوانی تر چوارین؟ کوا ئەو دەقەی کە پێمان دەڵێت لەهەر ڕکعاتێکدا یەك ڕکوع و دوو سوجدە هەیە؟ هەموو ئەم بنەمایانە بە سوننەت و کۆدەنگی زانایان جێگیر بووە.

ماوە ئەوە بڵێین کە بچوکترین گومان نییە لەسەر ئەوەی کە ئەوەی تورابی و هاوئاوازەکانی دەیڵێن جگە لە درۆ و گومڕایی و لادان و سەرکێشی و چەمانەوە لە بەردەم ڕەشەبای ڕۆژئاواییبوون و حەزی خۆدەرخستن وەك خەڵکانی کراوە و دیموکرات خواز شتێکی تر نییە.

## پێنجەم: هۆکاری جیاوازی نێوان حوکمی هاوسەرگیری کردنی پیاوی موسوڵمان و ئافرەتی موسوڵمان لەگەڵ خەڵکانی نا موسوڵماندا:

زۆر جار ئەو پرسیارە ڕووبەڕوی خەڵکانی موسوڵمان دەبێتەوە کە بۆچی ئیسلام ڕێگە بەپیاوی موسوڵمان دەدات هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی مەسیحی یان جولەکەدا بکات؛ بەڵام بە پێچەوانەوە ڕێگە بە ئافرەتی موسوڵمان نادات هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوانی مەسیحی یان جولەکەدا بکات.

وەڵامی ئەم پرسیارە و هۆکارەکانی ئەم جیاوازییە لەم چەند خاڵەدا دەخەینە ڕوو:

١- ئێمە وەك خەڵکانی موسوڵمان هەر چەندە لە ئێستادا خەڵکانی مەسیحی و جولەکە بە کافر دەزانین و پێمان وایە لەدینی حەق لایان داوە و بەئارەزووی خۆیان دەستکاری ئینجیل و تەورات و پەڕتووکە ئاسمانییەکانیان کردوە، بەڵام لەهەمان کاتدا بە چاوی ڕێز دەڕوانینە ئاینەکانیان و لە بنەڕەتدا بەدوو ئاینی ئاسمانیان دەزانین و پەڕتوك پێغەمبەرەکانیان بە پیرۆز دەزانین و قبوڵ ناکەین هیچ کەس بێ ڕێزییان بەرامبەر بکات

و هەر کەس بچووکترین بێ ڕێزییان بەرامبەر بکات لە دیدی ئێمەدا بە کافر ئەژمار دەکرێت، هەر وەك ئەوەی کە بێڕێزی بەرامبەر بە قورئان یان پێغەمبەری خۆمان ﷺ کردبێت و دەقەکانی قورئان و سوننەت و مامەڵەی مرۆڤ دۆستانەی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵیان و قسەی زانایان و مێژووی پرشنگداری ئیسلام لەو ڕووەوە شایەتی ئەو ڕاستییەن کە موسوڵمانان هەمیشە ڕێزیان لەخۆیان و لە ئاینەکەیان گرتوە؛ کەچی ئەوان هەمیشە بە پێچەوانەوە بوون و هەرگیز بەچاوی ڕێز سەیری ئێمە و ئاینەکەیان نەکردوین و هیچ دەقێکیش لە ئینجیل و تەوراتدا نییە کە فەرمان بەڕێزگرتن لە پەیام و پێغەمبەرەکەمان ﷺ بکات؛ هەر بۆیە لەم چەندا ساڵەی دواییدا بە ئاشکرا بینیمان کە چەندین ڕۆژنامەی ئەورووپی لە ژێر پەردەی ئازادی بیر و ڕادا ئەوەی نەشیا بە پێغەمبەر ﷺ و پیرۆزییەکانی موسوڵمانانیان کرد و هیچ کەس و یاسا و ڕێسایەکیش لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکردن؛ بەڵکو بە پێچەوانەوە دەستخۆشیان لێ کردن و بەرگرییان لێ کردن و کارەکانیان وەك بەشێك لە ئازادی بیروڕا پۆلێن کردن.

ئەمە لە کاتێکدا کە بەدرێژایی مێژوو لە هیچ وڵاتێکی ئیسلامیدا ڕووی نەداوە و ڕێگە نەدراوە لە ژێر هیچ پەردە و پاساوێکدا سوکایەتی بە ئاین و پیرۆزییەکەنی ئەوان بکرێت و ئیسلام هەمیشە خەڵکانی خۆی وا پەروەرە کردوە و ڕاهێناوە کە ڕێزلە ئاین و پەیام و پێغەمبەری ئەوان بگرن.

٢- زانایانی ئیسلام کۆ دەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر پیاوێکی موسوڵمان هاوسەرگیری لە گەڵ ئافرەتێکی مەسیحی یان جولەکە کرد پێویستە ئازادی ئاینی تەواوی پێ بدات و بۆی نییە ڕێگەی سەردانی کەنیسە یان خوێندنەوەی تەورات و ئینجیل یان خواردنەوەی عارەق یان خواردنی گۆشتی بەراز یان لەبەرکردنی خاچی لێ بگرێت، کە هەموو ئەمانە لە ئاینی ئێمەدا یاساغ و حەرامن و هەندێکیشیان کوفرن، بەڵام هیچ گرەنتییەك یان دەقێك لە ئاینەکەی ئەواندا نییە کە وا بکات ئەو پیاوە ڕێزی هاوسەرە موسوڵمانەکەی بگرێت و ئازادییە ئاینییەکەنی پێشێل نەکات.

٣- نەسەب و ڕەچەڵەکی منداڵ لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا بۆ پیاو دەگەڕێتەوە و ئیسلام بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بەو ستەمە نادات کە ڕەچەڵەکی نەوەیەکی موسوڵمان بدرێتە

پاڵ خەڵکانی مەسیحی و جولەکە و دواتر دینیان بگۆڕن و ببنە سوتەمەنی دۆزەخ؛ بەڵام دەکرێت نەوەیەکی مەسیحی یان جولەکە نەسەبی بدرێتە پاڵ خەڵکانی خواناس و بڕوادار و لەداوی شەیتان و کوفر دەریان بهێنێت و ڕێگەی ڕاستی خواناسییان نیشان بدات.

٤-لە ژیانی هاوسەریدا هەمیشە پیاو باڵا دەستە و زۆربەی بڕیارەکان لای ئەون و هەر ئەویش کاریگەری بەسەر هاوسەرەکەی و سەرجەم ئەندامەکانی خێزانەکەیەوە هەیە، هەر بۆیە ڕێگە نادەین ئافرەتێکی موسوڵمان و مناڵەکانی بکەونە ژێر دەسەڵات و کاریگەری پیاوێکی نامسوڵمانەوە و دواتر ئاینەکەیان لەدەست بدەن؛ بەڵام بە پێچەوانەوە ڕێگە دەدەین بەوەی ئافرەتێکی مەسیحی بکەوێتە ژێر کایگەری پیاوێکی موسوڵمانەوە و بگرە مەبەستیشمانە، بەڵکو خوای گەورە دەیکاتە مایەی ڕزگاربوونی دونیا و دوا ڕۆژی.

٥- لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا مەرجێك هەیە پێی دەڵێن مەرجی هاوشانیبوون کە زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن کە ئەو مەرجە لەبەرژەوەندی ئافرەت دەبێت و هەمیشە پێویستە پیاوان هاوشانی ئافرەت بن؛ بەڵام هەمو ئافرەتێك هەرچی و هەر چۆن بێت بە هاوشانی پیاو ئەژمار دەکرێت، لەم سۆنگەیەوە دەڵێن کە پیاوی ناموسوڵمان هەرگیز بە هاوشانی ئافرەتی موسوڵمان هاوتا و هاوشان ناکرێت و ڕێگەی پێ نادرێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات.

ئەمانە و چەندین هۆکاری تر لە پشت ئەم بابەتی جیاکارییەوە هەن کە سەرجەمیان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئافرەتانی بڕواداردا داڕێژراون و پێویستە بەو شێوەیە لێی بڕوانرێت، نەك وەك ئەوەی هەندێك دەیانەوێت وای وێنا بکەن کە ئەوە بەرتەسك کردنەوی ئازادییەکانی ئەوانە.

سەید قوطب تایبەت بەم بابەتە دەڵێت: (إن من حقوق الإنسان أن يحال بينه وبين ما يهلكه، فإذا رأينا إنسانا على وشك الانتحار فمن حقه على المجتمع من حوله أن يحول بينه وبين ذلك حماية لحقه في الحياة. ومن هنا منعت الشريعة زواج المسلمة بغير المسلم؛ لأنه شروع في عملية انتحار ديني سواء بالنسبة لها أو بالنسبة لذريتها المرجوة في المستقبل، وهو انتحار تفوق جسامته جسامة الانتحار المادي بالقتل ونحوه، فمن حقها على المجتمع المسلم أن يحول بينها وبين هذه النهاية البئيسة حماية لحقها في الإيمان وحقها في النجاة

في الآخرة). واتە: یەکێك لە مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە ڕێگەی پێ نەدرێت کارێك بکات کەدەبێتە مایەی تیاچوونی، بۆیە ئەگەر مرۆڤێکمان ببینی خەریك بوو خۆی دەکوشت مافی ئەو کەسە بەسەر کۆمەڵگەی چواردەورییەوە ئەوەیە کە نەهێڵن ئەو کارە بکات و مافی ژیانی بپارێزن. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئیسلام ڕێگە نادات ئافرەتی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوی ناموسوڵمان بکات؛ چونکە ئەوە دەستپێکی خۆکوشتنێکی ئاینییە چ بۆ خۆی ج بۆ نەوەکانی داهاتوی، ئەم خۆکوشتنەیش زۆر لەخۆکوشتنی جەستەیی گەورەترە و مافی بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە ئەوەیە کە ڕێگەی نەدات و نەهێڵێت تووشی ئەو پاشە ڕۆژە سەختە بێت و مافی لە باوەڕداری و ڕزگاری دواڕۆژ بپارێزێت.

سەبارەت بە هەڵوێستی یاسای باری کەسێتی دەربارەی هاوسەرگیری نێوان خەڵکانی موسوڵمان و پێڕەوانی ئاینەکانی تر هەر چەندە یاساکە هاوتەریب لەگەڵ دەقە شەرعییەکان و کۆدەنگی زانایان ڕێگەی داوە کە پیاوانی موسوڵمان بۆیان هەیە هاوسەرگیری لە گەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکەیشدا بکەن؛ بەڵام یاساکە هیچ باسێکی لە مەرج و ڕێکارە شەرعییەکانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە نەکردوە و ڕێگە پێدانەکەی بەڕەهایی هێشتۆتەوە.

هەرچەندە یاساکە لە بڕگەی دووی مادەی یەك لە بنەما گشتییەکاندا دەڵێت: (إذا لم یوجد نص تشریعي یمکن تطبیقه فیحکم بمقتضی مبادئ الشریعة الإسلامیة الأکثر ملائمة لنصوص هذا القانون). واتە: ئەگەر لەسەر هەر بابەتێکی پەیوەست بەپرسەکانی خێزان دەقێکی یاسایی نەبوو جێبەجێ بکرێت، ئەو کات کار بەپێی ئەو بنەمایانەی شەریعەتی ئیسلامی دەکرێت کە زیاتر لەگەڵ دەقەکانی ئەم قانونەدا دەگونجێت.

بەڵام ئەم بڕگەیە لەچەند ڕوویەکەوە ڕەخنە هەڵدەگرێت و ئەوەندەی کێشە دروست دەکات نیو ئەوەندە کێشە چارەسەر ناکات و لەو ڕەخنانەی دەکرێت لەم بڕگەیە بگیرێت:

أ- لە ڕوی داڕشتنەوە کاتێك یاساکە دەڵێت دەگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی ئێمە دەزانین کە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی بریتین لە بنەماکانی باوەڕ یان ئیسلام یان سەرچاوەکانی حوکمی شەرعی و هیچ پەیوەندییەکیان بە بابەتە فیقهییەکانەوە نییە و دەبوو یاساکە لە بری وشەی (مبادئ) وشەی (نصوص) ی بەکار بهێنایە و بیگوتایە

(فیحکم بمقتضى نصوص الشريعة الإسلامية) ئەو کات دەگەڕاینەوە سەر دەقە شەرعییەکان و یاساکەیش زیاتر گونجاو دەبوو.

ب- لەڕوی ناوەڕۆکیشەوە ئەگەر گریمان کاتێك یاساکە دەڵێت دەگەڕێینەوە سەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی مەبەستی فیقهی ئیسلامیی بێت ئەمیش کێشەیەکی ترە؛ چونکە ئێمە چەندین قوتابخانەو مەزهەبی فیقهیمان هەیە و جاری وا هەیە لەسەر یەك بابەتی فیقهی زۆر ورد دەیەها بۆچون هەیە و هەر لەیەك مەزهەبدا چەندین بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، ئێستا ئێمە چۆن بزانین کام لەو بۆچوونانە لەگەڵ دەقەکانی ئەم قانونەدا گونجاوە و کێ مافی ئەم بڕیار و بژاردەیەی هەیە و ئەو بنەمایانە چین کە دەکرێت لەو ڕووەوە پشتیان پێ ببەسترێت و دەکرێت لە ڕێگەیانەوە لە ڕاستی ئەو بژاردەیە دڵنیا بین.

ت- کاتێك یاساکە دەڵێت لە نێو بنەما شەرعییەکاندا ئەو بۆچونە هەڵدەبژێردرێت کە لە دەقەکانی ئەم یاسایەوە نزیکە ئەمە هەڵەیەکی ترە و لەبری ئەوە دەبوو بیگوتایە ئەو بۆچونە هەڵدەبژێردرێت کە بەڵگە شەرعییەکانی بەهێزترە و لەگەڵ ڕۆحی شەریعەتدا گونجاو ترە نەك لەگەڵ دەقەکانی یاساکەدا چونکە هیچ پێودانگێك نییە بۆ ئەوەی بزانین کام بۆچونە لەدەقەکانی یاساکەوە نزیکە بەتایبەت لەو بابەتانەی کە یاساکە هەر خۆی لێ نەداوە و باسی نەکردوە، بەڵام پێودانگ زۆرە بۆ ئەوەی بزانین کام بۆچون لە ڕوی شەرعەوە بەهێزترە.

ث- یاساکە پشت ئەستور بەم بڕگەیە سەدەها بابەتی فیقهی گرنگ و هەستیاری فەرامۆش کردوە و خۆی لێ نەداوە کە دەبوو بەڕونی لە یاساکەدا باس بکرایە و لە دوتوێی چەندین دەقدا دارڕشتنی بۆ بکردایە تا یاساکە دەوڵەمەندتر و ڕوونتر بوایە و بواری ڕاجیایی کەمتر جێ بهێشتایە؛ بەڵام ئێستا کە سەیری یاساکە دەکەین ئەوەی تێیدا باس کراوە ناگاتە دە یەکی ئەوەی کە پێویستە تێیدا باس بکرایە و بنوسرایە.

کەواتە گرنگە دادگا و دادوەر و خەڵکی ئاساییش ئاگایان لەوە بێت کە ئەو حوکمەی یاسا بەڕەهایی باسی کردوە و ڕێگەی داوە بەوەی کە پیاوی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ

ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە بکەن بەپێی دەقە شەرعییەکان هەروا ڕەها نییە و بۆ وردەکارییەکانی پێویستە بگەڕێنەوە سەر شەریعەتی ئیسلامی.

سەبارەت بە هاوسەرگیری ئافرەتانی موسوڵمانیش لە گەڵ پیاوانی ناموسوڵمان یاساکە ڕێگەی نەداوە بەئافرەتانی موسوڵمان کە جگە لە پیاوانی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ کەسێکی ناموسوڵماندا بکەن.

یاساکە سەبارەت بەم جۆرە هاوسەرگیرییانە لە مادەی (١٧) دا دەڵێت: (یصح للمسلم أن یتزوج کتابیة، ولا یصح زواج المسلمة من غیر المسلم). واتە: دروستە پیاوی موسوڵمان هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی مەسیحی یان جولەکەدا بکات، بەڵام هاوسەرگیری ئافرەتی موسوڵمان لەگەڵ پیاوی ناموسوڵمان بەهیچ شێوەیەك دروست نییە. ئەم بۆچونەی یاسایش تەواو یەك دەگرێتەوە لەگەڵ دەقە شەرعییەکان و کۆدەنگی زانایاندا.

ماوە بڵێین ئەوەی دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی بکرێتە ڕەخنە بەسەر یاساکەوە ئەوەیە کە یاساکە زیاتر لە (٦٠) ساڵە نوسراوەتەوە و زۆر بابەتی گرنگ و سەردەمییانە هەیە تێیدا باس نەکراوە و بۆی زیاد نەکراوە، ڕاستە یاساکە چەند جارێك هەموار کراوەتەوە بەڵام بەدەگمەن ئەو هەموارکردنەوانەی لە یاساکەدا کراون هەموارکردنەوەی بابەتییانە و پێویست بوون و لەبەرژەوەندی کۆی پرۆسەکەدا بوون؛ بەڵکو زۆربەیان بە پاشخانی فیکری و ئایدۆلۆجی و لەبەرژەوەندی لایەنێکی تایبەتدا کراون، بەتایبەتی ئەو هەموارکردنەوانەی ئەم دواییەی کە لە هەرێمی کوردوستاندا بە پێی یاسای هەموارکردنەوەی ژمارە (١٥) ی ساڵی (٢٠٠٨) کران کە بەداخەوە بەنەفەسێکی فیمەنیستی مێگەرایەتی توندڕەو و دوور لە ڕۆحی یاسا و بنەماکانی دادوەری و بەرژەوەندی کۆی پرۆسەی خێزان کران.

بۆیە یاساکە لە ئێستادا لە هەموو کات زیاتر پێویستی بەهەموارکردنەوەیەکی سەردەمییانەیە لەسەر دەستی خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزای یاساناس و شەرع زان نەك کۆمەڵێك ڕێکخراو و ئافرەتی دەم هەراش و نەخوێندەوار کە زۆرێکیان لە ژیانی هاوسەرگیری خۆیاندا شکست خواردووبوون وسەرکەوتوو نەبوون.

## کۆتایی

پاش سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گەورە و درود و ڕەحمەت بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەری ئیسلام، لە کۆتایی باسەکەماندا گرنگترین دەرەنجام و ڕاسپاردەکانی ئەو بابەتانەی باسمان کردون لێرەدا دەخەینە ڕو.

سەرەتا لەدەرەنجامەکانەوە دەست پێ دەکەین بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- گرێبەستی هاوسەرگیری شەرعی وەك سەرجەم گرێبەستەکانی تر بنەما و مەرجی خۆی هەیە و بەبێ بوونی ئەو بنەما و مەرجانە گرێبەستەکە دانامەزرێت و ناڕواتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

٢- پرۆسەی هاوسەرگیری لە ئێستادا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتوە و کۆمەڵێك هاوسەرگیری لە ئێستادا سەریان هەڵداوە هیچ کامیان وەکو پێویست بنەما و مەرجە شەرعییەکانیان تێدا نییە ولەگەڵ بەها بالآکان یەك ناکەنەوە و هیچ کام لە مەبەست و ئامانجە شەرعییەکانیان تێدا نییە و مافی هاوسەرەکانیان تێدا وەکو پێویست ڕەچاو ناکرێت.

٣- هاوسەرگیری مسیار یەکێکە لەو هاوسەرگیرییانەی ماوەیەکی زۆرە نێوەندە شەرعی و زانستی و کۆمەلآیەتییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و پرۆسەکە خاڵی ئەرێنی و نەرێنیشی هەیە و هەر ئەوەیش وای کردوە بۆچونی زانایان دەربارەی جیاواز بێت و بە لە بەرچاوگرتنی کۆی دەقەکانی شەریعەت و ئامانجەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری و بنەما و مەرجەکانی و لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنییەکان و تایبەتمەندی بارودۆخی کوردوستان و سیستەمە یاسایی و کۆمەلآیەتیی و ئابووری و ئەخلاقییەکەی بۆچونی پەسەند ئەوەیە کە دەکرێت ڕێگە بەم هاوسەرگیرییە بدرێت بەلآم نەك بەڕەهایی بەڵکو بە کۆمەڵێك مەرج.

٤- هاوسەرگیری سیغە هاوسەرگیرییەکی کۆنە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام و حوکمی شەرع لەبارەیەوە ڕوونە کە حەرامە، بەلآم لە ئێستادا هەندێك کەس بەمەبەست دەیانەوێت ئەم هاوسەرگیرییە تێکەڵ بەهاوسەرگیرییەکانی تر بکەن و بەیەکیان بچوێنن و وای وێنا بکەن کە ئەم هاسەرگیرییەیش وەك مسیار وایە و یەك حوکمیان هەیە و بەمەیش بەرچاو لێڵی لای موسوڵمانان دروست بکەن و گومان

بخەنە دڵیانەوە و سنووری حەڵاڵ و حەرامیان لێ بشێوێنن، هەر بۆیە بەوردی قسەمان لەسەر حوکمی سیغە و بنەماو مەرجەکانی کرد و ڕونمان کردەوە کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان مسیار و سیغەدا هەیە و ناکرێت وەك یەك تەماشا بکرێن و یەك حوکمیان هەبێت، سیغە هیچ مەرج و بنەمایەکەی شەرعی تێدا نییە و لەدەیەها ڕووەوە خاڵی حەرام و یاساغی تێدایە و بەهیچ شێوەیەك دروست نییە.

٥- هاوسەرگیری بە مەبەستی جیابونەوە بەهەمان شێوە وەکو حاڵەت هەر لە کۆنەوە بوونی هەبووە و زۆرینەی زۆری زانایان ڕێگەیان پێداوە؛ بەڵام لە ئێستادا ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەچەندین فۆڕمی نوێدا سەری هەڵداوەتەوە و لە هەندێك شوێندا لە حاڵەتەوە بۆتە دیاردە و لە دیارترینی شێوازەکانی هاوسەرگیری (مسفار) و (مصیاف) ن و لە ئێستادا زانیانی هاوچەرخ بەهۆی لێکەوتە خراپەکانییەوە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵی نین و پێیان وایە بەهەر بیانو و لەژێر هەر ناوێکدا بکرێت حەرامە و دروست نییە ئەگەر چی زانایانی کۆنیش کاتی خۆی ڕێگەیان پێداوە بەڵام وەك ئاشکرایە فەتوا بە پێی کات و شوێن دەگۆڕێت و گۆڕانکاریش لە شێواز و مەبەست لێکەوتەدا گۆڕاناکاری بەسەر حوکمیشدا دێنێت.

٦- هاوسەرگیری نەریتی (عورفی) لە ئێستادا بە دوو جۆر هاوسەرگیری دەگوترێت، یەکەم: بەو هاوسەرگیرییەی کە هەموو بنەما و مەرجە شەرعییەکانی تێدایە و گشت ئەرك و مافەکانی هاوسەرگیری ئاسایی تێدایە و تاکە کێشەی ئەوەیە کە لە دادگا و بەشێوەیەکی یاسایی تۆمار نەکراوە و ئەوەیش هیچ کاریگەری خراپی لەسەر خودی پرۆسەکە دروست ناکات. دووەم: کە ئەمەیان شێوازی هاوسەرگیری عورفی ڕاستەقینەیە و بەو هاوسەرگیرییە دەگوترێت کە لە نێوان کچ و کوڕ یان ژن و پیاوێکدا بەشێوەیەکی نهێنی و کاتی ئەنجام دەدرێت بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی کەس و کاری هیچ کامیان و بەبێ بوونی شایەت و ماوەی مانەوەی هاوسەرەکان و شێوازی پێکەوە بوونیان پەیوەستە بەو ڕێکەوتنە کاتییەی نێوانیانەوە و بەتەواوبوونی ماوەی ڕێکەوتنەکە پرۆسەکەیش کۆتایی دێت و هاوسەرەکان لەیەکتر جیا دەبنەوە. سەبارەت بە حوکمی ئەم هاوسەرگیرییەیش زانایان بەکۆی دەنگ فەتوایان داوە کە ئەم هاوسەرگیرییە حەرامە و دروست نییە.

٧- هاوسەرگیری تێکەڵ: مەبەست لێی ئەو هاوسەرگیرییە کە لە نێوان شوێنکەوتە و هەڵگرانی ئاین و ئایدیا جیاوازەکاندا دەکرێت بەبێ جیاوازی. ناوەڕۆکی بیرۆکەکەیش لەناوەکەیدا دیارە کە مەبەست لێی سڕینەوەی هەموو جۆرە جیاوزییەکی ئایینی و ڕەگەزییە لە نێوان تاك و کۆمەڵگەکاندا و ڕێگەپێدانی پرۆسەی هاوسەرگیرییە بەڕەهایی بەو پێیەی کە هاوسەرگیری مافێکی تاکە کەسییە و خەڵکی خۆیان ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکانیاندا و هیچ ئاین یان یاسا یان کلتورێك بۆی نییە ئەو ئازادییەیان زەوت یان سنووردار بکات و بەگشتی پرۆسەکە لە ئێستادا دوو شێوازی هەیە: یەکەمیان: ئەوەیە کە پرۆسەکە لە نێوان پیاوێکی موسوڵمان و ئافرەتێکی ناموسوڵماندا ئەنجام بدرێت. دووەمیان: ئەوەیە کە لەنێوان ئافرەتێکی موسوڵمان و پیاوێکی ناموسوڵماندا ئەنجام بدرێت.

شێوازی یەکەم: هاوسەرگیری پیاوی موسوڵمان لە گەڵ ئافرەتی ناموسوڵمان تەنها لەگەڵ ئافرەتانی پێڕەوانی ئاینی مەسیحی و جولەکە دروستە کە لە زاراوە شەرعییەکاندا بە (أهل الكتاب) واتە: خاوەن پەڕتووکە ئاسمانییەکان ناوزەند دەکرێن ئەویش بەکۆمەڵێك مەرج نەك بە ڕەهایی.

شێوازی دووەمیش: هاوسەرگیری ئافرەتانی موسوڵمان لەگەڵ پیاوانی ناموسوڵمان، شوێنکەوتەی هەر ئاین و مەزهەب و ئایدیایەك بن جگە لە ئیسلام بەکۆی دەنگ دروست نییە و حەرامە.

سەبارەت بە ڕاسپاردەکانیش پێم خۆشە ئەم چەند خاڵە عەرز بکەم:

١- هاوسەرگیری پرۆژەیەکی شەرعی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤانەیە و چەندین مەبەست و ئامانجی پیرۆزی لە پشتەوەیە و پێویستە بەو چاوە تەماشا بکرێت نەك تەنها وەك ئامراِزێکی چێژ وەرگرتن و ئارەزووبازی.

٢- پێویستە هەموو ئاسانکارییەکی یاسایی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری شەرعی بکرێت و هیچ کۆسپ و لەمەپەرێك لە ڕێگەیدا دانەنرێت و ڕێگەی فرە ژنیش بە پێی پێودانگە شەرعییەکان بدرێت تا خەڵکی بیر لە ڕێگە چەوت و نەشیاو نەکەنەوە.

٣- پێداچونەوەیەکەی زانستی و بابەتی و سەردەمییانە بە دەقەکانی یاسای باری کەسێتیدا بکرێت تا گونجاو بێت لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆ و واقیعی کۆمەڵگە و لە ئاست

چارەسەری کێشەکانی خەڵك و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیاندا بێت ئەمەیش لەڕێگەی خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزاوە دەکرێت نەك خەڵکانی نەخوێندەوار و دەم هەراش.

٤- مامۆستایانی ئاینی بەشدار نەبن لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە پڕۆسانەدا و نەبنە بەشێك لەو واقیعە تاڵ و خراپە و پاندی ڕێکارەو شەرعییەکان بن و لێی لا نەدەن.

٥- ئافرەتان هۆشیاری خۆیان بن و بەم جۆرە هاوسەرگیرییانە فریو نەخۆن؛ چونکە جگە لە تێرکردنی ئارەزوویەکی کاتی هیچ ئەنجامێکی تری نابێت و سەرەنجام ئەوان باجی گەورە دەدەن و بەرکەوتەی یەکەمی زیانەکان ئەوانن.

٦- دەزگاکانی ڕاگەیاندن کار لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بکەن و زیانەکانی ئەو جۆرە هاوسەرگیرییانە و هاوشێوەکانیان بۆ خەڵکی بخەنە ڕوو تا لێیان بە ئاگا بن و نەکەونە ئەو هەڵانەوە.

لە کۆتاییدا ئەوەی لەم پەڕتووکەدا هاتووە بۆچون و قەناعەتی منە و هەوڵی تەواوی خۆمم خستۆتە گەڕ لە پێناو گەیشتن بەڕاستییەکان و گەیاندنیان وەکو خۆی و هەوڵیشم داوە بەبێ بەڵگە قسە نەکەم و لەهەر بابەتێکدا حەقم پێکابێت ئەوە لوتفی خوایە و فەزڵ و هیدایەت هی ئەوە، ئەگەریش هەڵەم کردبێت یان نەمپێکابێت ئەوە هەڵەی منە و لەکەم و کورتی خۆمەوەیە.

والسلام عليكم ورحمة الله و بركاته

پرۆفیسۆر

د. خالید موحەممەد صاڵح

ڕۆژی دوو شەممە: ١٩/محرم/١٤٤٢ - ٢٠٢٠/٩/٧

گەڕەکی هەواری زانکۆ- کاژێر: ٣-١٢ خولەکی پاش نیوەڕۆ

# پێرستی سەرچاوەکان

## پاش قورئانی پیرۆز.

## سەرچاوەکانی راڤەی قورئان:


١- البغوي- تفسير البغوي- .

٢- إبن تيمية- دقائق التفسير- مؤسسة علوم القرآن/ دمشق- ط١٤٠٤/٢- تحقيق: د. محمد السيد الجليند.

٣- الجصاص (أحمد بن علي الرازي)- أحكام القرآن- دار إحياء التراث العربي/ بيروت- ط/١٤٠٥- تحقيق: محمد الصادق قمحاوي.

٤- إبن الجوزي (عبد الرحمن بن علي)- زاد المسير في علم التفسير- المكتب الإسلامي/بيروت- ط١٤٠٤/٣.

٥- إبن كثير (إسماعيل بن عمر)- تفسير القرآن العظيم- دار الفكر/بيروت- ط/١٤٠١.

٦- الإمام الشافعي- أحكام القرآن-.

٧- الشوكاني (محمد بن علي بن محمد)- فتح القدير- دار الفكر/ بيروت.

٨- الطبري (محمد بن جرير)- تفسير الطبري (جامع البيان عن تأويل آي القرآن) - دار الفكر/ بيروت- ط/١٤٠٥.

٩- القرطبي (محمد بن أحمد)- تفسير القرطبي (الجامع لأحكام القرآن)- دار الشعب/ القاهرة- ط١٣٧٢/٢- تحقيق: أحمد عبد العليم.


## سەرچاوەکانی فەرموودە و راڤەکانی:


١٠- أحمد بن حنبل- المسند- مؤسسة قرطبة/ مصر.

١١- البخاري (محمد بن إسماعيل)- صحيح البخاري- دار إبن كثير/ بيروت- ط١٩٨٧/٣- تحقيق: مصطفى ديب البغا.

١٢- البيهقي (أحمد بن الحسين بن علي)- سنن البيهقي الكبرى- مكتبة دار الباز/ مكة المكرمة- تحقيق: محمد عبد القادر عطا.

١٣- الترمذي (محمد بن عيسى) - سنن الترمذي- دار إحياء التراث العربي/ بيروت- تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون.

١٤- إبن الجارود (عبد الله بن علي) — المنتقى- مؤسسة الكتاب الثقافية/ بيروت- ط١/١٩٨٨- تحقيق: عبد الله عمر البارودي.

١٥- إبن حبان (محمد بن حبان بن أحمد) - صحيح إبن حبان- مؤسسة الرسالة/ بيروت- ط٢/١٤١٤- تحقيق: شعيب الأرنؤوط.

١٦- إبن حجر العسقلاني (أحمد بن علي)- فتح الباري- دار المعرفة/ بيروت- تحقيق: محمد فؤاد ، محب الدين الخطيب.

١٧- الحاكم (محمد بن عبد الله)- المستدرك على الصحيحين- دار الكتب العلمية/ بيروت- ط١/١٩٩٠- تحقيق: مصطفى عبد القادر.

١٨- الدار قطني (علي بن عمر)- سنن الدارقطني- دار المعرفة/ بيروت- ط/١٩٦٦- تحقيق: عبد الله هاشم اليماني.

١٩- أبو داود (سليمان بن الأشعث)- سنن أبي داود- دار الفكر/ بيروت- تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد.

٢٠- سعيد بن منصور الخراساني- كتاب السنن- ص٢١٦- الدار السلفية/ الهند- ط١/١٩٨٢- تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي.

٢١- الصنعاني (محمد بن إسماعيل)- سبل السلام- دار إحياء التراث العربي/ بيروت- ط٤/١٣٧٩- تحقيق: محمد عبد العزيز.

٢٢- الطبراني (سليمان بن أحمد)- المعجم الكبير- مكتبة العلوم والحكم/ الموصل- ط٢/١٩٨٣- تحقيق: حمدي عبد المجيد السلفي.

٢٣- إبن عبد البر (يوسف بن عبد الله)- التمهيد- وزارة الأوقاف/ المغرب- ط/١٣٨٧- تحقيق: مصطفى أحمد ، محمد عبد الكبير.

٢٤- عبد الرؤوف المناوي- فيض القدير شرح الجامع الصغير- المكتبة التجارية الكبرى/ مصر- ط١/١٣٥٦.

٢٥- المباركفوري (محمد عبد الرحمن)- تحفة الأحوذي - دار الكتب العلمية/ بيروت.

٢٦- إبن ماجة (محمد بن يزيد)- سنن إبن ماجة- دار الفكر/ بيروت- محمد فؤاد.
٢٧- محمد شمس الحق العظيم آبادي- عون المعبود شرح سنن أبي داود- دار الكتب العلمية/ بيروت- ط٢/١٤١٥.
٢٨- مسلم (مسلم بن الحجاج) – صحيح مسلم- دار إحياء التراث العربي/ بيروت- تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي.
٢٩- النووي (يحيي بن شرف النووي) - شرح النووي على صحيح مسلم- دار إحياء التراث العربي/ بيروت- ط٢/ ١٣٩٢.
٣٠- الهيثمي (علي بن أبي بكر)- مجمع الزوائد- دار الكتاب العربي/ بيروت- ط/١٤٠٧.

## سەرچاوەکانی فیقهی ئیسلامی:

### أ- فیقهی حەنەفی:

٣١- إبراهيم بن محمد- لسان الحكام- طبعة البابي الحلبي/ القاهرة- ط٢/١٩٧٣.
٣٢- الحصفكي- الدر المختار- دار الفكر/ بيروت- ط٢/١٣٨٦.
٣٣- السرخسي (محمد بن أبي سهل)- المبسوط- دار المعرفة/ بيروت- ط/١٤١٦.
٣٤- السمرقندي (محمد بن أحمد)- تحفة الفقهاء- دار الكتب العلمية/ بيروت- ط١/١٤٠٥.
٣٥- السيواسي (محمد بن عبد الواحد)- شرح فتح القدير- دار الفكر/ بيروت- ط٢.
٣٦- إبن عابدين (محمد أمين) - حاشية إبن عابدين- دار الفكر/ بيروت- ط٢/١٣٨٦.
٣٧- الكاساني (علاء الدين الكاساني)- بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع- دار الكتاب العربي/ بيروت- ط٢/١٩٨٢.
٣٨- محمد بن أحمد- تحفة الفقهاء- دار الكتب العلمية/ بيروت- ط١/ ١٤٠٥.
٣٩- محمد بن الحسن الشيباني- الحجة- ج٣/ص٢٢٢- عالم الكتب/ بيروت- ط٣/١٤٠٣- تحقيق: مهدي حسن الكيلاني.
٤٠- المرغيناني (علي بن أبي بكر)- بداية المبتدى- مطبعة محمد علي/ القاهرة- ط١/١٣٥٥.
٤١- المرغيناني- الهداية شرح بداية المبتدى- المكتبة الإسلامية/ بيروت.

٤٢- إبن نجيم (زين بن إبراهيم) - البحر الرائق شرح كنز الدقائق- دار المعرفة/ بيروت.

## ب- فیقهی مالیکی:

٤٣- أبو الحسن المالكي- كفاية الطالب- دار الفكر/ بيروت- ط/١٤١٢- تحقيق: يوسف الشيخ محمد البقاعي.

٤٤- الحطاب (محمد بن عبد الرحمن)- مواهب الجليل- دار الفكر/ بيروت- ط٢/١٣٩٨.

٤٥- الدردير (سيدي أحمد الدردير) - الشرح الكبير- دار الفكر/ بيروت- محمد عليش.

٤٦- الدسوقي (محمد بن عرفة)- حاشية الدسوقي- دار الفكر/ بيروت- تحقيق: محمد عليش.

٤٧- إبن رشد القرطبي (محمد بن أحمد) - بداية المجتهد ونهاية المقتصد- دار الفكر/ بيروت.

٤٨- الزرقاني (محمد بن عبد الباقي)- شرح الزرقاني على موطأ الإمام مالك- دار الكتب العلمية/ بيروت- ط/١٤١١.

٤٩- صالح عبد السميع - الثمر الداني شرح رسالة القيرواني- المكتبة القافية: بيروت.

٥٠- الصاوي- حاشية الصاوي على الشرح الصغير.

٥١- العدوي (علي الصعيدي العدوي المالكي)- حاشية العدوي- دار الفكر/ بيروت- ط/١٤١٢- تحقيق: يوسف محمد البقاعي.

٥٢- الإمام مالك- الموطأ - دار إحياء التراث العربي/ مصر- تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي.

٥٣- المواق (محمد بن يوسف) — التاج والإكليل شرح مختصر خليل- دار الفكر/ بيروت- ط٢/١٣٩٨.

٥٤- النفراوي (أحمد بن غنيم بن سالم)- الفواكه الدواني- دار الفكر/ بيروت- ط/١٤١٥.

### ج- فیقهی شافیعی:

٥٥- البجيرمي (سليمان بن عمر)- حاشية البجيرمي- المكتبة الإسلامية/ ديار بكر.

٥٦- الرملي- غاية البيان شرح زيد ابن رسلان- دار المعرفة/ بيروت.

٥٧- الدمياطي (السيد البكري بن محمد السيد شطا)- إعانة الطالبين- دار الفكر/ بيروت.

٥٨- الشافعي (محمد بن إدريس)- الأم- دار المعرفة/بيروت- ط١٣٩٣/٢.

٥٩- الشيرازي (إبراهيم بن علي بن يوسف)- - التنبيه- عالم الكتب/ بيروت- ط١٤٠٣/١- تحقيق: عماد الدين أحمد حيدر.

٦٠- الشيرازي (إبراهيم بن علي بن يوسف)- المهذب - دار الفكر/ بيروت.

٦١- الغزالي (محمد بن محمد بن محمد) — الوسيط- دار السلام/ القاهرة- ط١٤١٧/١- تحقيق: أحمد محمود، محمد محمد تامر.

٦٢- محمد الشربيني الخطيب- الإقناع في حل ألفاظ أبي شجاع-دار الفكر/ بيروت- ط/ ١٤١٥- تحقيق: مكتب البحوث.

٦٣- محمد الشربيني الخطيب- مغني المحتاج- دار الفكر/ بيروت.

٦٤- النووي (يحيى بن شرف النووي)- روضة الطالبين وعمدة المفتين- المكتب الإسلامي/ بيروت- ط١٤٠٥/٢.

٦٥- النووي (يحيى بن شرف النووي)- منهاج الطالبين- دار المعرفة/ بيروت.

### ث- فیقهی حەنبەلی:

٦٦- البهوتي (منصور بن إدريس)- كشاف القناع- دار الفكر/ بيروت- ط/١٤٠٢- تحقيق: هلال مصيلحي مصطفى.

٦٧- إبن تيمية (أحمد بن عبد الحليم)- الفتاوى الكبرى- دار المعرفة/ بيروت- ط١/ ١٣٨٦- تحقيق: حسنين محمد مخلوف.

٦٨- إبن تيمية (أحمد بن عبد الحليم)- كتب ورسائل وفتاوى إبن تيمية- مكتبة إبن تيمية- تحقيق: محمد عبد الرحمن قاسم.

٦٩- إبن تيمية (أحمد بن عبد الحليم)- مجموع الفتاوى.

٧٠- الخرقي (عمر بن حسين)- مختصر الخرقي- المكتب الإسلامي/بيروت- ط١٤٠٣/٣- تحقيق: زهير الشاويش.

٧١- إبن ضويان (إبراهيم بن محمد بن سالم)- منار السبيل- مكتبة المعارف/ الرياض- ط١٤٠٥/٢- تحقيق: رياض القلعجي.

٧٢- إبن قدامة (عبد الله بن أحمد)- المغني- دار الفكر/ بيروت- ط١٤٠٥/١.

٧٣- إبن قدامة (عبد الله بن أحمد) — الكافي في فقه إبن حنبل- المكتب الإسلامي/ بيروت- ط١٩٨٨/٥- تحقيق: زهير الشاويش.

٧٤- إبن القيم (محمد بن أبي بكر)- أحكام أهل الذمة- دار ابن حزم/ بيروت - ط١٤١٨/١- تحقيق: يوسف أحمد، شاكر توفيق.

٧٥- إبن القيم (محمد بن أبي بكر)- إعلام الموقعين عن رب العالمين- دار الجيل/ بيروت- ط/١٩٧٣- تحقيق: طه عبد الرؤوف.

٧٦- المرداوي (علي بن سليمان المرداوي)- الإنصاف- دار إحياء التراث العربي/ بيروت- تحقيق: محمد حامد الفقي.

٧٧- مرعى بن يوسف الحنبلي- دليل الطالب- المكتب الإسلامي/ بيروت- ط١٣٨٩/٢.

٧٨- إبن مفلح (إبراهيم بن محمد)- المبدع- المكتب الإسلامي/ بيروت- ط/١٤٠٠.

٧٩- أبو النجا المقدسي (موسى بن أحمد)- زاد المستقنع- مكتبة النهضة/ مكة المكرمة- تحقيق: علي محمد عبد العزيز.

د- فیقهی ظاهیری:

٨٠- إبن حزم الظاهري (علي بن أحمد بن سعيد)- المحلى- دار الآفاق الجديدة/ بيروت- تحقيق: لجنة إحياء التراث العربي.

هـ- فیقهی زەیدی:

٨١- الشوكاني (محمد بن علي) - السيل الجرار- دار الكتب العلمية/ بيروت- ط١٤٠٥/١- تحقيق: محمود إبراهيم زايد.

٨٢- الشوكاني (محمد بن علي) - نيل الأوطار- دار الجيل/ بيروت- ط/١٩٧٣.

و- فیقهی ئیباضي:

٨٣- محمد بن يوسف اطفيش- شرح كتاب النيل وشفاء العليل- مكتبة الإرشاد/ جدة- ط٣/١٤٠٥- ١٩٨٥.

## ز- فیقهی جەعفەری:

٨٤- إبن إدريس الحلي (جعفر بن محمد بن منصور)- السرائر- مؤسسة النشر الإسامي/ قم- ط٢/١٤١٠- تحقيق: لجنة تحقيق.

٨٥- المحقق البحراني- الحدائق الناظرة- جماعة المدرسين/قم- تحقيق: محمد تقي.

٨٦- إبن البراج (عبد العزيز بن البراج الطرابلسي)- المهذب- جامعة المدرسين- قم- ط/١٤٠٦- تحقيق: الشيخ السبحاني.

٨٧- الحلي (الحسن بن يوسف بن المطهر) - تحرير الأحكام- مطبعة طوس/ مشهد.

٨٨- الحلي (الحسن بن يوسف)- مختلف الشيعة في أحكام الشريعة- ط١/١٤١٢- التحقيق: مؤسسة النشر الإسلامي.

٨٩- إبن حمزة الطوسي (محمد بن علي) - الوسيلة إلى نيل الفضيلة- مطبعة الخيام/ قم- ط١/١٤٠٨- تحقي: محمد الحسون.

٩٠- الخميني- تحرير الوسيلة- مطبعة الآداب/ النجف- ط٢/١٣٩٠.

٩١- العاملي (الشهيد الثاني) - مسالك الأفهام - مؤسسة المعارف الإسلامية- ط١/١٤٠٦.

٩٢- إبن زهرة الحلبي- غنية النزوع إلى علمي الأصول والفروع- تحقيق: إبراهيم البهادري- مطبعة الإعتماد/ قم - ط١/١٤٠٧.

٩٣- الشريف المرتضى(علي بن الحسين)- الإنتصار- مؤسسة النشر الإسلامي/ قم- ط١/١٤١٥- تحقيق: مؤسسة النشر الإسلامي.

٩٤- الشريف المرتضى- رسائل المرتضى- مطبعة سيد الشهداء/ قم- ط/ ١٤٠٥.

٩٥- الشهيد الثاني (زين الدين الجبعي العاملي)- الروضة البهية شرح اللمعة الدمشقية- مطبعة أمير/ قم- ط١/١٤١٠.

٩٦- أبو الصلاح الحلبي- الكافي- ط/ ١٤٠٣- تحقيق: الشيخ رضا أستادي.

٩٧- الطوسي (أبو جعفر محمد بن الحسن)- الخلاف- ط١/١٤١٧- مؤسسة النشر الإسلامي- قم.

٩٨- الطوسي- المبسوط في فقه الإمامية- المكتبة المرتضوية/ طهران- تحقيق: محمد تقي.

٩٩- الطوسي- النهاية في مجرد الفقه والفتاوي - دار الأندلس/ بيروت.

١٠٠- علي بن بابويه- فقه الرضا- ط١/١٤٠٦- تحقيق: مؤسسة آل البيت.

١٠١- علي بن محمد القمي- جامع الخلاف والوفاق بين الإمامية وبين أئمة الحجاز والعراق - تحقيق: حسين الحسني البيرجندي- مطبعة باسدار إسلام- ط١.

١٠٢- إبن فهد الحلي (أحمد بن محمد بن فهد) - المهذب البارع في شرح المختصر النافع- تحقيق: مجتبى العراقي.

١٠٣- المحقق الكركي (علي بن الحسين)- جامع المقاصد في شرح القواعد- مؤسسة آل البيت/ قم- ط١/١٤٠٨.

١٠٤- الكلبايكاني (محمد رضا الموسوي)- هداية العباد- مطبعة قم/ إيران- ط١/١٤١٣.

١٠٥- لطف الله الصافي- هداية العباد- مطبعة سبهر/ ط١/١٤١٦.

١٠٦- المجلسي (محمد باقر المجلسي)- بحار الأنوار الجامعة لدرر أخبار الأئمة الأطهار- مؤسسة الوفاء/ بيروت- ط٢/١٤٠٣.

١٠٧- محمد صادق الروحاني- فقه الصادق- مؤسسة دار الكتاب/ قم- ط٣/١٤١٤.

١٠٨- محمد صادق الروحاني- منهاج الصالحين- مكتبة الألفين- مطبعة مهر/ قم- ط ٢٨/١٤١٠.

١٠٩- المفيد (محمد بن محمد)-خلاصة الإيجاز في المتعة- تحقيق: علي أكبر زماني نـزاد.

## ح- فیقهی هاوچەرخ:

١١٠- السيد سابق- فقه السنة- دار الكتاب العربي/ بيروت — ط٨/١٩٨٧.

## سەرچاوەکانی بنەماکانی فیقهی ئیسلامی:

١١١- الزركشي (محمد بن بهادر)- المنثور- وزارة الأوقاف والشؤون الإسلامية/ الكويت- ط٢/١٤٠٥- تحقيق: تيسير فائق أحمد.

١١٢- الشاطبي (إبراهيم بن موسى اللخمي)- الموافقات في أصول الشريعة- دار

المعرفة/ بيروت- تحقيق: عبد الله دراز.

١١٣- الشوكاني- إرشاد الفحول إلى تحقيق علم الأصول- دار الفكر/ بيروت- ط١/١٤١٢- تحقيق: محمد سعيد البدري.

١١٤- مصطفى إبراهيم الزلمي- أصول الفقه الإسلامي في نسيجه الجديد- ط٦/مطبعة أوفسيت/ أربيل.

## سەرچاوەکانی یاسا:

١١٥- صباح صادق الأنباري- قانون الأحوال الشخصية العراقي- رقم (١٨٨) لسنة (١٩٥٩)- ط٧/١٩٩٩.

## سەرچاوەکانی زمانی عەرەبی:

١١٦- الجوهري (إسماعيل بن حماد)- كتاب الصحاح- دار العلم للملايين/بيروت- ط٤/١٤٠٧- تحقيق: أحمد عبد الغفور.

١١٧- الزبيدي (محمد مرتضى الزبيدي)- تاج العروس من جواهر القاموس- مكتبة الحياة/ بيروت.

١١٨- الفراهيدي (الخليل بن أحمد)- العين- مؤسسة دار الهجرة/ إيران- تحقيق: د. مهدي المخزومي، د. إبراهيم السامرائي.

١١٩- إبن منظور (محمد بن مكرم) - لسان العرب- ط١/١٤٠٥- دار إحياء التراث العربي/ بيروت.

## سەرچاوەکانی تر:

١٢٠- عبد العزيز بن عبد الله بن باز- مجموع فتاوى ومقالات ابن باز- الرئاسة العامة للبحوث العلمية والإفتاء.

١٢١- فتاوى الأزهر- الفتوى صدرت بتأريخ: ١٨/١٠/١٩٧٨.

١٢٢- فتاوى قطاع الإفتاء بالكويت- السؤال (٢١٢٨).

١٢٣- إبن القيم (محمد بن أبي بكر)- زاد المعاد في هدي خير العباد- ط١٤/ ١٤٠٧- مؤسسة الرسالة/ بيروت- تحقيق: شعيب الأرناؤوط، عبد القادر الأرناؤوط.

١٢٤- مجلة البحوث الفقهية- العدد (٣٦)، السنة التاسعة، رجب – شعبان – رمضان،

١٤١٨هـ.

١٢٥- مجلة الفرقان- عدد ٤٥٩- تأريخ: ٢٠٠٧/٩/١٠.

١٢٦- مجلة مجمع الفقه الإسلامي- ع٩/ ج٣/ص٥.

١٢٧- عبد الرحمن ناصر- مقال بعنوان: الراقصون على آلام أخواتهم- تأريخ: الثلاثاء ١١ شوال ١٤٢٨هـ الموافق ٢٣ أكتوبر ٢٠٠٧م. موقع الأستاذ عبد الرحمن ناصر السعيد.

١٢٨- فاطمة الصمادي- مقال بعنوان: الزواج العرفي في الأردن قصص وشهادات- تأريخ نشر المقال: ٢٠٠٢/٢/٧.

١٢٩- شبكة المعلومات الدولية- موقع الدكتور يوسف القرضاوي- العلاقات الإجتماعية/ بحث حول حكم زواج المسلم من الكتابيات.

١٣٠- شبكة المعلومات الدولية- موقع الكاتب والمفكر الإسلامي- أرشيف الأسئلة والأجوبة- وقد ورد هذا الكلام بتأريخ: ٢٠٠٤/١/٢٦.

١٣١- شبكة المعلومات الدولية- شبكة المشكاة الإسلامية/ بيان مجمع الفقه الإسلامي حول أفكار الترابي.

١٣٢- شبكة المعلومات الدولية- موقع إسلام أون لاين- صفحة الدكتور صلاح الصاوي.

١٣٣- شبكة المعلومات الدولية- الشيخ عبد الكريم مطيع الحمداوي/ مقال بعنوان - زواج المسلمة من غير المسلم يهوديا أو نصرانيا أو مشركا حرام.

١٣٤- شبكة المعلومات الدولية: موقع الشيخ عبد الله الخطيب: http://www.alkhateeb.net

١٣٥- موقع: http://www.egypty.com/lelkebar/issue.

١٣٦- موقع: http://arb٣.maktoob.com

١٣٧- موقع: http://www.almosleh.com

١٣٨- موقع: http://www.aefaf.com

١٣٩- موقع: http://www.mor٣ ben.com

١٤٠- موقع: http://www.islamonline.net

١٤١- موقع: http://www.zawjan.com

١٤٢- موقع: http://www.asyeh.com

# پێڕستی بابەتەکان

بابەت لاپەڕە
پێشەکی ..... ٢
باسی یەکەم: گرێبەستی هاوسەرگیری ..... ٥
یەکەم: پێناسە ..... ٥
دووەم: بنەما و مەرجەکان ..... ٦
باسی دووەم: هاوسەرگیری مسیار ..... ٢٧
یەکەم: پێناسە ..... ٢٧
دووەم: هۆکار و پاڵنەرەکان ..... ٢٨
سێیەم: خاڵە ئەرێنییەکان ..... ٣٠
چوارەم: خاڵە نەرێنییەکان ..... ٣٠
پێنجەم: بۆچونی زانایان ..... ٣٣
باسی سێیەم: هاوسەرگیری سیغە (المتعة) ..... ٤٨
یەکەم: پێناسە ..... ٤٩
دووەم: گەورەیی و پاداشت ..... ٤٩
سێیەم: شێوازی ئەنجامدان ..... ٥٠
چوارەم: گرنگترین حوکمەکان ..... ٥٢
پێنجەم: خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی نێوان هاوسەرگیری مسیار و سیغە ..... ٦٠
باسی چوارەم: هاوسەرگیری بە مەبەستی جیابونەوە (تەڵاق) ..... ٦٥
یەکەم: پێناسە ..... ٦٥
دووەم: شێوازەکان ..... ٦٥
سێیەم: خاڵە هاوبەش و جیوازەکان ..... ٦٦
چوارەم: بۆچونی زانایان ..... ٦٧

باسی پێنجەم: هاوسەرگیری نەریتی (عورفی)........................................ ٨٠
یەکەم: پێناسە و شێواز........................................................................ ٨٠
دووەم: هۆکار و پاڵنەر........................................................................ ٨٢
سێیەم: بۆچونی زانایان........................................................................ ٨٣
باسی شەشەم: هاوسەرگیری تێکەڵ (الزواج المختلط)................................ ٨٨
یەکەم: پێناسە.................................................................................. ٨٩
دووەم: حوکمی هاوسەرگیری کردن لە نێوان پیاوانی موسوڵمان و ئافرەتانی نا موسوڵماندا........................................................................ ٩٠
سێیەم:مەرجەکانی هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی مەسیحی و جولەکە. ٩٩
چوارەم: حوکمی هاوسەرگیری کردن لە نێوان پیاوانی نا موسوڵمان و ئافرەتانی موسوڵماندا........................................................................ ١٠٦
پێنجەم: هۆکاری جیاوازی نێوان حوکمی هاوسەرگیری کردنی پیاوی موسوڵمان و ئافرەتی موسوڵمان لەگەڵ خەڵکانی نا موسوڵماندا.................................. ١٢٣
کۆتایی........................................................................................... ١٢٩
پێڕستی سەرچاوەکان.......................................................................... ١٣٣
پێڕستی بابەتەکان............................................................................. ١٤٣



# پرۆسەی
# هاوسەرگیرییە هاوچەرخەکان

خوێندنەوەیەکی شەرعیی و یاساییانە